كۆماری عێراق
وەزارەتی پەروەردە

# خوێندنەوەی بەسوود

بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی



ZKT
Xwêndinewey be sûd

کۆماری عیراق
وەزارەتی پـەروەردە

# خوێندنەوەی بە سوود

## بۆ پـۆلی چوارەمی سەرەتایی

دانـــانی

د . مجید ابراهیم دمعه　د . کمال نشات　شذا زاهد محمد صالح
د . قحطان رشید صالح　حمید مخلف احمد　عبدالجبار کاظم العاشور
و کەسانی تر .

لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە
لە عەرەبی‌یەوە وەریان گێراوە

Eml

چاپی (الطبعة) ١٠　سالی ١٩٨٩ ز ــ ١٤٠٩ ك

لە چاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپ کراوە

ئەی قوتابیی خۆشەویست ..

ئەم کتێبەی لەبەردەستایە دیاریی شۆڕشە بۆ تۆ، جا پاراستنی کتێبەکە نموونەی وەفاداریی تۆیە بەرامبەر بە شۆڕش، تۆیش شایانی وەفاداریت.

سەرپەرشتی چاپ :- کریم مولود

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

قوتابیی خۆشەویستم‌و مامۆستای برام

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتابە بۆ خوێندنەوەو سوود لێ‌وەرگرتنە . ئەمەش ـ جگە لەوەی ئاشان‌و لەبارە ـ لە ئەنجام‌و مەبەستەکانی‌دا دەوڵەمەندەو باس‌و بابەتی جۆربەجۆری تیادایەو بە زمانێکی پاراوو لەسەر شێوەیەکی ئاسان داڕێژراوە ، لە داهێنان‌و هێنانە بەرهەمیدا بابەتەکانی پەیڕەوە بڕیاردراوە نوێ‌یەکەمان خستوەتە بەرچاو هەروەها ڕادەی قوتابیانی ئەم پلەیەمان مەبەست بووە بۆیە هەوڵمان داوە زوربەی زۆری بابەتەکان لە شێوەی چیرۆك یان گفتوگۆکردندا دابڕێژین تاوەکو لەگەل هەست‌و ئارەزوی ئەم قۆناخە فێرکردنەدا ڕێك بکەوێت‌و هانی بدات بەبەر خوێندنەوەی ئەو بابەتە ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی‌و زانستی‌و نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌یانەی کە لەم کتێبەدا هەیە ، هەروەها لە کاتی پێشکەش کردنی بابەتەکاندا ڕێبازێکی نوێمان گرتوەتەبەر ئەویش ئاراستەکردنی قوتابی‌یە بەرەو ئامانجەکانی نەتەوەمان لەم سەردەمە شۆڕشگێڕی‌یەدا . هەروەها لەم کتێبەدا بە ئارەزوو ئارەزۆکی هەموو بابەتەکانمان بە دوورودرێژی لێك نەداوەتەوە بەڵکو ئەم ئەرکەمان بۆ برا مامۆستاکانمان بەجێ‌هێشتوە تاوەکو ئەو پرسیارو داخوازی‌یانەی لای قوتابیان گران بێت بۆیان لێك بدەنەوە بەمەش ڕۆحێکی زیندوو دەخرێتەبەر بابەتەکان‌و پەیوەندی‌و تێکەڵاوی نێوان مامۆستاو قوتابیان بەهێزتر دەبێت .

لە یەزدان دەخوازین ئەرکی سەرشانمان هێنابێتە جێ‌و توانیبێتمان ئامانجی پێ‌گەیاندن‌و فێرکردنی ڕۆڵە قوتابی‌یەکانمان جێ‌بەجێ کردبێت . هومێدەوارین بەم کتێبە یارمەتی‌یەکی مامۆستایانی هاوپیشەمان دابێت بۆ بەجێ‌هێنانی ئەرکەکانی پەروەردەیی‌و فێرکردن ، خوا گوێی لێمانەو بە فریامان دەگات .

دانەرەکان

# لە قورئانی پیرۆزەوە

## چاکەکردن لەگەڵ باوکو دایکـدا

بِرُّ الوالدين

وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ صدق الله العظيم

من سورة الإسراء

لە سورەی ( الاسراء )

### لێکدانەوەی ووشەکـان :

قَضىٰ : فەرمانی داوە

يَبْلُغَنَّ الكِبر : کە لە تەمەندا گەورە دەبن •

أُفٍّ : قسەی ناشیرین •

لاتنهرهما : قسەی ڕەقیان لەگەڵ مەکە •

اخفض لهما جناح الذل : دڵنەوایی‌یان بکەو لە قسەیان دەرمەچۆ •

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ خوای گەورە چ فرمانێکی پێ‌سپاردوین ؟

٢ ـ چ نزایەك بۆ باوكو دایكت دەكەیت ؟

٣ ـ كە هەردووكیان گەورەبوون هەڵوێستت لەگەڵیاندا چۆن دەبێت ؟

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەوشتی سەرلێکتردان

## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا
وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ
(٢٧) فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ
لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا
تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٢٨) من سورة النور

( لە سورەی ـ النور ـ )

شی کردنەوە :

لەم ئایەتانەدا خوای گەورەو میهرەبان فێـری ڕەوشتی سەرلێکتردانمان دەکات چونکە ئەم ڕەوشتە سوودێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی هەیە کە بەختیـاریو خۆشیو ڕێزگرتنمان دەخاتە دەست ، سیروان لەگـەڵ باوکیدا جاربەجار کە دەچوونە سەردانی خزمو دراوسێو

هاوڕێکانیان ئەم ڕەوشتەیان بەجێ دەهێنا ، هەرکە دەگەیشتنە دەرماڵی یەکێکیان لەسەرخۆ لە دەرگاکەیان دەداو چاوەڕێیان دەکرد تاوەکو خاوەنماڵ بێتە دەرەوە ، ئنجا سڵاویان لێدەکردو ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی دەدانەوەو دەستی دەگوشینو فەرمووی لێدەکردن ئەوسا دەچوونە ژوورەوەو دەستیان دەکردە گفتوگۆکردن ، خاوەنماڵ چای یان شیرینی دەخستە بەردەمیان ، ئەو سەردانە زۆری نەدەخایاند پاش ئەوە دوعاخوازی‌یان لە خاوەنماڵ دەکرد ئەویش بۆ ئەم سەردانە خۆشەیان سوپاسی دەکردنو تا بەر دەرگا بەڕێی دەخستن .

بۆ سەردانەکانیان کاتی گونجاویان هەڵدەبژارد یان ئەوەتا پاش نوێژی دوای نیوەڕۆ ، یان پاش نوێژی شێوان ، لە بەرەبەیانو شەوێکی درەنگو کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ نەدەچوونە سەردان چونکە ئەو کاتانە تەرخان کراون بۆ حەسانەوەو نانی نیوەڕۆ خواردنی خێزان .

هەر بەپێی ئەم ڕەوشتەش سیروانو باوکی پێشوازی‌ی میوانەکانیان دەکردو بەگەرمی‌یەوە بەڕێیان دەخستن .

### لێکدانەوەی ووشەکان :

یا أیها الذین آمنوا : ئەی موسوڵمانەکان .
تستأنسوا : ئیزنیان لێ بخوازن .
أزکی لکم : بۆ ئێوە چاکترە .
ڕەوشت : کردەوە . ئەدەب .
زۆری نەدەخایاند : زۆری پێ نەدەچوو .

نانی نیوەڕۆ :  خواردنی نیوەڕۆ ٠ نیوەڕۆژە ٠ فراڤین ٠

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ ئایا سەردانی خزم و دراوسێ چی سودێکی کۆمەلایەتی هەیە ؟

٢ ـ ئایا بۆ سەردان کاتی گونجاو هەیە ، ئەو کاتە کامەیە ؟

٣ ـ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە :

« یا أیها الذین آمنوا .............. غیر .............. حتی تستأنسوا ............ علی أهلها ذلکم خیر لکم لعلکم تذکرون ، فان لم ......... فیها ......... فلا ........... حتی یؤذن لکم » ٠



# لە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوە

## « بەزەیی هاتنەوە بە گیان لەبەردا »



ڕۆژێك سەردار لەگەڵ باوکیدا دەگەڕایەوەماڵەوە ، بینی وا چەند منداڵە ووردکە لە دەوز تووتکە سەگێکدا کۆبونەتەوەو خەریکن بەردی تێدەگرن ، تووتکەکەش بە دەم ئێشو ئازارەوە دەوەڕێت ، منداڵەکانیش قاقاپێدەکەنن .

باوکی سەردار ووتی : ڕۆلەکانم دەست لەم کارە ناڕەوایە هەڵبگرن. کە منداڵەکان گوێیان لەم قسەیە بوو بڵاوەیان لێکرد باوکی سەرداریش تووتکەکەی بردە ماڵی خۆیانو داوای لە سەرداری کوڕی کرد بەزەیی پێدابێتەوەوخواردنو خواردنەوەی بداتێ ، سەردار فرمانەکەی باوکی بە تەواوەتی بەجێهێنا ، باوکی گەڕایەوە پێی ووت :

ڕۆڵەم ، سەردار ، گیانلەبەریش وەك ئادەمیـزاد هەست بە برسێتیو تینوێتـیو ئـازاردان دەکـات ، هەرکەسێك بێتو ئازاری گیانلەبەرێك بدات ئەوا وەك ئەو ئافرەتە سزادەدرێ کـە ئازاری پشیلەکـەی خۆی دابـوو .

سەردار : بەڵێ ، ئەی باوکی خۆم ، ئێمە لە کتێبی پەروەردەی ئیسلامی ، لە باسی بەزەیی هاتنەوە بەگیان لەبەردا خوێندوومانە کە پێغەمبەر دووردی خوای لێ بێت فەرموویەتی « جارێك ئافرەتێك بەوە خرایە دۆزەخەوە کە پشیلەکەی خۆی لە ژوورێکدا بەندکردو دەرگـای لێ نەکردەوە تاوەکو ئەو بەستەزمانە لەبرسانا مرد » .

باوك : دەمخۆش سەردار ، ئیسلام ئاینی بەزەیـی پێداهاتنەوەیە ، ئەم ئـاینە پاڵمان پێوە دەنێت تـاوەکو بەزەییمان بە گیانلەبەردا بێتەوە ، خواردنیان بدەینێو ئازاریان نەدەین ، چونکە گیانلەبەر زینـدەوەرێکـی بێدەستەڵاتە ، بەزەیی پێداهاتنـیان نیشـانـەی خوڕەوشتی چاکە بەمەش خوا لە ئادەمیزاد خـۆش دەبێتو لێیدەبووڕێـت .

سەردار : باوەگیان ، ئایا ڕووداوێك لەسەر ئەمـە هەیـە ؟

باوك : بەڵێ ، لەپێغەمبەرەوە ( د.خ ) دەگێڕنـەوە دەڵێـن جارێك کابرایەك بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت ، لەو ڕێگایە تینوێتی کاری لێدەکات ، چاوی بەبیرە ئاوێـك دەکەوێت ، دادەبەزێتە ناو بیرەکەوەو تێـر ئـاوی لێدەخواتەوە ، کە دێتە دەرەوە دەبینێت وا سەگێـك لە تینوانەدا هەناسە بڕکێی پێکەوتووەو لووت لە خۆڵ دەژەنێت .

هەواڵنامەی کتێب

... پیاوەکە ووتی : بەخوا ئەوی بەنهەومددا هاتبوو وا بە سەر ئەم سەگەشدا هاتووە ، چوو دابەزی‌یەوە ناو بیرە ئاوەکەوەو پێڵاوەکەی پڕکرد لە ئاوو بە ددانەکانی هەڵیگرت تا سەرکەوتە سەرێو سەگەکەی تێر ئاوکرد . خوا بەم کردەوەیە سوپاسی لێ کردو لە گوناهی خۆش بوو .

جارێك لە پێغەمبەریان پرسی (ئایا بە بەزەیی‌هاتن بە گیان‌لەبەردا چیمان دەست دەکەوێت ؟ ) وەڵامی دانەوەو ووتی « بە چاکەکردن‌و بە زەیی‌هاتنەوە بە هەر گیان لەبەرێکدا خێریکتان دەست دەکەوێت . » .

لێکدانەوەی ووشەکان :

بەزەیی هاتنەوە : سگ‌پێ‌سووتان .

سزا : جەزا .

ناڕەوا : ناهەق ، حەرام .

دۆزەخ : جەهەنەم .

گیان‌لەبەر : حەیوان .

دەست‌هەڵگرتن : وازلێ‌هێنان .

١ ــ ئایا سزای ئەو کەسە چی‌یە کە گیان‌لەبەرێك ئازار بـدات ؟

٢ ــ بۆچی ئاینی ئیسلام داوای ئەوەی کردوە کە ئازاری گیان‌لەبەر نەدرێـت ؟

٣ ــ بەسەرهاتی ئەو ئافرەتە بگێڕەوە کـە پشیلەکـەی خۆی ئازاردا ؟

زاڵ بوون بەسەر نەخوێندەواری، زاڵ بوونە بەسەر هەژاریو نەزانینو نەخۆشی .

هەواڵنامەی کتێب

# لەفەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوە

## هـــاریکاری



جارێکیان پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێـت لەگەڵ سێ کەس لە یارانیدا لـە گەشت و گوزارێکـدا بوون ، بۆ حەسانەوە دانیشتن، هەستیان بـە برسێتی کردو ویستیان خواردنێك بۆ خۆیان ئـامـادە بکـەن .

لەناو خۆیاندا بەم جۆرە کارەکـەیان دابەش کـرد :

هەندێکیان گۆشت ووردبکەن ، هەندێکی تریان نـان بکەن ، هەندێکیشیان ئـاو بهێنن ، هەندێکـی تریشیان مەنجەڵەکە خاوێـن بکەنەوە .

کاتێك پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت بەم جـۆرە چاوی پێ کەوتن ویستی ئەویش لـە کارکردنـدا

بەشداری‌یان بکات ، ووتی : « چیلکە کۆکردنـەوەش لەسەر منـە » .

ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ، لێمان گەڕێ ، ئێمە لە جیاتی تۆ ئەم کارە جێ‌بەجێ دەکەین ، تۆ بۆ خۆت بحەسێرەوە .

پێغەمبەر دروودی خوای لێ‌بێت فەرمووی : دەزانم ئێوە لە جیاتی من کارەکە ڕادەپەڕێنن بەڵام پێم ناخۆشە ئێوە کاربکەن‌و منیش بحەسێمەوە .

هەستا چوو بۆ چیلکە کۆکردنـەوە ، ئەوەنـدەی کۆکردەوە کە بەشی چێشت لێنانێك بکـات ، دوایـی هێنایەوەو چێشتەکەیان پێ‌لێناو ... خواردنیان خواردو حەسانەوە ... بەم جۆرە هەموویان لـە شـەرەفی کارکردندا هاریکاری یەکتری‌یان کرد .



هەواڵنامەی کتێب

## لێکدانەوەی ووشەکان :

یارانی پێغەمبەر : هاوڕێکانی پێغەمبەر ، سەحابەکان .
لەسەر منە : من دەیکەم .
چیلکە : ووردەدار
ئامادەی بکەن : حازری بکەن .
لێمان گەڕێ : وازمان لێ بێنە
هاریکاری : یارمەتی یەکتردان .

## گفتوگۆ راهێنان :

١ ــ چۆن پێغەمبەر ( د.خ )و یارانی ئەو بۆ چێشت لێنان هاریکارییان کرد ؟

٢ ــ پێغەمبەر ( د.خ ) چ کارێکی خستە ئەستۆ ؟

٣ ــ بۆچی پێغەمبەر (د.خ) بەوە ڕازی نەبوو بێ کار بمێنێت ؟

٤ ــ ئایا پێغەمبەر ( د.خ ) وە یان یەکێک لە یارانی ئەو دەمیان لە خواردنەکە دا بێ ئەوەی لە کارکردنەدا بەشداری بکەن ؟

٥ ــ پێچەوانەی ئەم دوو ووشەیە بنووسە :

خۆش نەویستن :

برسێتی :

# گەڕانەوە بۆ قوتابخانە




لەم ڕۆژانەدا دلێر دڵی بەوە یەکجار خۆشە کە پشووی هاوین بەسەرچوو وا خەریکە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا یەکدەگرێتەوە ، ئەوی ئەم ساڵ بوو بە هۆی زۆرتر بەختیاربوونی دلێر ئەوەبوو بە خۆڕایی کتێبو قەڵەمو دەفتەری وەرگرت ، هەروەها بێ پارەوپووڵ بەشداری لە هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەکەی دا دەکات ، ئەمەش وای لێ دەکات ئەو پارەیەی ئەو ساکە کتێبو دەفتەری پێ دەکڕی ئێستا ئەو شتانەی کەی پێ دەکڕێت کە پێویستی پێیان هەیە .

لە هەفتەی یەکەمی کردنەوەی قوتابخانەوە دلێر بە ڕێکوپێکی دەستیدایە خوێندنەوەی وانەکانیو

بەدڵخۆشی یەوە بەرەو قوتابخانەو کتێبو هاوڕێکانی یەوە هەنگاوی دەنا چونکە لەوانەوە شتی بەکەڵكو پێویست فێردەبێتو ڕێگەشی بۆ خۆش دەکەنەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئایندەیەکی پیرۆز بۆ خۆیو قوتابی یە هاوڕێ یەکانی ٠ قوتابخانە بۆ هەموو کەسێکە ، لەسەر هەموو قوتابی یەك پێویستە ئاگای لە پاکژی قوتابخانەکەی بێت ، ئەگەر پارچە کاغەزێك کەوتبێتە سەرزەوی هەڵی بگرێتو بیخاتەناو ئەو سەبەتانەوە کە بۆ ئەو شتە زیادانە تەرخان کراونو لە لیژنەی پاکژی قوتابخانەدا بەشداری بکات ، ئەگەر لە قوتابخانەکەیدا باغچە هەبوو ئەوا توێکڵە میوەو کاغەزی چکلێتو شیرینیو ووردە کاغەزی تری تێ فڕێ نەدات ، هەروەها توێکڵ لە دارەکان نەکاتەوەو گوڵ لێ نەکاتەوە ٠

دلێر پەیوەندی لەگەڵ مامۆستاکانی دا زۆر باشە ، خۆشیانی دەوێتو ڕێزیان دەگرێت ، هەر چی یەکی پێ بسپێرن جێ بەجێی دەکات ٠ هەروەها دلێر لەگەڵ قوتابی یەکانیشدا هاوڕێتی یەکی پتەوی هەیە هەموو بەیانی یەك ڕۆژباشیان لێ دەکات ، ئەگەر هاتوو لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا لە قوتابی یەك کەوت پێی دەڵێت : لێم ببوورە ٠ ئەگەر هاتوو قەڵەم یا پارە ، یان هەرشتێکی دی دۆزیەوە یا ئەوەتا بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێت تاوەکو بیداتەوە وە یان دەیداتە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکە ٠ دلێر هیوای وەهایە قوتابی یەکان هەموویان پەیڕەوی ئامۆژگاریو ڕێ نمایەکانی قوتابخانەکەیان بکەن چونکە هەموویان بەختیاری یان دەست دەکەوێت ٠

### لێکدانەوەی ووشەکـان :

پشووی هاوین : سێ مانگی هاوینە کە قوتـابخانـەی تێدا دادەخرێت ·

بەخۆڕایی : بێپارە ·

چالاکی قوتابخـانە : وەك وەرزشو هونـەروگۆرانیو شتیتر ·

هەنگاوی دەنا : دەچوو ·

ئایـنـدە : ساڵانی داهاتوو ·

گۆڕەپان : تەختایی ·

### گفتـوگوو ڕاهێنـان:

١ ــ چۆن قوتابخانەکەت بە پاکژی ڕادەگریت ؟

٢ ــ ئەگەر شتێکی یەکێك لە قـوتابـییەکانـت لـە گۆڕەپانەکەدا دۆزییەوە چی پێدەکەیت ؟

٣ ــ ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواوبکە :

ئێمە مێشمان خۆش ناوێتو هەنگمان خۆش دەوێت·

أ ــ ئێمە پیسو چەپەڵمان ــــــ و ــــــ خۆش دەوێـت ·

ب ــ ئێمە ــــــ خۆش ناوێتو ــــــ خـۆش دەوێت ·

ج ــ ئێمە ترسنۆکمان خۆش ناوێتو ــــــ خۆش دەوێت ·

د ــ ئێمە بەرچاوتەنگمان خۆش ناوێتو ــــــ خۆش دەوێت ·

# نیشتمانم



ئێمە لە پێناوی نیشتمان
بەخت دەکەین سامانو گیان
کەس ناوێرێ هەلمەت بەرێ
ووردو خاش ئەکەین دوژمنان

— — — —

بە خوێنی ئاڵو گەش ڕشتن
نووسیمان سروودی سەرکەوتن
سەربەرزین ئێمە لە جیهان
چاومان ناترسێت لە مردن

— — — —

بەرامبەر هەموو کارەسات
درەنگ وەخت بۆ شەوی نەهات
هەڵدەکەین چرای زانستی
عیلمو زانینە ڕێی نەجات

— — — —

ئیتر ئەی نیشتمانی شیرینم
بژی ڕوناککەرەوەی ژینم
خوا بتپارێزێت لە دوژمن
لە بەرزیو شادیدا بتبینم

هەواڵنامەی کتێب

لێکدانەوەی وشەکان :

لەپێناو : لەڕێگای ·

بەخت دەکەین : دەبەخشین ·

هەڵمەت : پەلامار ·

وردوخاش : پارچە پارچەکردن ·

کارەسات : ڕوداوی نالەبارو قورس ·

گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ــ لەپێناوی نیشتماندا چی بەخت دەکەین ؟

٢ ــ ڕێی نەجاتو ڕزگاربون لە چی‌دایە ؟

٣ ــ ئەگەر ــ خوانەخواستە ــ نیشتمانمان تووشی کارەساتێك هات تۆ چی دەکەیت ؟

هەواڵنامەی کتێب

# کتێب



وەرز زستان بوو ، شەو داهات بوو ، ئەندامانی خێزانەکە هەموویان پاش نوێژی شێوان بۆ شەوچەرە دانیشتبوون ٠

باوك ووتی : باشترین خوورەوشت کە لە باپیرتانەوە فێربووم ئەوەیە ئیشوکار لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، باپیرتان پێی دەووتم : ڕۆڵە ، کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ چونکە ئەو کارانە بەسەرتەوە کۆدەبنەوەو ئیتر بۆت تەواو ناکرێن ٠

سیروان ووتی : بابەگیان من ئەم ڕەوشتە لە تۆوە فێربووم ، لەبەر ئەمە کاروباری قوتابخانە دواناخەمو لە کاتی خۆیدا ڕای دەپەڕێنم ٠

نازدار ووتی : من کاتی خۆم لە نێوان ڕاپەڕاندنی کاروباری قوتابخانەو خوێندنی سەربەخۆدا دابەش کردووە .

باوك دەستی بە سەری کچەکەیدا هێناو پێی ووت : بە خوێندنەوەی یەك سەعات لەو کتێبەی کە بەدڵتە ڕۆشنبیریو زانینیت پەرە دەسێنێت .


هەواڵنامەی کتێب

نازدار ووتی : لەبەر ئەمە من کتێبی زانستیو چیرۆکی بەکەڵك دەخوێنمەوەو زۆر ئاگاداری کتێبەکانم دەکەم

باوك ووتی : نازدار چۆن ئاگاداری کتێبەکانت دەکەیت ؟

نازدار ووتی : که کتێبێك دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم گەیشتومەتەکوێ قەڵەم ناخەمە نێو لاپەڕەکانی‌یەوەو ، سووچی لاپەڕەکانیشی نانووشتێنمەوە .

باوك ووتی : چاك دەکەیت نازدار ، ئەی تۆ سیروان چۆن ئاگاداری کتێبەکانت دەکەیت ؟

سیروان ووتی : بابە ، لەکاتی خوێندنەوەدا خواردن ناخۆم نەوەکو کتێبەکە چەور بێت‌و ئەگەر دەستم پاك نەبێت یاوەکو تەڕبێت ئەوا ئەنگوستنادەم لە کتێبەکەم‌و هیچیشیان لەسەر نانووسم .

نازدار ووتی : منیش کتێبەکانم ناخەمە سەر زەوی‌و لەسەر مێزی نان‌خواردنیان دانانێم وە بە ئەمووستە کەڵەی تەڕ لاپەڕەکانی هەڵنادەمەوە

باوك ووتی : شانازی بە هەردووکتانەوە دەکەم‌و پاداشتتان بەوە دەدەمەوە کە کتێبخانەیەکی خنجیلانەتان بۆ دەکڕم بۆ ئەوەی کتێبەکانتان لە نەدڕێن‌و وون نەبن

لێکدانەوەی ووشەکان :

شەوچەرە : بەشەو دانیشتن بۆ ڕابواردن‌و گفتوگۆکردن .

دەستی بەسەری‌دا هێنا : دڵنەوایی کرد .

خوێندنی سەربەخۆ : خوێندنی ئەو کتێبانەی کە لە قوتابخانە ناخوێنرێن .

ئەمووستە کەڵە : ئەمووستە گەورەکەی دەست .

## گفتوگۆو ڕامێنـان :

١ ـ ( دواخستنی کاری ئەمڕۆ بۆ سبەینێ چـاك نی یە ) لە خوێندنەوەی ئەم وانەیەدا ئەم بیرە روون بکەوە :
لەگوێ دەگرێـت چی پێدەووترێت ؟

٢ ـ ئایا خوێندنەوەی سەربەخۆ چ چاکـــی یەك بـە خوێنەر دەگەیەنێت ؟

٣ ـ چۆن ئـەو لاپـەڕەیە دیـاری دەکـەیت کـەوا لـە خوێندنەوەی کتێبێکدا گەیشتویتەتێ ؟

٤ ـ چۆن پەڕەی کتێب هەڵدەدەیتەوە ؟

٥ ـ کتێبەکەت لە کوێ دادەنێیت ؟

٦ ـ ئەو پاداشتە چی بوو کەوا باوکی نازدارو سیروان پێشکەشی کردنو ؟ سوودی بۆیان چی یە ؟

٧ ـ ئەو قوتابی یەی کە ئامۆژگاری یەکانی پێشـــوو

# ژیانی جووتیارێك



قارەمان نموونەی جووتیارێکی چالاك بوو ، یەکێك بوو لەو جووتیارانەی زەوی دەکێڵاو بە ئارەقەی نەوچەوانی خۆی نانی پەیدادەکرد بەدرێژایی ڕۆژگار لەناو کێڵگەکەیدا هاتو چۆی دەکردو بۆ ئەوەی لە کاتی جووتکردنو کشتوکاڵ کردندا ئاگای لە ئەندامانی خێزانەکەی بێتو لەکارکردنو چوستوچالاکییەکانیاندا هاوکارییان لەگەڵدا بکات ، جاری واهەبوو دەتبینی وا بە تەنیشت ئەو مەکینە نوێیەوە ڕاوەستاوە کە کۆمەڵی هەرەوەزی بۆ جووتکردن بۆی ئامادەکردووە تاوەکو زەوییە بەپیتەکەی خۆی پێ بکێڵێت .

ڕۆژێکیان دەمەو بەیان دایکی ئازاد کوڕەکەی بانگ کردو پێی ووت : ئازاد ، ڕۆڵە ، زووکە لەخەو ڕاپەڕە ، وا باوکتو براکانت پێشت کەوتوونو چوونەتە کێڵگە ، چونکە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی گەنم تۆوکردنە . کە ئازاد چاوی کردەوە تەماشای کرد وا دایکیشی خۆی ئامادە کردووەو جلکی کارکردنی پۆشیوە ، پووشینەکەی لەسەری بەستوە ، پشتێنیشی بەستوەو پێڵاوەکەی لەپێ کردووە .

ئازاد لە نوێنەکەی ڕاپەڕیو زوو خۆی گۆڕیو ئاوڕی دایەوە لای جانتای کتێبەکەیو ووتی : کتێبەکانم ، ئێوە دڵگیر مەبن ، یەك دوو هەفتەم پێ ناچێتو دەگەڕێمەوە بۆ لاتان ، بەڵام ئەمڕۆ کشتوکاڵ کردنی گەنم چاوەڕێم دەکات .

ئازاد بەگورجیو چستو چالاکییەوە ڕووی لە کێڵگەکرد ، تەماشای کرد جموجوولێکی بێووچان دەستی پێ کردووەو دەنگو سەدای کارکردن لە هەموو لایەکەوە بەرزبوەتەوە . لەم لاوە وا بە ووڵاخ ئاویخواردنەوەیان بۆ دەبەن ، لەو لاشەوە مەکینەی جووت کردن زەوی دەکێڵێت ، باوکیشیان لەگەڵ ئەنداماني خێزانەکەیدا وا خەریك کشتوکاڵ کردنە .

تۆ بڵێی هەمویان چاوەنواڕی ئازادیان نەکردبێت بۆ ئەوەی هەرکە گەیشتە ئەوێ ئەوسا دەست بکەن بەکارکردن ؟! بەڵێ ، چاوەڕێی بوون ، چونکە ئازاد هەرچەندە بە تەمەن بچووك بوو بەڵام لە کاری کشتوکاڵدا کارامە بوو .

بەو چەشنە هەرکە ئازاد گەیشتە کێڵگەکە لە هەموو لایەکەوە ئەم دەنگە بەرزبوەوە : وا کارکردنی تـەواو دەستی پێ کـرد ٠

لێکدانەوەی ووشەکـان :

جووتیار : فەلاح ٠

هاریکاری : لەگەڵیان کاردەکات ، یارمەتیـان دەداتٍ ٠

زەوی بەپیت : بەو زەوی‌یە دەووترێت کە خێروبێـری لێ وەردەگیرێت ٠

کێڵگە : بەو پارچە زەوی‌یە دەووترێت کەوا دەکێڵرێت و کشتوکاڵی تێدا دەکرێت ٠

گفتوگۆو ڕامێنــان :

١ ــ بۆچی دایکی ئازاد کوڕەکەی لە خەو هەستان ؟
ئایا هەموویان چاوەڕێی ئازادیان دەکرد ؟

٢ ــ ئایا ئازاد کوڕێکی زیرەك بوو ؟ چۆن ئەمەت بــۆ دەرکەوت •

٣ ــ ئایا تۆ ژیانی جووتیارت بە دڵە ؟ بۆچی ؟



# وەرزی میوەڕنین



ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی تشرینی یەکەم هۆشیار لەگەڵ خێزانەکەیدا چوونە گەشت بۆ لادێیەك، ئاووهەوا فێنك بوو ، شنەی بای شەماڵ تینو توانای دەخستەبەر جەستە ، ئەمە پاش کۆچ کردنی هاوینێکی زۆر گەرم ، هۆشیار تاسەی ئەوەی دەکرد لە لادێ بگاتو لە ژیانی جووتیاریش شت بزانێت چونکە لە قوتابخانەدا زۆر شتی لەم بارەیەوە خوێندبووەوە .

پاش گەیشتنی ئەم خێزانە بۆ ئەو دێیەی کە مەبەستیان بوو، لە سێبەری دارێکی گەورەدا قاڵی یەکیان ڕاخست، کەلوپەلەکەشیان لەوێ دانا، هوشیارو دووبرا بچکۆلەکەی لەو باخەجوانەدا دەستیان کرد بە یاری کردن، بەوەش دڵخۆش بووبوون کە لەگەڵ جووتیارو منداڵەکانیاندا کەوتبوونە گفتوگۆکردن لەو کاتەشدا ئەوان خەریکی ئەوەبوون بەری دارەکانیان دەڕنیەوە، کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ نزیك بوەوەو خێزانەکەش خواردنەکەیان خواردو لێبوونەوە، ئنجا دانیشتنەوە بۆ چای خواردنەوە، هەر لەو وەختەدا هۆشیار لە باوکی پرسی: بابە، ئایا ئەم وەرزە وەرزی بەرهەم ڕنینە؟

باوك: بەڵێ هوشیار، زوربەی زۆری بەری دار لەم وەرزەدا دەڕنن.

هۆشیار: بەری کام دارو کام دار؟

باوك: لەم وەرزەدا بەری دارخورماو هەنارو لیمۆو زەیتوون و هەندێ چەشنی ترێ دەڕنرێنەوە.

هۆشیار: ئەی داری هەنجیرو هەڵووژەو سێو قەیسی کەی بەردەگرن؟

باوك: لەم هەرێمەدا ئەم دارانە لە هاویندا پێش وەرزی پاییز پێدەگەن، بەڵام لە لادێیەکانی بەشی ژووروی وولاتدا ئێستاش بەریان پێوەیە.

هۆشیار: بابە، ئەی دەربارەی سەوزە؟



باوك : هوشیار ، كوڕم ، بڕوانە ئا ئەو كێلگەیە بزانە چۆن منداڵە جووتیارەكان كاڵەكو شووتیو ترۆزیو بیبەرو تەماتەو بامیەو لۆبیاو باینجانو كوولەكە كۆ دەكەنەوە ٠

هۆشیار : ئایا ئەم سەوزانە بەرێ دوا ڕۆژەكانی هاوینن ؟

باوك : بەڵێ هۆشیار ، ئەمانە سەوزەو بەری هاوینەن لە سەرەتاو ناوەڕاستی پایزدا ئنجا پێدەگەن ٠

هۆشیار : باشە ئەی ئەم هەمـوو بەرهەمانە چۆن دەگوێزرێنەوە بۆ شارەكان ؟

باوك : بەڕێوەبەرێتی هاوكاری كردنی كشتوكاڵ ئەم بەرهەمانە دەگوێزێتەوە شارو لەوێ دەیانفرۆشێتو لەدوا ڕۆژەكانی وەرزەكەشدا قازانجەكانی بەسەر جووتیارەكاندا دابەش دەكات ..

هۆشیار : ئایا دەوڵەت چۆن پێویستییەكانی جووتیار دابین دەكات ؟

باوك : حكومەتی شۆڕش ئەم پێویستییانەی بۆ جووتیار دابین كردووە : كارەبا ، ئاوی پاك بۆ خواردنەوە ، نەخۆشخانە ، ڕێنیشاندەری كشتوكاڵ كردنی نوێ ، تۆوی پوخت كراو ، پەیین ٠ هەروەها كۆمەڵی هەرەوەزیو مەڵبەندی لە ناوبردنی نەخوێندەوارىو قوتابخانەی بۆ دروست كردوون ٠

هۆشیار : سوپاس بۆ تۆ بابە ، بۆ ئەو گەشتەی کردمان و بۆ ئەو دەرسەی کە هیچ لە بیرم ناچێتەوە . بۆ ڕۆژی داهاتوو هوشیار ئەو شتانەی چاوی پێ کەوتبوو دەربارەی وەرزی کۆکردنەوەی بەرهەم و هەرەوەزی و بزوتنەوەی دێهاتە خنجیلانەکانمان هەمووی بۆ قوتابیەکانی هاوڕێی گێڕایەوە .

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

بەرهەم : بەروبوم .

شنەی با : بای فێنك .

قاڵی : مافوور .

ڕنین : لێ کردنەوەی میوەو سەوزە .

دابین دەکات : دەست دەخات .

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ کەی بەرهەمی دواهاوینە کۆدەکرێتەوە ؟

٢ ـ چ سەوزەو میوەیەك لە سەرەتای پاییزدا کۆدەکرێنەوە ؟

٣ ـ دەوڵەت چ پێویستیەك بۆ جووتیارەکان دابین دەکات ؟

٤ ـ دەربارەی میوە ڕنین لە وولاتەکەماندا چوار دێڕ بنووسە ؟

# ڕەوکردنی باڵندەکان



باڵندەکان ڕەوشتو سروشتی سەیریان هەیە ، یەکێك لەو سروشتانە ئەوەیە کە حەز لە گەشتکردنو ڕەوکردن دەکەن ، بۆ نموونە لە وەرزی پاییزدا هەرکە گەڵای دار زەرد هەڵدەگەڕێتو دەوەرێتە سەر زەوی‌و باڵندەکان هیچ پەنایەکیان بۆ نامێنێتەوە کە لە چنگ ڕاوکەر خۆیانی تێدا بشارنەوە لەبەر ئەمە خۆیان بۆ ڕەوکردن ئامادە دەکەنو زۆر بەشیان هەموو ساڵێك ڕەو دەکەن . بۆ نموونە : لەقلەق لە سەرەتای بەهاردا دێتە وولاتمان چونکە هەر کە گەرما دەست پێدەکات بۆ وولاتە ساردەکان ڕەو دەکات .

دەربارەی ئەو باڵندانەی ڕەو دەکەنو چۆنێتی

گەشتەکەیان لە باوکم پرسی ، ئەویش بەم چەشنە وەڵامی دامەوەو ووتی :

ئەو باڵندانە دەست بە گەشتێکی دورو درێژو سەخت دەکەنو لە دەریا دەپەڕنەوە ، جاری وا هەیە بێ ڕاوەستان ڕەوەکەیان بیستو چوار سەعات درێژە دەکێشێتو خێرایی فڕینەکەیان دەگاتە شەست یا هەفتا کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا . هەروەها باوکم پێی ووتم ، باڵندەکان بەسەر خانووەکانمانەوە دەفڕنو دەکەونە سەروی چینە ژووروەکانی ئاسمانو لە دەریاو کیشوەرەکان دەپەڕنەوەو لە کاتی گەشتەکەیاندا دەنیشنەوەو ووردە ماسی ناو ئەو دەریایانە ڕاودەکەنو دەیخۆن لە کاتی هەڵفڕینیشیاندا دەنگێکی خۆشیان لێدەبیسترێت وەك بڵێی بە دڵ تەنگی‌یەوە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەیان بکەن وەهایە ، لە کاتی ڕەوکردنەکەشیان دا بۆ شوێنێکی ئەوتۆ دەگەڕێن کە تیادا گەرمیان بێتەوەو خواردنیان دەستکەوێتو بە ئاسوودەیی‌تیادابژین، هەروەها گەشتە کەشیان بە کۆمەڵی دەبێتو هەر کۆمەڵە باڵندەیەك سەرۆکو لێپرسراوی خۆی هەیە کە ڕێنمایی کۆمەڵەکەی خۆی دەکات .

لە وەرزی بەهاردا کە ئاووهەوا فێنك دەبێتو دارگەڵا دەکات ئیتر باڵندەکان دەگەڕێنەوە بەرەو وولاتەکەی خۆیانو لەپێشدا نێرینەکانیان دێنەوە بۆ ئەوەی بە گورجو گۆڵی هێلانەی جوان دروست بکەن .

کاتێك که ئه‌ندامانی ئه‌و خێزانه به‌ختیارانه هه‌موو کۆده‌بنه‌وه ئه‌وا ئاهه‌نگێکی دڵرفێن ده‌گێڕن و گۆرانیی خۆش و دڵگیر ده‌ڵێن و ئاسمان له چریکه‌و نه‌غمه‌و سۆزی ئه‌م باڵندانه ده‌نگ ده‌داته‌وه بۆ گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ نیشتمانه خۆشه‌ویسته‌که‌یان گۆرانی ده‌ڵێن ٠

لێکدانه‌وه‌ی ووشه‌کان :

ڕه‌و : کۆچ کردن

کیشوه‌ر : که‌رت ، قاڕه ٠

سروشت : ته‌بیعه‌ت ٠

ماڵئاوایی : دوعاخوازی ، خواحافیزی ٠

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ که‌ی باڵنده‌کان بۆ ڕه‌وکردن خۆیان ئاماده ده‌که‌ن ؟

٢ ـ که‌ی له‌قله‌ق ڕه‌وده‌کات و که‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ووڵاته‌که‌مان ؟

٣ ـ خێرایی باڵنده‌کان له کاتی ڕه‌وکردنه‌که‌یاندا له سه‌عاتێکدا چه‌نده ؟

٤ ـ ئه‌و باڵندانه که ماڵئاوایی له نیشتمانه‌که‌یان ده‌که‌ن چی ده‌که‌ن ؟

٥ ـ که ئه‌ندامی ئه‌و خێزانه هه‌موو کۆده‌بنه‌وه چی ڕووده‌دات ؟

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە پڕبکەرەوە :

١ ـ باڵندەکان لە کاتی فڕینیاندا دەنگێکی ـــــــــ

٢ ـ لە کاتی ڕەوکردنیشیاندا بۆ ـــــــ ئەوتـــۆ دەگەڕێـن ـــــ و خواردەمەنی‌یان ـــــــ و بە ئاسایش ـــــ

٣ ـ لە وەرزی بەهاردا کە ئاووهەوا فێنـک دەبێـتو دار ــــ باڵندەکان دەگەڕێنەوە وولاتەکـــەی خۆیـان ٠

# دارخورما



من دارخورمام گەورەی دارەکانی وولاتانی عەرەبم ٠ من عەرەبم خۆش دەوێتو لە وولاتەکەیاندا دەژیم، بەلەحی سوورو زەردو ڕوتابی شیرینو خورمای بەلەزەتیان پێشکەش دەکەم ٠ ئامۆژگاری مندالآن دەکەم قەت نەکەن بوسرو بەلەحی سەوز بخۆن چونکە زیان بەتەندروستییان دەگەیەنێت، ئەگەر ئەوان دان بەخۆیاندا بگرن ئەم بوسرو خەلآلەیان بۆ دەکەمە ڕوتابی نەرمو شیرینو بەتامو لەزەت ٠

لە بەلەحەکەی من حەلواو دۆشاوو سرکەو گەلێ شتی تر دروست دەکەن ٠

ئێمەی دارخورما سوودێکی زۆرتان پێدەگەیەنین .
وەك : سێبەری چڕو خواردەمەنی چاكو شیرینو بەتامو بەلەزەتو هەندێ کەلو پەلی ناومال .

عەرەب شانازیم پێوە دەکەن ، لە پەلکەکانم : حەسیرو گسكو زەمبیلە دروست دەکەنو قەدی دارەکەشم دەکەنە کۆلەکەو بنمیچی خانوو ، لەگەلا سەوزەکانیشم قەفەس دروست دەکەنو ریشالەکانیشم دەکەنە گوریسو ئامرازی شت پاككردنەوە ، لەبەر ئەم شتانە من لە هەموو دارەکان بە کەلكترم .

ئەی عەرەب پێویستە رێزم بگرنو ئاگاتان لە چۆنێتی رواندنم ببێتو پارێزگاریم بکەنو سوپاسی ئەو خوایە بکەن کە منی بە ئێوە بەخشیوە تا ئەو هەموو کەلکەم لێوەربگرن .



من سوپاسی ئەو هەموو جووتیارانە دەکەم کەوا بە چاکی چاودێریم دەکەنو ئاگایان لێمە ، هەروەهـــا سوپاسی ئەو هەموو کرێکارانە دەکەم کەوا لەبـــەر هەمەکانم شتی ئەوتۆ دروست دەکەن کە کەلك بـــە وولات بگەیەنێتو هەموو ئادەمیــزادی پێدلخـــۆش ببێــت .

### لێکدانەوەی ووشەکـان :

بوسرو خەلاڵ : خورمای کاڵو کرچو تاڵە .
خورما تا پێدەگات بەم قۆناخانەدا تێدەپەڕێت :
تەلع ، خەلاڵ ، بەلەح ، بوسر ، ڕوتاب ، خورمـا .
دان بەخۆیاندا بگرن : پەلە نەکەن .
پەلکە دارخورما : سەعەفی دارخورما .

### گفتوگۆو ڕاهێنـان :

١ ـ بەناوبانگترین دار لە وولاتانی عەرەبدا چ دارێکە ؟
٢ ـ بۆچی بوسرو بەلەحی سەوز ناخۆین ؟
٣ ـ دارخورما چ سوودێکی هەیە ، بیانژمێرە ؟
٤ ـ دارخورما وەسف بکـە ؟
٥ ـ چەند جۆرە خورما هەیە ؟ .

# بۆ باوکم

جەمال شارباژێری



خۆشەویستەکەی ژینم
باغەوان و پەرژینم
سەڵاوی زۆر بەتینم
بۆ تۆ باوکی شیرینم
مایەی شانازیی منی
سۆزی ئاوازی منی
بەهرەی بەختیاریمە
ئەم نامەیەم دیاریمە
خۆشەویستەکەم بابە
لە ئێمە دڵنیابە
تێ دەکۆشین بێ ووچان
بۆ سەر بەرزیی نیشتمان

# شـۆڕشەکەی سـاڵی بیست



پاش هەڵگیرساندنی شەڕی یەکەمی جیهان ، عیراقی یەکان چەند ساڵێك ـ چارناچار ـ لە

فەرمانڕەوایی و داگیرکردنی نیشتمانەکەیان لەلایەن ئنگلیزەکانەوە بێدەنگ بوون ، هەرچەندە عیراقی یەکان بەوە ناوبانگیان دەرکردووە کە بەرهەڵستی هێز بەهێزو توندوتیژی بە توندوتیژی دەکەن کەچی ئنگلیزەکان بەرامبەر ئەم ڕاستی یە خۆیان گێل کردو ئەو بەڵێنانەی بۆ بەجێ هێنانی سەربەستی و سەربەخۆیی دابوویان پشتیان تێ کردو هەوڵی ئەوەیان دا بە زۆری بازوو بەتوندوتۆڵی سەر بە عیراق دابنەوێنن ، ئەگەر هەر چالاکی یەکی نیشتمانی و نەتەوایەتی دەربکەوتایە ئەوا بەگرتن و ئاوارە کردن و هەموو جۆرە زوڵم و زۆرێکیان بۆ بەرهەڵستی کردنی بەکاردەهێنا ، ئەم چەشنە زۆرو ستەمانە زیاتر پاڵی بە عیراقی یەکانەوە نا بۆ ئەوەی بە هەر نرخێك بێت یان چی قوربانی یەکیان دابێت ئەوا بەرهەڵستی ئنگلیز بکەن و هەوڵ بدەن لەژێردەستیان دەربچن ٠

بەم جۆرە عیراقی یەکان چاوەڕێی هەلێکیان دەکرد تا بتوانن داگیرکەر لە خاکی عیراق دەربکەن تاوەکو ئەو هەلەیە رێک کەوت، ئەویش ئەوە بوو فەرمانڕەوای بەریتانیایی لە شاری ( رمێثە )دا شێخ ( شەعلان ئەبولجۆن )ی خستە بەندیخانەوە کە یەکێک بوو لەسەرەک هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە، هۆزەکەشی بە گەورەو بچووکەوە لە سی حوزەیرانی سالی ١٩٢٠دا ڕاپەڕین‌و ئابلووقەی سەربازگە بەریتانیایی یەکەی ئەوێیان داو پاسەوانەکانیان کوشت‌و پێشەواکەیان لە بەندیخانە دەرهێنا .

ئەم ڕوداوە بوو بە یەکەم پڕیسک بۆ هەلگیرساندنی ئاگری شۆڕش لە شاری (رمێثە)وەو بلاوبووەوە تاوەکو زۆر شوێنی‌تری عیراقی گرتەوەو ئنگلیزی ناچارکرد کە مل بۆ ئەم شۆڕشە ڕابکێشێت کە نیشانەی قارەمانێتی تیادا دەرکەوت‌و هێزی داگیرکەری والێ‌کرد کەداخوازی یەکانی گەلی عیراق لە سەربەستی‌و سەربەخۆیی‌دا بەجێ بهێنێت‌و فەرمانڕەوایی‌یەکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وولات دابمەزرێنێت، تاوەکو ببێتە هۆیەک بۆ وەدەست‌هێنانی بەرژەوەندی‌و مافە ڕەواکانی ڕۆلەکانی هەرێمەکەمان .

هەرچەند لەلایەنی سوپاییەوە شۆڕشی نیشتمانی ساڵی ١٩٢٠ سەرنەکەوت بەڵام ئەوەی دەربڕی کە بیرو باوەڕێکی ڕەسەنی هەیەو شۆڕشگێڕەکانیشی بەجەرگ و نەبەردبوون و ئامادە بوون بۆ خۆبەختکردن هەروەها لە مەیدانی شەڕ کردنیشدا ئازایەتیی خۆیان پیشان دا هەرچەنـدە توانایـان کەمبـوو . بەڵام بەجیهانیان ڕاگەیاند ئەو بیروباوەڕەی کـە شۆڕشەکەی لێـوە هەڵقوڵابوو دەبێتە نیشانەیەکی زیندوو بۆ پوختترین و هەرە بەرزترین شۆڕشی نیشتمانی لە عیراقی نوێماندا و دەبێتە هاندەرێك بۆ ڕۆڵەکانی ئـەم هەرێمـــە بـۆ پارێزگاریکردنی سەربـەرزی و مافـە ڕەواکانـــی نیشتمان ، هەروەها لە ئەنجامدا دەبێتە نموونەیەکـــی زیندوو بۆ ئامادەبوونی عیراقییەکان بۆ خۆبەختکردنی لەوە گەورەترو گوێنەدانەمردن لە پێناوی سەربـەرزی نەتەوەو پارێزگاریکردنی سەربەستی و سەربەخۆییدا .

شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨و حەڤدەی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ درێژەپێدانی ئەو شۆڕشە میللی‌یەبوون بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی نەتەوە لە یەکێتی‌و سەربەستی‌و ئیشتراکیدا ٠

### لێکدانەوەی ووشەکان :

چارناچار : بێ ئەوەی بەدڵ بیەوێت ٠

پشتیان لە بەڵێن‌کرد : بەجێیان نەهێنا ٠

بەرهەڵستی هێزبەهێز : بەکارهێنانی هێز بەرامبەر هێزی داگیرکەر ٠

سەربازگەی بەریتانیا : ژمارەیەك لە سەربازو سوپای بەریتانیا ٠

ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا : شۆڕش دەستی‌پێ‌کرد ٠

گوێ‌نەدانەمەرگ : نەترسان لە مردن ٠

### گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ــ کەی شۆڕشی ساڵی بیست ڕووی‌دا ؟ هۆیەکەی چی‌بوو ؟

٢ ــ چ سەرەنجام‌و تاقی‌کردنەوەیەکمان لەم شۆڕشە نیشتمانی‌یەوە دەست‌کەوت ؟

٣ ــ ئەگەر داوای ئەوەت‌لێ‌کرا دەربارەی ئەم شۆڕشە هەستی خۆت دەربڕیت وەیان گفتوگۆی دەربارەبکەیت ،ئایالەم بارەیەوە چ دەڵێیت ؟

# شۆڕشی حەڤدەی تەمووز



لە بەرەبەیانی ڕۆژی حەڤدەی تەمووزی سالی ١٩٦٨دا حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە کۆماری عیراقدا سەرۆکایەتی شۆڕشێکی چەکداری (سپی)ی کردو فەرمانڕەوایی یە کۆنەپەرستە بەکرێ گیراوەکەی پێ ڕوخاند، ئەو فەرمانڕەوایی یەی کە دوای هەڵگەڕانەوە ڕەشەکەی تشرینی سالی ١٩٦٣ بە زۆرداری دەستەلاتی خۆی بەسەرگەلی عیراقدا سەپاندبوو، شۆڕش ـ لەچاو هەڵهێنانیەوە ـ تووشی پیلانی چاوچنووکو کۆنەپەرستان بوو، بەلام حیزب توانی پاش شۆڕشی سی ی تەمووز خۆی پتەو بکات ئەوەبوو لەو کاتەدا کە بەیاننامە مێژوویی یەکەی دەرکردو تیایدا ئاشکرای کرد

که پیلان گێڕان دەرکرانو ئیتر حوکمی حیزب دەستی لێ کرد .

گەلی عیراق بە خۆشیو شادییەوە پێشوازی لە شۆڕشە نەتەوایەتیو پێشکەوتنخوازەکەی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی کرد چونکە ئەم شۆڕشە وولاتی لە فەرمانڕەوا کۆنەپەرست و دواکەوتووان ڕزگارکرد، نیشتمانیشی خستە سەرڕێگای پێشکەوتنو گەشەکردن .

لە مەیدانی نەتەوایەتیشدا شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووز بەرپەرچدانەوەیەك بوو دژی تێكشکانەکەی پێنجی حوزەیرانی سالی ١٩٦٧ بەرامبەر سەهیۆنی دوژمن ، لەبەر ئەمە جەماوەری عەرەب پشتگیریو لایەنگیری شۆڕشەکەیان کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ کرد بۆ لە دایك بوونی دەولەتی حیزبی سەرکردەو ئامانجەکانی لە یەکێتیو سەربەستیو ئیشتراکیدا .

حکومەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار تێکۆشەر ( صدام حسین ) وولات لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکیتر دەبات ، هەروەها سەربەخۆیی سیاسی وولاتی پتەوپێکردو لە بەشی ژووررووی عیراقدا حوکمی زاتی دا براکوردەکان ، هەروەها شەریکە ئیستیعمارییەکانی خۆمالی کردو بەمە سامانە دزراوەکەی گەڕاندەوە بۆ گەلو فێرکردنی کردەخۆڕاییو دەستووری خانەنشینی بۆ کرێکاران داناو وولاتی بەرەو ڕێگای ئیشتراکی بردو لەناو ڕۆلەکانی گەلدا دادی کۆمەلایەتی بەجێهێنا .

لە مەیدانی نەتەوایەتیشدا ، عیراق پشتگیری

له شۆڕشی فەلەستین دەکاتو بە پارەو بە چەك یارمەتی خۆبەختکەران دەداتو پشتگیری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانی ئەریتریاو سۆمالی ڕۆژئاوا دەکات ٠ هەروەها عیراق سنوورەکانی خۆی بۆ برایانی عەرەب کردوەتەوە ، بە هۆی ئەمەوە دەتوانن لە هەموو لایەکەوە بێنو لێرە کاربکەنو نیشتەجێ ببن ، شۆڕشی حەقدەی تەمموزی نەتەوایەتیو پێشکەوتنخواز درێژە بەخەباتی خۆی دەدات تاوەکو ئامانجەکانی لە هێنانەدی یەکێتیو سەربەستیو ئیشتراکیدا جێبەجێ دەکات ٠

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

شۆڕشی سپی : بەو شۆڕشە دەڵێن کە خوێنی تیادا ناڕژێت ٠
پتەوکردن : بەهێزکردن ٠
چاوهەڵهێنان : لەدایکبوون ٠
چاوچنۆك : تەماعکار ٠
بەرپەرچدانەوە : ڕەتکردنەوە ٠

**گفتوگوو ڕاهێنان :**

١ ـ بۆچی بە شۆڕشی حەقدەی تەمموز دەووترێت شۆڕشی سپی ؟
٢ ـ دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمموزی نەتەوەیی ئیشتراکی چیە ؟
٣ ـ دەربارەی دەستکەوتەکانی شۆڕش لە مەیدانی عەرەبیدا چوار دێڕ بنووسە ؟
٤ ـ هەستی تۆ بەرامبەر شۆڕشو سەرکردەکانی چیە ؟

# خۆماڵی کردنی نەوت

نەوت سامانێکی گرنگە لە سامانە نیشتمانی یەکانمان، لە دێرزەمانەوە لە وولاتماندا هەبووەو پێی زانراوە، لە چاخی نوێی ئێستاماندا جیهانی پێشکەوتووبۆ مەبەستی پیشەسازی کەلکی لێوەردەگرێت، بوونی ئەم سامانە لە عیراقدا هۆیەك بوو لەو هۆیانەی کە پالی نا بە بەریتانیاوە بۆ ئەوەی نیشتمانمان داگیربکاتو لەسەردەمی ڕابوردوودا سامانەکەمان بۆ خۆی بدزێت ٠

چ پێش دامەزراندنی فەرمانڕەوایی پاشایەتی بەکرێگیراوو چ پاش ئەوەش لەسەردەمی حکومەتە کۆنەپەرستەکاندا دەزگا هاوبەشی یە نەوتەکانی بەریتانیاو ڕۆژئاوایی یە داگیرکەرەکان دەستەلاتیان خستەسەر دەرهێنانی نەوت لە عیراقداو سوودەکەشیان بۆ خۆیان بردابوو ٠

گەلی عیراق کە لەم سامانە زۆرەی بێبەش کرابوو دەستی کردە بەرهەڵستی کردنی داگیرکەرو بەکرێگیراوەکانی لە فەرمانڕەوایی یەکانی هاو وولاتی، هەروەها بەرهەڵستی دەزگا شەریکە نەوتە بردەرەکانی کردو داوای ئەوەی دەکرد دەر بکرێنو وولاتیان لێ پاك بکرێتەوە، لە پێناوی ئەم مەبەستەدا ڕۆلەکانی گەل تووشی گرتنو ڕاونانو کوشتن بوون ٠

هەرکە شۆڕشی حەقدەی تەممووزی نەتەوەیی‌و ئیشتراکی بەرپابوو عیراق لەچنگ داگیرکەر ڕزگاری بوو حکومەتی شۆڕش دەستی کردە تێکۆشان* بۆ وەرگرتنی سامانی گەل لەچنگ دزەکانی ، بۆ وەدی‌هێنانی ئەم مەبەستە لەپێشدا دەستی کردە گفتوگۆکردنێکی سەخت لەگەڵ دەزگا نەوتە بڕدەرەکاندا،گفتوگۆکەری عیراقی لەو هەڵوێستەدا پیشانیدا کە سوورە لە سەر ڕزگارکردنی سامانە نەوتەکەمان کەچی دەزگا هاوبەشی‌یەکان دەستیان‌دایە تەڵەکەبازی‌و ناڕەوایی کردن ٠

لەیەکی حوزەیرانی ساڵی۱۹۷۲دا حکومەتی شۆڕش وەڵامدانەوە یەکلایی‌یەکەی بەوە دەربڕی کە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئاشکرا کرد بە خۆماڵی کردنی دەزگا هاوبەشی‌یە بێگانەکانی نەوت‌و گەڕاندنەوەی سامانە دزراوەکەی وولات بۆ گەل ٠

بڕیاردانی خۆماڵی‌کردنی نەوت هیوای جەماوەری گەلی بەدی‌هێنا کە ماوەیەکی دورودرێژ بوو چاوەڕێی دەکرد،ڕۆڵەکانی گەل بە خۆپیشاندان‌و ئاهەنگ گێڕان‌و ناردنی بروسکەی پشتگیری دڵخۆشی‌ی خۆیان دەربڕی ٠ هەرکە دەزگا هاوبەشی‌یە داگیرکەران ویستیان قۆرت بخەنە بەر ناردنی نەوتی خۆماڵی کراوی عیراق بۆ بازاڕەکانی جیهان ، گەل شان‌بەشانی حکومەتی شۆڕش چوونە جەنگی خۆڕاگرتنەوە تاوەکو ئەو دەزگایانە سەرنەکەوتنیان بۆ مایەوەو عیراقیش لە دەرهێنان‌و فرۆشتنی نەوت سەرکەوت ٠

له یەکی ئاداری سالی ۱۹۷۳دا دەزگا هاوبەشی یە بڕدەرەکانی نەوت ملیان بۆ داخواستی شۆڕش شۆڕ کردو وازیان لەو نارەزایی یە هێنا کە دەربارەی خۆمالی کردنی نەوت دەریان بڕیبوو هەرچی دامودەزگایەکیان هەبوو دایان بە حکومەتی عیراق ، ئەم ڕۆژە ناولێنرا ( جەژنی سەرکەوتن ) چونکە پشگیری بڕیاری خۆمالی کردنی نەوت بوو بۆ سەرکەوتنی تەواو دژی دەزگا هاوبەشی یەکان ٠

بەم جۆرەشۆڕشە قارەمانەکەمان توانی سامانی نەوتمان بۆ خزمەت کردنی ئابووری نیشتمانیمان و لە شەڕەکانی نەتەوەی عەرەب دژی داگیرکەر بەکاری بهێنێت بەمە دروشمی (نەوتی خۆمان بۆ خۆمانە ) بوو بە ڕاستی یەکی هەست پێکراو ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان :

خۆماڵی کردنی نەوت : کردنە ماڵی گەلو ووڵات ·
دێرزەمان : لە زەمانی زۆر زووەوە ·
بڕ کردن : دابڕین ، پاوان کردن ·
سوورە لەسەر : لەسەری دەڕوات ·
هاوبەشی : شەریکە ·
جەنگی خۆڕاگرتن : جەنگی دان بەخۆدا گرتنو پاشەکەوت کردنو کەم سەرف کردنە ·
قارەمان : ئازا ، نەبەرد ·

## گفتوگوو راهێنان :

١ ـ کەی دەزگا بڕدەرەکان دەسەڵاتیان خستەسەر دەرهێنانو فرۆشتنی نەوتی عیراق ؟

٢ ـ چۆن گەلی عیراق بەرهەلستی بە کرێگیراوە داگیرکەرەکانو دەزگا هاوبەشی یە بڕدەرەکانی کرد ؟

٣ ـ کەی عیراق نەوتی خۆماڵی کرد ؟

٤ ـ واتای دەستەواژەی ( نەوتی خۆمان بۆ خۆمان ) لێکبدەرەوە ؟

# خۆبەختکەر



مەحموودی شوفێر وەك کوردبوویە پیشە

بەیانی زوو مەلابانگدان لەخەو هەستا ، دەستنوێژی شتو ڕووی کردە مزگەوتی ( ئەقسا ) بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی لەوێدا بکات • لەپاشان ڕووی کردە

كاروكاسبى يەكەىو چووە شوێنى ڕاوەستانى ئۆتۆمۆبێلەكانو چاوەڕێى وەختى دەستنیشان كراوى كرد تاوەكو بە ئۆتۆمبێلە پاسەكەى خەڵك بگوێزێتەوەشارى ( نابلس ) ، چونكە لێخوڕى پاس بوو لە نێوان قودسو نابلسدا ، هەركە ئۆتۆمۆبێلەكەى پڕ خەڵك بوو بۆ لێخوڕین سەركەوتە سەرىو ناوى خواى لێهێناو كلیلى خستە پاسەكەو باىداو ئۆتۆمۆبیل كەوتەكارو ڕووى كردە شارى (نابلس) ٠ خەڵكەكە لەناو پاسەكەدا دەستیان كردە گفتوگۆكردن ٠ هەركە ئۆتۆمۆبیلەكە لەپێش نوختەیەكى پۆلیس بۆ پشكنین ڕاوەستا ئەفسەرێكى سەهیۆنى سەركەوتە سەرو دەمانچەكەى هەڵكێشاو فەرمانى دابەزینى خەلكەكەى دا ، كە پاسەكە خاڵى بوو فەرمانىدا ژمارەیەكى زۆر لە سەربازە سەهیۆنىیەكان چوونە ناو ئۆتۆمۆبیلەكەوەو ئەفسەرەكەش لە پشت مەحمودەوە دانیشتو لوولەى دەمانچەكەى كردە پشتىو فەرمانى دایێ پاسەكەى بخاتەوەكار ئەویش بەقسەى كردو ڕێگا بەرزەكەى ئەودیوى چیاكەیان گرتەبەر لەوێ مەحمود گوندێكى چاوپێكەوت بینى وا شەڕ لە نێوان خۆبەختكەرانى عەرەبو داگیركەراندا زۆر گەرمو بەتینە ، ئەو شاخانەى كە دەیانڕوانىیە دەشتایى گوندەكە لە بانگەوازو هەڵلاى خۆبەختكەرە قارەمانەكانەوە دەنگىدەدایەوە ٠

كتوپڕ مەحمود بۆى دەركەوت ئەوانەى لەگەڵیدا لەناو ئۆتۆمۆبیلەكەدان هاتوون بۆ یارمەتىدانى سەهیۆنىیەكان لەو شەڕەدا ٠ مەحمود دەنگى بانگەوازو

هەڵلای قارەمانانی عەرەبی هاتە بەر گوێ کــە بــەرەو کەشکەڵانی ئاسمان بەرز دەبووەوە لە خۆشیدا کەوتبووە گەشکەکردنو لە ناخەوە شابازیی دەکرد ، ئا ئاوەتانــێ کوڕەکەشی بەشداری ئەو شەڕە دەکات ، بڕیــاریدا خۆیشی بەشداری تێدابکاتو پێی نایەســەر ئامێــری بەنزینەکەوەو پاسەکە وەك باڵــی گرتبێــت وا خێــرا دەڕۆیشت هەر ئەوەندەی پێ نەچوو کەوتە ناو شیوێکی زۆر قووڵەوەو هەموو سەهیۆنی یەکان سەریان تێداچووو مەحمـوودیـش شەهیدکــراو خەبــات کــەرانیش سەرکەوتــن ٠

### لێکدانەوەی ووشەکـان :

خۆبەختکەر : فیدایی ، تێکۆشەر ٠

مزگەوتی ئەقسا : مزگەوتێکی گەورەو بەناوبانگە لــە شاری قودسدا ، یەکەم قیبلەی ئیسلام بووە ٠

شیو : دۆڵ ٠

### گفتوگوو ڕاهێنـان :

١ ــ مەحموود لە کوێ دەژیاو پیشەی چی بوو ؟

٢ ــ چیرۆکێکی تر بگێڕەوە کە قارەمـانێتـی عەرەبـی تێدادەرکەوێت ٠

٣ ـ ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە تەواوبکە :

أ ـ ئیسلام داوای دادگەری دەکات‌و دژی ستەمکاری‌یە

ب ـ ئیسلام داوای بێ‌فیزی دەکات‌و دژی ستەمکاری‌یە

ج ـ ئیسلام داوای زانستی دەکات‌و دژی ستەمکاری‌یە

د ـ ئیسلام داوای ـــــ دەکات‌و دژی بێ‌باوەڕی‌یە

هـ ـ ئیسلام داوای ـــــ دەکات‌و دژی بێگانە پەرستی‌یە

و ـ ئیسلام داوای ـــــ دەکات‌و دژی درۆکردنە

# پـــاكـژی



پێغەمبەرمان محەمەد ( د٠خ ) فەرموویەتی ( پاكژی لـە باوەڕەوەیە )و ئاینمان داوامان لێدەكات خۆمان بـە پاكژی ڕابگرین ، چونكە پاكژی هۆی حەسـانـەوەی مرۆڤەو دەیپارێزێت لـە نەخۆشی ، میكرۆبیش بە هۆی پیس‌و چەپەڵیەوە پەرەدەسێنێت‌و ئێمەو كەس‌و كارمان لەناو دەبات ٠

ئاشتی‌و شـیرین پەیڕەوی‌یەكـانی ئیسـلام بەجێدەهێنن ، ئاشتی قوتابی‌یەكی پاكە ، هەفتەی چەند جارێك بە ئاوی گەرم خۆی دەشوات‌و هەموو بەیانـی‌و ئێوارەیەكیش چەند جارێك دەسـت‌و دەم‌وچـاوی بـە

سابوون‌و ئاو ده‌شوات ، هه‌روه‌ها هه‌ردوو ده‌ستی پێش نان‌خواردن‌و پاش نان‌خواردن ده‌شوات‌و ده‌م‌و ددانیشی به فلچه‌و ده‌رمان پاك ده‌كاته‌وه تاوه‌كو پاشماوه‌ی خوارده‌مه‌نی له‌ نێوان ددانه‌كانیدا نه‌مێنێته‌وه‌و زیانی پێ نه‌گه‌یه‌نێت .

ئاشتی جلكه‌كانی ژێره‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی به پاكی راده‌گرێت‌و له‌ناو تۆزو خۆڵدا یاری ناكات له‌سه‌ر خاك‌و خۆڵیش دانانیشێت جانتاو كتێبه‌كانی ده‌پارێزێت .

هه‌میشه ئاشتی ده‌سته‌سرێكی له‌به‌رباخه‌ڵدایه بۆ ئه‌وه‌ی له كاتی پێویستی‌دا ده‌م‌وچاوی پێ بسرێت ، ئاشتی له هه‌موو كاروبارێكیدا پاكه ، به‌چاكی پارێزگاری كتێبه‌كانی ده‌كات‌و كاغه‌زێكی پاكیان ده‌كاته به‌رگ‌و ناوی خۆی به خه‌تێكی جوان له‌سه‌ر ده‌نووسێت ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مانه‌شه باوك‌و دایك‌و مامۆستاكانی خۆشی ده‌وێن .

هه‌روه‌ها شیرینی خوشكیشی قوتابی‌یه‌كی چالاك‌و رێك‌وپێكه ، جلك‌و كتێب‌و كه‌ل‌وپه‌له‌كانی‌تری قوتابخانه‌ی هه‌موو به‌پاكی راده‌گرێت‌و هه‌ر پێویستی‌یه‌كی له شوێنی خۆیدا داده‌نێت ، هه‌ركه بینی فه‌رهادی برا بچۆله‌كه‌ی جلك‌و شتومه‌كه‌كانی به‌م لاو به‌و لادا فڕێ‌ده‌دات ، ئه‌م ناهێڵێت‌و دێت ده‌ستی ده‌گرێت‌و شوێنه‌كه‌ی خۆی پێشان‌ده‌دات‌و پێی‌راده‌گه‌یه‌نێت كه پێویسته هه‌ر شتێكی له شوێنی خۆیدا دابنێت ، چونكه رێك‌وپێكی كه‌ل‌وپه‌ل هه‌ر به پاكژی خۆیه‌وه ده‌هێڵێته‌وه‌و وا له مرۆڤ ده‌كات كه له كاتی پێویستی‌دا به ئاسانی شته‌كانی بدۆزێته‌وه،



شیرین لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری ڕێك‌وپێكی دەكات یارمەتی دایكیشی دەدات بۆ پاكڕاگرتنی ناومالو دانانی دەفرو پێویستی‌یەكانی نان‌خواردن بەریز لەسەر سفرەو خواندا .

## گفتوگۆو ڕاهێنان

١ ــ چۆن ئاشتی گیانی خۆی بە پاكژی ڕادەگرێت ؟ و بۆچی هەمیشە دەستەسرێ پێ‌یە ؟
٢ ــ ئایا پێش نان‌خواردنو پاش نان‌خواردن چی دەكات ؟
٣ ــ چۆن ئاشتی كەلوپەلەكانی هەمیشە بەپاكی ڕادەگرێت ؟
٤ ــ بۆ ئەوەی بەپاكژی ناو دەربكەیت چیت لەسەر بیكەیت ؟
٥ ــ شیرین جگە لە ڕێك‌وپێكی‌و پاكژی چیتر دەكات ؟

## میکرۆبێك خەفەتی خۆی دەگێڕێتەوە



ئەی قوتابی وەرە لەگەڵم باپێکەوە گوێ لەم گفتوگۆ خۆشە بگرین کە لەنێوان میکرۆب و مرۆڤدا ڕوویداوە :

میکرۆب : ئێوەی ئادەمیزاد دەست درێژیو ستەممان لێدەکەن ، دەتانەوێت بە هەموو جۆرێك بمانکوژن و لەناومان بەرن بێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان بەکەڵك و زیان بەخشماندا .

ئادەمیزاد : ئەوە تۆ دەڵێیت چی ئەی میکرۆب؟ ئایا چۆن لەناو ئێوەدا بەکەڵك و سودبەخش هەڵدەکەوێت؟

میکرۆب: ئەی ئادەمیزاد ، منیش لەم جیهانەدا زیندەوەرێکی وەکو تۆم ، چۆن دەبینیت وردیلەی تۆزوخۆڵ لەم بۆشایی ئاسمانەدا بڵاوبوەتەوە منیش ئاوا بڵاو بوومەتەوە .

ئادەمیزاد : من لەم جیهانەدا نەدەتبینم و نەهەستت پێدەکەم ئیتر تۆ چۆن دەبیتە زیندەوەرێکی وەکو من ؟ .

میكرۆب:من ئەوەندە وردم كە تۆ هیچ ناتوانیت بە چاوی ڕووت،من ببینیت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانم گشت ئەم جیهانە یا بەرەو ڕێگەی ئاوەدانی یان بەرەو ویرانیو كاولكردن بەرم .

ئادەمیزاد : من لەو قسەیەی تۆ دەیكەیت هیچ تێ نەگەیشتم ، بریا لەو شێوەیە ڕوونتر لە خۆتم دەگەیاندیت بەڵكو لە ڕێگەی ئاوەدانی كردندا كەڵكت لێوەربگرمو لە ڕێگەی كاولكردندا لێتدووربكەوەمەوە .

میكرۆب: وەك پێموو تی،ئێمەی میكرۆب زیندەوەری زۆر وردیلانەینو ناتوانیت تۆ بەچاو بمانبینیت بەڵام ئەگەر بەهۆی وردەبینەوە تەماشامان بكەیت ئەوا لەبەرچاوت هەزاران جار گەورە دەبین ئەوسیا دەبینیت هەریەكەمان لە یەك خانە پێكهاتووین بەڵام شێوەمان لێكتر جیاوازە هەندێكمان بزیوینو هەندێكیشمان لە جێگەی خۆمان داڕاوەستاوین ، ئێمەش لەشمان بەشتێك داپۆشراوە وەك پێستەی ئادەمیزاد وەهایە لە سەختیو نارەحەتی دەرەوە دەمان پارێزێت .

ئادەمیزاد:ئەی میكرۆب. ئایا هەڵوێستتان لەگەڵ ئێمەدا چۆنە؟ بە كەڵكن یان زەرەرو زیانمان پێدەگەیەنن؟

میكرۆب : ئێمەی میكرۆب گەلێ جۆرمان هەیە،تیاماندا لە ژیانیدا پشتی بە خۆی بەستوە نە سوودی هەیەو نەزیان ، ئەم جۆرەمان لە هەموومان خوو و ڕەوشتی باشترە چونكە دوور لە ئادەمیزاد دەژی.

جۆرێکیشمان هەیە لەسەر زیندەوەرەکانی تر دەژی‌و دەچێت خۆی بە ئادەمیزادەوە دەچەسپێنێت‌و تووشی نەخۆشی‌ی بەتۆسی، دەکات ، ئەم جۆرەمان لە هەموومان زیاتر زیان بە ئێوەی ئادەمیزاد دەگەیەنێت‌و هەشمانە لەگەڵ کاروباری ژیاندا کەڵك بە ئادەمیزاد دەگەیەنێت وەك ئەو میکرۆب‌و بەکتریایانەی ناو هەوێن بە هەموو چەشنەکانی‌یەوە وەك هەوێنی هەویر شێلان‌و هەوێنی ماست‌و ئەو هەوێنەی کە لە سرکەو کحۆلدا بەکار دەهێنرێت لەگەڵ ئەو بەکتریایەی کە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی‌و دەست‌کەوتنی هەندێ دەرمان‌و فیتامیندا بەکار دەهێنرێت ، جا بە هۆی هەوێنی هەویرەوە ئەو بەکتریانەی تیادایە ئادەمیزاد دەتوانێت ئەو نانە بکات کە پێی‌دەژی ، هەروەها بە هۆی هەوێنی ماستەوە ئادەمیزاد دەتوانێت پەنیرو کەرەی چەورو بەتام دروست بکات ·

ئادەمیزاد : ئەی میکرۆب ، سوپاس بۆ تۆ ، بۆ ئەم‌هەموو زانیاری‌یەی دەستت‌خستم ، ئنجا داوات لێ‌دەکەم دەربارەی چەشنە زیان بەخشەکەتان شتێکم بۆ بگێڕیتەوە بەڵکو منی ئادەمیزاد بزانم چی بۆ خۆپاراستن پێویستە بیکەم بۆ ئەوەی لەو چەشنانەتان خۆم ڕزگار بکەم ·

میکرۆب : لەناو ئێمەدا زیان بەخش یەکجار زۆرن

هەندێکیان هێرش دەبەنە سەر ئادەمیزاد و دەبنە
هۆی مردنی وەك میکرۆبی سیل‌و ئاوڵەو ڕشانەوەو
گرانەتاو جۆرەکانی تر لە میکرۆبە کوشندەکان ٠
ئادەمیزاد : چۆن دەتوانین زیان بەخشەکانتان نەهێڵین ؟
میکرۆب :ڕێگەی لەناوبردن‌و نەهێشتنی ئـەو جۆرانەمان
زۆرن وەك دەرزی لێدان‌و کوتان‌و داودەرمـــان
بەکارهێنان ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا دەتـوانـم
پێت بڵێم : کە بەهێزترین شت بۆ قەلاچۆکردنـی
میکرۆبی‌زیان بەخش پاکـژیـە لە هـەمـوو
کاروبارێکداو کەڵك وەرگرتنە لە خۆرهەتـاو و
هەوای پاك ٠
ئادەمیزاد : ئەی ئێستا تۆ چێت لێمان دەوێت ئەی‌میکرۆب ؟
میکرۆب: پاش ئەوەی زۆر شتت دەربارەی ئێمە زانی ، ئەی
ئادەمیزاد بامنیش خەم‌و خەفەتی خۆمت بۆ بگێڕمەوەو
تکات لێ‌دەکەم ئەوەندە دژمان دڵ‌ڕەق نەبیت‌و بێ
ئەوەی جیاوازی لە نێوماندا بکەیت لەناومـــان
نەبەیت ، ئەو چەشنانەمان سوود بەخشن کەڵکیان
لێ‌وەربگرن‌و مەیان فەوتێنـن ئەوانەشـمان زیان
بەخشن قەلاچۆیان تێ‌بخەن‌و لـە چنگیان خۆتـان
ڕزگاربکەن ٠

**لێکدانەوەی ووشەکـان :**

زیندەوەر : ئەو گیان‌لەبەرانەیە کە لەم دنیایـــەدا
دەژین ٠

**چاوی ڕووت** : چاوی ئاسایی .

**خانە** : بچووکترین بەشی کۆئەندامی زیندەوەرە .

**گفتوگوو ڕاهێنان :**

١ ــ میکرۆب چی یەو لە چ چەشنێکیان شارەزاییت هەیە؟

٢ ــ ئادەمیزاد چۆن دەتوانێت میکرۆبی زیانبەخش لەناو بەرێت ؟

٣ ــ دەربارەی هەندێ لە بەکتریای بەکەڵك بدوێ ، پاشان مەبەستەکە بنووسەرەوە بەمەرجێك لە سێ دێر کەمتر نەبێت ؟



لەگەڵ ھەندێ لە قوتابیانی پۆلی چوارەمدا چووین بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی سەر لە ( نازەنین )ی هاوڕێی قوتابخانەمان بدەین ، دەبینین لەسەر جێگایەکی پاک ڕاکشاوە، دایکیشی بە تەنیشتییەوەیە ، سڵاومان لێ کردو بەناوی هەموو قوتابیانی پۆلەکەمانەوە دەسکە گوڵێکمان پێشکەشی کردو هیوادار بووین کە زوو چاك بێتەوەو تەندروستی بگەڕێتەوە .

پاش ئەوەی لە تەندروستی نازەنین دڵنیابووین یەکێك لە هاوڕێکانم لە دایکی نازەنینی پرسی : ئایا

نازەنین چۆن تووشی ئەم نەخۆشی یە هاتووە ؟ ۰ دایکی نازەنین وەڵامی دایەوە : نازەنین شیرینی دانەپۆشراوی خواردبوو ، مێش بەسەری یەوە نیشتبووەوە شیرینی یەکەی میکرۆباوی کردبوو ئەمەش چووە گیان نازەنین و تووشی ئەو نەخۆشی یەی کرد ، هەروەها دایکی نازەنین ووتی : ئێوارەیەکیان نازەنین پێش وەخت چووە ناو نوێنەکەیەوە ، هەستی بەماندوویتی دەکردو پلەی گەرمی ی لەشی بەرزبووەوە ، کاتێك بەم چەشنە چاوم پێ کەوت کتوپڕ گەیاندمە نەخۆشخانە پاش ئەوەی پزیشك



تیی ڕوانی پێی ووتم ڕیخۆڵەکانی تووشی سووتانەوە هاتوون پێویستی بەوە هەیە بۆ ماوەیەك لە نەخۆشخانەدا بنوێت تاوەکو دەرمانی پێویستی بدرێتیو لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت ۰

لەو کاتەدا پزیشکو کچە برینپێچەکە هاتنـــــە ژوورەوەو هەواڵی نازەنینیان پرسیو تەماشای راپۆرە تەندروستی یەکەی کرد ، کچە برین پێچەکەی ڕاسپارد، لە کاتی دیاری کراودا دەرمانی بداتێ ، دوایی پزیشکەکە ئاوڕی دایەوە لامانو ووتی : خۆبینیتان مێش چەنـدە زیانی هـەیەو چۆن نەخۆشی بۆ مـرۆڤ دەگوێزێتەوە ، لەم کاتەدا یەکێك لە قوتابی یەکان لێی پرسی : ئایا چۆن خۆمان لە مەترسی ی مێش دەپارێزین ؟ پزیشکەکە وەڵامی دایەو ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە مێش بپارێزین دەبێ بـە هەمــوو

چەشنێك هەوڵی نەهێشتنی بدەین ، وەك ئەوەی لە ژووری نووستنو نانخواردندا ئەو دەرمانانە بەکاربهێنین کــە قەلاچۆیان تێدەخات ، خواردەمەنی یەکانمان لە جێگـــای پاکژ بپارێزیــن · ئەو پووتەی کە شتی پیسو خاشاکی تێفرێ دەدەیــن دەبێت دەمی کراوە نەبێت نەوەکـــو مێشیان لە دەور کۆبێتەوە ، وەك نازەنینی هاوڕێتـــان شیرینی لە شیرینی فرۆشە گەڕۆکەکان نەکڕین· پێویستە هەمیشە دروشممان ئەمە بێــت ( خـۆپاراستن لــە چارەسەرکردن باشترە ) ·

لێکدانەوەی ووشەگـان :

سووتانەوە : ئیلتیهاب کردن ·
تێڕوانین : فەحس کردن ·
هەمیشە : هەمووکات ·

## گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ بۆچی قوتابی‌یەکان چوون بۆ نەخۆشخانە ؟
٢ ـ چۆن نازەنین تووشی نەخۆشی بوو ؟
٣ ـ چۆن دەتوانین بەسەرمێشدا زاڵ ببین ؟

## ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پڕبکەرەوە :

١ ـ ئێوارەیەکیان نازەنین ______ چووە نـــاو نوێنەکەیەوە ٠
٢ ـ ______ تەماشای ڕاپۆرە تەندروستی‌یەکـەی کردو کچە برینپێچەکەش ______
٣ ـ نازەنین ______ خواردبوو ، مێش بەسەری‌یەوە ______ بـەو ______ هەڵی گرتبـوو شیرینی‌یەکەی پیس کردبوو ٠

# نەخۆشخانەی گوند




سامان و چوار هاوڕێی لە پشوودانی هاویندا بۆ گەڕان ڕوویان کردە گوندێکی نزیکەشار ، هەرکە گەیشتنە ئەوێ کاتێکی خۆشیان بە تۆپ‌تۆپێنی پێ بردەسەر ، پێش تەواوبوونی یاری‌یەکە سامان چاوی بەو پارچە شووشە شکاوە نەکەوت کە لەناو گیاکەدابوو بەر پێی کەوت و بریندار بوو • هاوڕێ‌یەکانی لە ئەنجامی ئەم خوێنـ بەربوونە ترسان و نەیان‌دەزانی چۆن دەتوانن بەم حاڵە بەسواری پایسکل بیگەیەننە شار •

ئەوان کە لەم سەرسوڕمانەیاندا بوون ، کوڕە جوتیارێك بە تەنیشتیانەوە تێ‌پەڕی و ڕۆژباشی

لێ کردن‌و هەواڵی پرسین ، کە لە ڕووداوەکە تێگەیشت پێی‌ووتن بیبەنە نەخۆشخانەی گوندەکەیان بۆ چارەسەرکردنی ، نەخۆشخانەکە لەوێوە نزیک بوو لە هەڵگرتنی ساماندا یارمەتی ئەوانیدا ، لە نەخۆشخانەکەدا برین‌پێچ‌و یارمەتیدەرەکە بردیانە ژووری پزیشک ، ئەویش زۆر بەڕووخۆشی‌یەوە هەواڵی پرسی‌و دەستی‌هێنا بەپشتیداو ، دڵنیای‌کرد کە برینەکەی ئاسانە ، ئنجا دەستی کردە پاک‌کردنەوەی برینەکەو خوێنەکەی وەستان‌و شوێنی برینەکەی دووری‌یەوەو داوای لە دوو برین‌پێچە کوڕەکەو کچەکەکرد کە شوێن برینەکەی تیماربکەن‌و دەرمانی گونجاوی بدەنێ . هەرکە پزیشکەکە لە کارەکەی بووەوە لە سامان‌و هاورێیەکانی پرسی ئەگەر پێویستی‌یان بە ئۆتۆمۆبێل هەیە بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە شار وا بە تەلەفۆن بۆیان داوا دەکات ، ئەمانیش سوپاسیان





**کرد ، چونکە سامان چاك بوەتەوەو دەتوانێت بەدلنیاییەوە سواری پایسکل ببێت ، ئیتر چۆن هاتوون هەروەهاش دەتوانن بگەڕێنەوە .**

لە گوندەکاندا نەخۆشخانەیەکی بەم جۆرە هەبێت .

**پاش ئەوە لە نەخۆشخانە هاتنەدەرەوەو ڕوویان کردە باخێکی نزیك کە سێبەر ژێردارەکانی گرتبوو ، هاوڕێ تازەکەیان بانگ‌کرد تانانی نیوەڕۆیان لەگەڵ بخوات ، لەسەر نانخواردنەکە لەناو خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆکردن دەربارەی کەڵکی نەخۆشخانە لە ناوگوندا ، سامان وتی : قەت نەمدەزانی**

**کوڕە جوتیارەکە :**

لەرابووردوو نەخۆشخانەیەکی زۆر بچووکمان بوو دەرمانی تەواوی تێدانەبوو ، فەرمانبەرێکی تەندروستی و برینپێچێك بەڕێوەیان دەبرد ،

پاش شۆڕشە مەزنەکەی حەڤدەی تەمووز ئــەم نەخۆشخانەیەمان بــۆ دروست کراو پزیشکێك‌و برین‌پێچێکی بــۆ دانـــرا جگە لەفەرمانبەرێکی تەندروستی‌و برین‌پێچێك ٠

یەکێك لە هاوڕێیەکان: ئایا لە گوندە نزیکەکانی تردا وەك ئەم نەخۆشخانەیە هەیە ؟

کوڕە جوتیارەکە : بەڵێ لە هەموو گوندەکاندا وەك ئەم نەخۆشخانەیە هەیەو هەموو چەشنە دەرمانێکـی تێدایەو ڕەنجبەرەکان‌و خێزانەکانیان بەخۆڕایـی دەرمانیان دەدرێتێ :

سامان : ئایا ئەم نەخۆشخانەیە جێگای پزیشـــــك‌و نەخوشخانەکانی شار دەگرێتەوە ٠

کوڕە جوتیارەکە : زوربەی نەخۆشی‌یـــەکان لێــرە چارەسەر دەکرێن‌و سووکە نەشتەرگەریشـی تێدا دەکرێت نەخۆشی‌یە گرانەکانیشـــ دەبرێنــە نەخۆشخانەی شار ، هەروەها نەخۆشخانەکەمان بە پێی‌وەرز دەست دەکاتە کوتانــی قوتابـی‌یەکان‌و دانیشتوانی گوندەکانی هەرێمە دوورەکانیش ٠

یەکێك لە هاوڕێیەکان : حکومەتی شۆڕش بایەخێکی زۆری بە گونـدەکان داوە ، کاروبـاری خـزمـەت گـوزاریی کارەباو ئـاوی پـاکی خواردنـەوەی بـۆ ئامـادەکردوون جگـە لـە خـزمـەت گـوزاریی

تەندروستی ، بۆ ئەوەی گوندەکانمان ببنە گوندێکی هاوچەرخی پێشکەوتوو .

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ ، هاوڕێیەکان لەناو باخو بێستانەکاندا گەڕان ، دەمەوئێواری دوعا خوازییان لە هاوڕێ نوێیەکەیان کردو گەڕانەوە شار تاوەکو بۆ خزمو ناسیاوەکانیان چیرۆکی نەخۆشخانەی گوندو ژیانی نوێی گوندەکانمان بگێڕنەوە .

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

فەرمانبەری تەندروستی : موەزەفی سیحی .
نەشتەرگەری : عەمەلیات .
هاوچەرخ : هاودەم .

**گفتوگوو ڕاهێنان :**

١ ـ چۆن سامان بریندار بوو ؟
٢ ـ ئەگەر نەخۆشخانە لە گوندەکەدا نەبووایە سامان چی بەسەر دەهات ؟
٣ ـ خزمەت گوزاری تەندروستی چەکەلکێکی هەیە ؟
٤ ـ لە دەفتەرەکەتدا بە پێنج دێڕ باسی دەرمان کردنی بەخۆرایی بنووسە ؟ .

# چیرۆکی دۆزینەوەی ووردەبین



- ئەو بیروڕایەی کە لە سەرەتای پێش کەوتنی زانستی ژیاندا دەربارەی زیندەوەران هەبوو بیروڕایەکی

سادەو ناتەواوبوو ٠ ئەم زیندەوەرانە ئەوسا هەر بەچاوی ڕووت تەماشا دەکرانو لێیان دەکۆڵرایەوە ٠

لە سەدەی یانزدەهەمدا یەکەم ( زەڕەبینی شت گەورەکەر ) داهات ، لەدووا ساڵەکانی سەدەی سیانزدەهەمیشدا لە ئیتالیا بۆ یەکەم جار چاویلکەی پزیشکی دروستکرا ئەوە بۆ ئەو سەردەمە بە ئامێرێکی بەنرخی گرانبەها دادەنرا ، لەدوا ساڵەکانی سەدەی شانزدەهەمدا لە ئەڵەمانیا یەکەم ( ووردەبین ) دروستکرا ، دەڵێن گوایە : زەڕەبین دروستکەرێك جارێك هەردوو کوڕەکەی لە جێگاکەیدا یارییان دەکردو بەرێکەوت هاتن دوو زەڕەبینیان خستەسەریەك ، جا بەهۆی دوو زەڕەبین خستنەسەریەکیشەوە ئەگەر تەماشای شتی وورد بکرێت ئەوا ئەو شتە چەند جارێك لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەبینرێت، ئەمە بوو بە یەکەم دیاردەی بناغەیی بۆ دروستکردنی یەکەم ووردەبینی سەرەتایی کە پێکهێنراوە لەوەی دووزەڕەبین بکرێنە ناو بۆڕییەکەوە ٠

پاش ئەوە (لیفنهۆك) زانای هۆڵەندەیی توانی خۆی بە تاقی تەنها نەخشە بۆ دروستکردنی ٢٤٧ جۆرە نیزامی ووردە بینی بکێشێتو بەشە بینەرەکەی یەکێك لەم رژێمانەیکردبووە بناغە ئەویش بریتی بوو لە زەڕەبینیکی کۆکەرەوەی ووردی بەقەدەر سەرە دەرزییەك کە هەموو شتێکی بینراو گەورە دەکاتەوە ، ئەو زانایە بە هۆی ئەم زەڕەبینەوە توانی زیندەوەرە ووردیلەکانی ناو هەڵۆیە ئاوێکی مەند ببینیت کە ناوی لێنراوە میکرۆب ٠

پاش ئەوە زانای گەورەی سروشتو لێکۆڵەرەوەی زانستی یەکانی ژیان ( رۆبەرت هۆك ) بەهۆی سێ زەرەبینەوە یەکەم ( ووردەبین )ی دروستکرد ٠

پاش ئەمەش گەلێك زانا لە ئیتالیاو ئینگلترەو رووسیا چەند زەرەبینێکی ووردەبینی وەك ئەوانی تریان دروستکرد ، هەندێکیشیان بۆ پوختکردنی ووردەبین لەناو خۆیاندا هاوکاری یان کرد ، لە ئەنجامی هەوڵی لە سەریەکو لێکۆڵینەوەی بەردەوامیان ئەم ووردەبینە دروستکرا کەوا ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین ٠

### لێکدانەوەی ووشەکان :

ووردەبین : میکرۆسکۆب ، میجهەر ٠
زەرەبین : عەدەسە ٠
زانستی ژیان : عیلمی ژیان ٠

### گفتوگۆو ڕاهێنان ٠

١ ــ ووردەبین چی یەو چۆن داهێنرا ؟
٢ ــ سوودەکانی ووردەبین بژمێرە ؟
٣ ــ ( لیفنهۆك )ی زانا کێیە ؟

# چوونە سەرمانگ



لە شانزدەی مانگی کانوونی دووەمی سالّی ١٩٦٩دا تریشقەیەك لە مەلّبەندی ئاسمانی‌یەوە بەرەو مانگ دەرپەڕی کە گالیسکەیەکو سێ ئاسمان گەڕی تێدا بوو ·

ئەوە ڕووداوێکی سەیرو سەرسوڕمێن بوو ، لە هەموو لایەکی جیهانەوە مرۆڤ زۆر بەتەنگ ئەم دەنگو باسەوە بوونو چاوەڕێی ئەنجامە سەر

سورهێنەرەکەیان دەکرد ، هەرچی ئێستکەی رادیۆو تەلەفزیۆنیش هەیە دەنگوباسی ئەم گەشتە مێژوویی یەیان بلاوەدەکردەوەو بەشوێن شتی تازەوە بوون ، رۆژێك لەپڕ لەناو تەلەفزیۆن ( گالیسکەی سەرمانگ دەرکەوت ( وا لەسەر رووی مانگ نیشتوەتەوە) ملیۆنەها کەس چاویان تێ بڕیبوو چاوەڕێی یان دەکرد ،(وا شتێك لە گالیسکەکەوە جوولا !! ئەویش ئەو پەیژەیە بوو کە دەیکەیاندنە سەر رووی مانگ ، پاش ئەوە مرۆڤێك بینرا (خەریکە لەسەرخۆ بۆ دابەزین هەنگاو دەنێت ) لەم کاتەدا هەموو لایەك هاواریان کرد ووتیان :

ئەمە ئەو کاتە گرنگە مێژوویی یە یەکە یەکەم مرۆڤ پێ دەنێتە سەر رووی مانگ •

یەکەم پیاوی سەر مانگ بە بەرگی تایبەتی یەوە راوەستا ئەو بەرگەی کە هەوای بۆ دابین دەکرد چونکە لەسەر مانگ هەوا نی یە ، پیاوی سەرمانگ جارێك بەدەورخۆیدا سووڕایەوە ئنجا زۆر بە ئاستەم دەستی کردە رۆیشتن و هاوڕێیەکەشی بە شوێنی دا هەنگاوی دەنا ، تاقە هۆیەگی پەیوەندی لە نێوان هەردووکیاندا ئەوەبوو کە بە بێ تەل لەگەل یەکتردا گفتوگۆیان دەکرد ، دوای ئەمە لەگەل مەلبەندە چاودێری کردنەکەی سەرزەمیندا کەوتنە قسەکردن ، هەموو کەسێکیش گوێی لە قسەکانیان گرتبوو •

هەر دوو پێشرەوەکان گەیشتنە ئەو شوێنەی کە دەستنیشان کرابوو بۆ ئەوەی ئالای وولاتەکەیانی

تێدا بچەقێنن و هەندێك ئامێری زانستی لەسەر ڕووی مانگ دابنێن ، ئینجا نموونەیەك لە خـــۆڵ و بەردی مانگیان هەڵگرت و گەڕانەوە ناو گالیسکەکەیان بۆ ئەوەی پێی بچنەوە ناو گالیســکە گەورەکە چونـــکە سێ هەم هاوڕێیان لەوێ چاوەڕێی دەکردن ، هەرسێکیان پێکەوە گەڕانەوە سەرزەوی ·

بەم جۆرە خەوێك كە لــە زووەوە كــاری لــە هۆش و خەیاڵی زاناكان كردبوو هــاتەدی و ئادەمیزاد گەیشتــە مانگ و لەسەر ڕوویدا ڕۆیشت و مۆری شوێنــەواری خۆی لەسەر دانا بەمە سەركەوتنێكی گەورەی بۆ مێشكی ئادەمیزادو هەموو مرۆڤێك بەدەست هێنا ·

خوا لە قورئاندا فەرمویە « عَلَّمَ الانسانَ مالَمْ يَعْلَمْ » واتە : خوا ئادەمیزادی فێری ئەو شتەكرد كە نەیدەزانی

**لێكدانەوەی ووشەكــان :**

ئاسمان گەڕ : ئەو كەسەی دەچێتە ئاسمانی دەرەوە ·

بێ تەل : لاسلكــی ·

مۆری كرد : شوێنەواری خۆی لەسەر دانا ·

تریشقە : ساروخ

**گفتوگوو ڕاهێنـــان :**

١ ــ لە كاتی دەرپەڕینی تریشقەكە بـۆ مانگ چەنــد كەسی تیادابــوو ؟

٢ ـ بۆچی ئادەمیزاد کەوتبوونە شوێن دەنگوباسی ئەم گەشتە ؟

٣ ـ دوو پێشڕەوەکەی سەرمانگ بەچی هۆیەك پەیوەندی‌یان لەگەڵ یەکدا دەکرد ؟

٤ ـ هاوڕێی سێ‌هەمیان لە کوێ چاوەڕێی هەردوو هاوڕێیەکەی خۆی دەکرد ؟

## ( جاحظ )



بەختیار ئارەزووی پوول کۆکردنەوەی هەبوو هەروەها ئارەزووی خوێندنەوەو زانیاری کۆکردنەوەشی هەبوو ، هاتبوو ، بۆ هەر ئارەزوویەك لەم ئارەزووانەی دەفتەرێکی تەرخان کردبوو ، دەفتەری یەکەمیان بۆ پوول ، دەفتەری دووەمیان بۆ وێنەی گوڵو پەپوولە ، دەفتەری سێهەمیان بۆ زانایانی عەرەب ، هاوڕێیەکانی زۆر جار لە کتێبخانەی گشتیدا دەیانبینی پەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە تاوەکو هەندێك زانیاریان لێوە بخاتەسەر زانیارییەکانی خۆی .

ڕۆژێك لە ڕۆژان بەختیار خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبێك بوو قەڵەمەکەشی بە دەستەوە گرتبوو ، خۆی بۆ نووسینەوە ئامادەکردبوو ، لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی سەرداری هاوڕێی بوو کە پێی دەووت : ئەوە چ ڕوویداوە بەختیار ؟ دیارە تۆ ئەمڕۆ زۆر بەختیارێت .

بەختیاریش ئاوڕی لێ دایەوە بەخۆشی یەوە ووتی : بۆ شتێکی گرنگ دەگەڕام وا دەستم کەوت .

ئایا تۆ ناوی ( جاحظ )ت بیستووە ؟ سەردار لەمە سەری سوڕما چونکە لەمەوپێش ئەم ناوەی نەبیستبوو ، سەیری کرد هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی هەندێك شتی وەك ئەمەی خوارەوە دەربارەی ( جاحظ ) بزانێت :

جاحظ لە عیراق لە شاری بەسرە لە دایك بووە ، لە خێزانێکی هەژار پێ گەیشتووە ، هێشتا مندال بوو باوکی کۆچی دوایی کرد ، کە تەمەنی گەیشتە ئەوەی بچێتە بەرخوێندن دایکی ناردی یە ( حوجرە ) بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین ببێت ، ئەویش تا ژیانی خۆی و دایکی دابین بکات جاربەجار ناچار دەبوو پاش دەرس خوێندنەکەی لەقەراخ ڕووبارەکە نان و ماسی بفرۆشێت .

ئەو کۆڕە فێرکردنانەو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و زانستی یانەی کە لە مزگەوتەکانی بەسرەو ... و پشتی دا

دەگیران دڵشادی کردبوو ، لەم بارەیەوە یەکێك لە هاوڕێیەکانی ووتویەتی : هیچ نەمبینیوەو نەمبیستوە یەکێك هەبێت لە ( جاحظ ) زۆرتر حەز لە کتێبو زانستی بکات ٠

هەژاریی ( جاحظ ) نەبوو بەو قۆرتەی ڕێگای خوێندنو زانست داواکردنی لێ بگرێت بەڵکو لەسەری ڕۆیشت تاگەیشتە لووتکەی بەرزاییو بوو بە یەکێك لە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆیو گەلێك کتێبی دانا ، ( جاحظ ) پیاوێکی قسەخۆشو گفتوگۆ شیرینو گاڵتەبازو بەوەفا بوو ٠

(جاحظ) کە پیربوو لەدوا ڕۆژەکانیدا نەخۆش کەوت بەڵام لە نەخۆشییەکەشیدا لە نووسینو کتێبدانان نەکەوت ، لە کتێبە بەناوبانگەکانی (البیان والتبیین )و کتێبی ( حەیوان )ە ٠

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

حوجرە : بەو ژوورە دەگوترا کە لە سەردەمی جاراندا بۆ خوێندنە سەرەتاییەکان تەرخانکرابوو ٠

زانیاری : مەعلومات ٠

زانستی : عیلم ٠

### گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ جاحظ له کوێ لەدایك بووه ؟ چۆن ژیانی خۆیو دایکی دابین دەکرد ؟

٢ ـ جاحظ چۆن پیاوێك بوو ؟

٣ ـ ئایا هەژاریی جاحظ بوو بە قۆرت بۆ ئەوەی دەست له خوێندنو نووسین هەڵبگرێت ؟

٤ ـ کتێبە بەناوبانگەکانی جاحظ چی‌بوون ؟

٥ ـ چی دەفتەرێکت له دەفتەرەکانی ئارەزوو بەدڵەو بۆ خۆت کام ئارەزوو هەڵدەبژێریت ؟

# جوانیی بەهار

«کامەران»



ئاوی قەڵبەزەی سپی‌و رەنگاورەنگ
لە گەرووی کەژئەی کا بە ئاهەنگ
وەختێ کە تاڤکە دێتە پێکەنین
مەلانی بزێو دێنە هەڵپەرین
بووکی بەهاری جوانی ڕازاوە
لە کوردستاندا خەیمەی هەڵداوە
لە سەر لوتکەی شاخ تاجی زەردەپەڕ
پرشنگ ئەهاوێ بۆ ناو ئاوی کەڕ
لەسەر کە ناری چەمی پڕ نەغمە
ئەو خونچە سوورەی ناسک‌و نەرمە
بەرگی دا مالّی سەوزی ئاو دامان
خۆی شت بەقەترەی بەفراوی کوێستان

وردە شـەپۆلی جـۆگـەلـەی بـڵاو
ختووکەی بـەردە لـە کـە ناری ئـاو
وەکو فریشتەی گـوڵی هـەڵـوەریو
لە سەر سنگی ناو جۆگەی وەکـو زیو
ئەڕۆن بـەرە و خوار بە پشتە مـەلـە
ئەپڕژێتە دەمیان تیشکی ئـەوکـەلـە

لێکدانەوەی ووشەگـان :

قەڵبەزە : سوولاو ، تاڤگە
کـــەژ : چیا ، شاخ ٠
زەردەپەڕ : دواســاتی پـــڕشنگی ڕۆژ
آوابوون ٠
ئاوی کەڕ : مەبەست لە هـاژەو دەنگۆ
هەرای زۆری ئاوەکەیە٠

## لێکدانەوەی ووشەکان :

چەم : رووبار
نەغمە : ئاواز
ئاودامان : سەراپا
شت : شوشت ، شۆرد .
قەترە : دڵۆپ . تنۆك
ختووکە : ختووکەدان ، بە پێکەنین هێنان .
کەنار : رۆخ .
کەل : لێرە مەبەست لەنێوان لوتکەی شاخەکانە .

## راهێنان گفتوگۆ

١ ـ تاڤگەیەکی بە ناوبانگ لە پارێزگای هەولێر هەیە ، ناوی چییە ؟
٢ ـ تاڤگەی ( سولاف ) لە کام پارێزگای کوردستان ؟
٣ ـ ناوی پێنج گوڵ بڵێ لە گوڵە بەهارییەکانی کوردستان .

# میوانێـك لە كەنداوی عەرەبەوە



كاكم دلشاد بەوە زۆر دلخۆش‌بوو كە نوسراوێكـی لە مەحموودەوە بە دەست گەیشتبوو كە یەكێك بوو لە هاورێیەكانی لە دانیشتوانی ( قەتەر ) لە نوسراوەكەندا دەری بریبوو لە هاوینی داهاتوودا بۆ سەردانمان دێت ( بەغداد )و دەبێتە میوانمان‌و چەند رۆژێك دەمێنێتەوە ، ئەمە دلی هەموومانی خۆش كردبوو چونكە مەحمـــوود خۆشەویست‌ترین هاورێی كاك دلشادمەو هەردووكیان پێكەوە هەشت سال لەمەوپێش كوللیەی ئەندازیاری‌یان لــە زانكۆی بەغداد تەواو كردبوو ·

لە مالماندا لە نێوان باوكم‌و دایكم‌و ئـەو دوایـــی خێزانەكەمان هەر باسی مەحموود بوو یادی رۆژانـــــی خوێندنی بوو لەگەل كاكمدا ، خوورەوشتی ئەو بـەدلی

هەموویان بوو ، بەڵام من هەر گوێ گرتنم بۆ مابــووەوەو چاوەڕێی چاوپێ کەوتنیم دەکرد چونکە ئەوساکە ئەو دەهاتە ماڵمان و شەری لێ دەداین هێشــتا من منداڵ بووم و ئاگام لەو شتانە نەبووبوو لەگەڵ ئەمەشدا لەوساوە زۆر شتم دەربارەی بیستوەتەوە ·

لە مانگی حوزەیراندا مەحموود هات و چووینــــە فرۆکەخانەی جیهانیی بەغداد بۆ پێشوازی لێ کــردنی ، لەپێشــدا کاکم ئنجا باوکم بەگــەرم و گــوڕییەوە دەستیان کردە ملی و دایکیشم وەك بەخێر هاتنی یەکێك لە کوڕەکانی بکات وەها بەخێرهاتنی کرد ، هەرکە منیش دەستم گوشی کتوپڕ ناسیمییەوەو ماچی کردم و ووتی : هەر بژیت گەلاوێژ ئەوسا بەغدام بەجێ هێشت تۆ منداڵ بووی · مەحموود حەفتەیەك میوانمان بوو لەو ماوەیەدا جێی ڕێزو دڵخۆشیی هەموومان بوو، لەگەڵ منیشــدا ڕووخۆش بوو دڵنەوایی دەکردم و بەتەنگمەوە دەهــات بۆیە چووبووە دڵمەوە ، کە هەستی بەوەکرد دەمەوێ شارەزاییم لە بــارەی کەنداوی عەرەبــەوە هــەبێت ، خواستەکەی هێنامەدی و دەمەو ئێوارەیەکیان ئەم گفــتو گۆیەمان کرد :

ووتم : من دەزانم تۆ لە دانیشتوانی دەوڵەتــی (قەتەر)یت ، ئایا قەتەر کەوتوەتە کوێی هەرێمی کەنداوی عەرەبەوە ؟

مەحموود : قەتەر نیوەدورگەیەکە لە کەنداوی عەرەب لا ووشکانییەکەی هاوسنوورە لەگەڵ مەملەکەتی عەرەبی

سعوودی ، پایتەختی شاری ( دۆحە )یە ، (بەحرەین)یش یەکێکە لە هەرێمەکانی کەنداوی عەرەب ٠

ووتم : هەرێمەکانی تری کەنداوی عەرەب کامانەن ؟

مەحموود : لە هەرێمەکانی تری کەنداوی عەرەب (کوێت)و (میرنشینەکانی یەکگرتوی عەرەبە) کە پایتەختی شاری (ئەبوظەبی)یە ، (عومان) پایتەختەکەی شاری (مەسقەط )ە چونکە عیراقو سعودیەش کەوتوونەتە سەر کەناری ئاوەکانی کەنداوی عەرەب لەبەر ئەمە بەهەرێمەکانی ئەم کەنداوە دەژمێردرێن ٠

ووتم : بۆچی پێی‌دەڵێن ( کەنداوی عەرەب ) ؟

مەحموود : چونکە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبو لە کەناری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایەوە هۆزەکانی عەرەب لە دێر زەمانەوە جێ‌نشین‌بوونو هەتا هەتایە هەر بە عەرەبی دەمێنێتەوە ٠

ووتم : لە مامۆستام بیستوە داگیرکەر ـ پاش دەرچوونی لەم هەرێمە ـ بۆچی هەر دەیەوێت دەسەڵاتی لە کەنداوی عەرەبدا بمێنێتەوە ؟

مەحموود : لەبەر ئەوەی هەرێمی کەنداوی عەرەب ، لە دەوڵەمەندترین وولاتانی جیهان دەژمێردرێت ـ وەك دەزانیت ـ نەوتیش سامانێکی گەورەو سەرچاوەی ووزەیە پیشەسازی نوێیش بێ نەوت پێك نایەت ، هەروەها هەرێمی کەنداوی عەرەب لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا شوێنێکی جوغرافیی گرنگی گرتوەتەوە ، جا

بۆیە داگیرکەر چاوی تێبڕیوەو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە ئابووریو سەربازییەکانی خۆی دەیەوێت دەسەڵاتی لەم هەرێمەدا بمێنێتەوە ٠

وتم : ئایا لە کەنداوی عەرەبدا جگە لە نەوت سامانیتر هەیە ؟

مەحموود : بەڵێ وەك سامانە زۆرەکەی ماسیو گەشتی ناو دەریاو دەرهێنانیمرواریلەبن دەریاوە هەروەها کشتوکاڵیشی لێ دەکرێت ٠ دەبێت ئەوەش بزانیت کە باپیرانمان لەم هەرێمەدا لە کەشتیوانی ناودەریاو دەرهێنانیمرواریدا ناوبانگیان دەرکردبوو ٠

وتم : ئەی چۆن هەرێمەکانی کەنداوی عەرەب دەتوانن عەرەبایەتی خۆیان بپارێزن ؟

مەحموود : هەموو گەلی عەرەبمان لەگەڵدایەو دانیشتوانی کەنداوی عەرەب لەسایەی شۆڕشی حەڤدەی تەمموزی نەمری هەرێمی عیراق کە حیزبی شۆڕشی عەرەب ( حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ) سەرۆکایەتی دەکات بە پەنایەکی پارێزگاری دادەنێن دژی چاوچنۆکیی داگیرکەرانو دەستدرێژکەران ٠

لەدواییدا سوپاسی مەحموودم کرد بۆ ئەو زانیارییە بەنرخانەی دەستی خستم دەربارەی کەنداوی عەرەب ، کاتێك مەحموود بەجێیهێشتینو گەڕایەوە هەرێمەکەیخۆی زۆر دڵتەنگ بوومو هیوای ئەوەم دەکرد زیاتر لەناوماندا بە میوانی بمایایەتەوە ٠

## لێکدانەوەی ووشەکـــان

**کەنداو : بەو هەرێمە ئاوە دەگوترێت کە سێ لای ووشکانی بێـت .**

**نیوە دورگە : بەو پارچە زەمینە دەگوترێت کە سێ لای بە دەریا ئابلوقە درابێت .**

**کەنار : ڕۆخ ، قەراخ ، لێوار .**

**کاك : براگەورە .**

**فرۆکەخانە : فڕگە ،**

دێرزەمان : زەمانی کۆن .
مرواری : (لؤلؤ) .

**داگیرکەر : ئیستیعمار .**

### گفتوگوو ڕاهێنـان :

**١ ـ بۆچی دلشاد بە نووسراوەکەی مەحموودی هاوڕێی دلخۆش بوو ؟**

**٢ ـ هەستی گەلاوێژ بەرامبەر میوانەکەیان چۆن بوو ؟**

**٢ ـ بۆچی (کەنداوی عەرەب) ئەم ناوەی لێ نراوە؟**

**٤ ـ چاوچنۆکی ی داگیرکەرو دوژمنەکان لە هەرێمـــی کەنداوی عەرەبدا چی بەسەر هات ؟**

# یەکێتی ی عەرەب



عەرەب یەك نەتەوەیەو نیشتمانەکەیان لە دەریای ئەتلەسی یەوە تاکەنداوی عەرەبی گرتوەتەوە ، یەك ئامانجو یەك مێژوو ، یەك زمان کۆیان دەکاتەوە لە ڕابوردوودا عەرەب دەوڵەتێکی بەهێزو گەورەیان دامەزراندبوو ، ئەو دەوڵەتە لەسەردەمی عەباسی یەکاندا زوربەی زۆری وولاتەکانی ئاسیاو ئەفەریقاو بەشێك لە ئەوروپای گرتبوەوە، ئەوسا بەغداد پایتەختی ئەو دەوڵەتە عەرەبە یەکگرتووەبوو لە پێشکەوتنو شارستانێتی دا بە گەورەترین شاری ئەم جیهانە دەدرایە قەڵەمو بۆ فێربوونی ڕۆشنبیریو زانستی یەکان لە هەموو لایەکی جیهانەوە ڕوویان تێ دەکرد، هەرکە یەکێتی ی عەرەب لاوازبوو عەرەبەکان کەوتنە بەر هێرشی دوژمنانو وولاتەکەشیان پەرتبوو پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی عەباسی بێگانە حوکمرانی بەسەرداکردن .

لەم چاخە نوێ‌یەشدا هەوڵی ئەوەی‌دا نەتەوەی عەرەب هەر بە پەرت‌کراوی بمێنێتەوە بۆ ئەمە سنـووریکـی دەست‌کردی لەنێوان هەرێمەکانی عەرەبدا ڕاکێشـاو ، لەهەر هەرێمێکیدا فەرمانڕەوایی‌یەکی ئەوتۆی دانا کە لـە قسەی ئەو دەرنەچن ، هەروەها هەرێمی فەلەستینی عەرەبیشی دا بە سەهیۆنـی‌ی دوژمـن‌و دانیشـتوە عەرەبەکانی لێ‌دەربەدەوکرد ، بەڵام گەلی عـەرەب پەرت‌بوونی ڕەت‌کردەوەو دژی سەهیۆنی‌ی داگیرکـەر ڕاوەستاو دروشمی یەکێتی‌ی عەرەبی بەرز کـردەوەو هەندێك لە حکومەتە کۆنەپەرستەکانـی ڕووخانـدو هەوڵیش دەدات ئەو دوایشیان لەناوبەرێـت‌و لەسـەر خەبات کردن دەڕوات تاوەکو خاکی فەلەسـتین ڕزگار دەکات‌و یەکێتی‌ی عەرەب بەدەست دەهێنێت .

ئەو داگیرکەرەی ئیسرائیلی دروست‌کرد چاویشـی بڕیوەتەوە سامانەکانی نیشتمانی عەرەب وەك نـەوت‌و ئەوانی‌تری‌و ، بە هەموو جۆرێك لە تەڵەکەبازی‌دایە بـۆ پەرت‌کردنی عەرەب تاوەکو بەرژەوەندی‌یـە سەربازی‌و ئابوری‌یەکانی خۆی دابین بکات ، بـەڵام بێ‌گومـان بەهێنانەدی یەکێتی‌یەکی عەرەبی فراوان تێك‌شکانی بۆ دەمێنێتەوە .

حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە سەرۆکایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمموزی نەتەوەیی‌و ئیشـتراکی لە هەرێمی عیراقدا کرد توانی حوکمڕانی بێگانە پەرست لە سـاڵی ١٩٦٨دا بڕووخێنێت‌و دروشمی ( یـەکێتی‌و

سەربەستیو ئیشتراکی ) کردە ئامانجێکی هەمیشەیی شۆڕشی عەرەب کە لەم هەرێمەوە دەستی پێ کردو بەردەوامە تاوەکو هەموو ئامانجەکانی نەتەوەیی عەرەب بەدەست دەهێنێت ٠

یەکێتیی عەرەب ئەمانەتێکەو کەوتوەتە ئەستۆی ئەم سەردەمە با بە هەموولایەکمان هەوڵی بۆ بدەین تاوەکو سەرکەوتنمان دەستبکەوێتو بەسەر دوژمنەکاندا زاڵ ببینوهەرێمی داگیرکراو ڕزگاربکەینو نیشتمانی گەورەی عەرەب بگێڕینەوە سەر لوتکەی بەرزی ئەوسای خۆی ٠

لێکدانەوەی ووشەکان :

داگیرکەر : ئیستیعمار ٠
ڕەتکردنەوە : دژوەستان،قبووڵ نەکردن ٠

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ ئایا لە رابوردوودا عەرەب دەوڵەتێکی یەکگرتوویان هەبوو ؟ ئەوە کەی بوو ؟
٢ ـ بۆچی داگیرکەر دژی یەکێتیی عەرەب دەوەستێت؟
٣ ـ ئامانجە هەمیشەییەکانی شۆڕشی عەرەبی چییە ؟
٤ ـ چۆن فەلەستینمان بۆ رزگار دەکرێت ؟

# شەڕە مەزنەکەی تشرین



لە ساڵی ١٩٤٨وە کە سەهیۆنی یە چەتەکان خاکی فەلەستینیان داگیر کرد بە هەموو چەشنێك دەیانەوێت داگیر کردنەکەیان بچەسپێنن و بکشێنە سەر وولاتە عەرەبەکانی تر ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٦دا دەست درێژی یان کردە سەر میسرو لە ساڵی ١٩٦٧یشدا دەستدرێژی یەکی گەورەی تریان کردە سەر میسرو پارچەیەکی تریان لە میسرو سوریا داگیر کرد٠

پاش ئەم دەستدرێژی یە نارەوایە (ئیسرائیل) وای دەزانی ئیتر هیچ زێر ناکەوێت و عەرەبیشی بە نەتەوەیەکی بێهێزو شەڕ لەدەست نەهاتوو دادەنا٠

عەرەب دژی ئەو داگیرکردنە لەسەر خەبات کردن ڕۆیشتن‌و بڕیاری بەرگری کردن‌و خۆگرتن‌و خۆبەخت کردنیان‌داو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە بەسەر دوژمن‌دا زاڵ بن‌و لووتی بشکێنن ، ئەوەبوو لە ڕۆژی دەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ڕێکەوتی شەشی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ی زایینیدا سوپاکانی عەرەب کەوتنەجۆش‌و خرۆشەوەو بەدەنگ‌و ئاوازو ناوی خواهێنانەوە هێرشیان هێناو لووتی دوژمنیان‌شکاندو سەنگەرەکانیان ڕامالین ،جەنگاوەرانی عەرەب لە خوارووی نۆکەندی سوێسەوە پەڕینەوە لە سینا هێڵە دژەکەی ( بارلیف )یان ووردو خاش کرد لە جۆلانیشەوە دوژمنیان هەلکەندو گەیشتنە دەوروبەری شاری ( تەبەریا ) ، لە ناوەوەی خاکی فەلەستینی داگیرکراویشدا ترس‌و لەرز لەناو دوژمندا بلاوبوەوە ، شەڕێکی سامناکی ئەوتۆ هەلگیرسا کە دوژمن بە جارێ حەپەساو شکستێکی وەهای تووش هات کە بە خەیاڵیدا تێ نەدەپەڕی .

هەر ئەوەندەی نەمابوو کە ئیسرائیل بەرامبەر ئەم هێرشە گەورەیەی عەرەب بە تەواوەتی بڕووخێت بەلام بە یارمەتی‌یە کتوپڕەکانی ئەمریکا توانی‌هەناسە بداتەوە .

عیراق لەم شەڕەدا دەورێکی بەرزو پیرۆزی هەبوو چونکە عیراق بە سوپاو دارایی‌و سامانی نەوتەوە بەشداری تیاداکرد بۆ زاڵ بوون بە سەر دوژمنی داگیر کەردا ، وە رزگار کردنی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام لە داگیر کەری چەپەڵ .

هاوڕێکانیشمان لە جیهـــاندا بە چاوی ڕێـــزو شانازی‌یەوە دەیانڕوانیە قارەمانێتی سەربازی عەرەبو خۆگرتنی لە هەموو ئەو شوێنانەی کە شەڕی تیادادەکرد هەروەها دڵخۆشی ی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر یەکێتی ی عەرەبو سەرکەوتنیانو ڕاوەستانیان لەیەك ڕیـــزدا بەرامبەر چەتە داگیرکەرەکان ٠

بەم چەشنە عەرەب سەربەرزیو گەورەیی خۆیـان وەرگرتەوەو بە جیهانیان ڕاگەیاند کە بەرامبـەر زۆرو ستەم چاو ناتروکێننو دڵیان ئاسودە نابێت تاوەکـو هەموو خاکە داگیرکراوەکەی فەلەستین رزگار نەکەنو شوێنەپیرۆزەکان پاك نەکەنەوەو ماف نەگێڕنەوە بـۆ خاوەنە ڕەواکەی خۆی ٠

بە دەستکاری‌یەوە لە کتێبی :
( خوێندنەوەو لەبەرکردنی نوێ )
وەرگیراوە

**لێکدانـەوەی ووشەکان :**

لووت شکاندنی دوژمن : بەزاندنی دوژمن ٠
دژ : سەنگەری سەخت ٠

چاو نەترووکان : نەنوستن تا ماف وەردەگیرێتەوە ٠

جارێتر هەناسە بداتەوە : درێژە بە ژیانی بدات •

حەپەسا : شڵەژا • شێوا •

جەنگاوەر : شەڕکەر •

## گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ چەند جار سەهیۆنی‌یەکان دەستدرێژی‌یان کردەسەر وولاتانی عەرەب ؟ لە چ ساڵێکدا ئەم دەستدرێژی‌یانە ڕوویدا ؟

٢ ـ ئیسرائیل نەتەوەی عەرەبی چۆن دەهاتە بەرچاو ؟ چۆن توانرا ئەم خەیاڵەی دوژمن پووچ بکرێتەوەو کەی ؟

٣ ـ بۆچی جیهان بە شانازی‌یەوە ڕوانی‌یانە سەربازی عەرەب ؟

٤ ـ هەروا بە سەرزاری دەربارەی هەڵوێستی عیراق لە شەڕەکەی ڕەمەزاندا گفتوگۆبکە ، پاش ئەمە گفتوگۆکەت بنووسەرەوە بە مەرجێک لە سێ دێر کەمتر نەبێت •

# پۆلەی قارەمانان

کاتێك مامۆستای وێنە پێی گوتم باوکم فڕۆکەیەکی عەجەمی دوژمنی لە مەیدانی شەڕدا خستووەتە خوارێ زۆر شادبووم • هاوڕێیانی پۆلەکەم ڕوویان تێ کردم وگوتیان : خۆزگەمان بە خۆت ، باوکت قەرەمانە • مامۆستاش گوتی : سوپای مەزنمان سوپای قارەمانانە • پاشان هاتە پێشەوەو ئەو ڕۆژنامەیەنی دا مێ کە ئەو هەواڵە خۆشەی تێدا نووسرابوو • ئنجا لێی پرسین : ئەمڕو وێنەی چی بکەین ؟ هەموو قوتابیان بە یەك دەنگ گوتیان : وێنەی فڕۆکە •مامۆستا بەزەردەخەنەوە گوتی : باشە ، بەڵام با وێنەکانتان جوان و ڕێكوپێك بن تا بە دیاری بیدەینە عەبدولڕەزاقی هاوڕێتان ، بۆ ئەوەی بە یادی ئەم ڕۆژە لای خۆی هەڵیان گرێت ، ئەوەشی بزانێ فڕۆکەکان لە جۆری ڤانتۆمن و خستنیان زۆر زەحمەتە ، لەبەر ئەوەشە کە دراوە بە عەجەمی دوژمنمان لە ئێران و سەهیونیی دوژمن لە فەلەستینی داگیر کراو دا • قوتابی یەیەك گوتی : بەڵام خۆ باوکی عەبدولڕەزاق توانی فڕۆکەیەکی ڤانتۆم بخاتە خوارێ •• وانی یە ؟

مامۆستا وەڵامی دایەوە : بەڵێ ڕاستە ، لەجەرگەی شەڕو لە ناو خاکی ئیرانیشدا بەری داوەتەوە • سبەینێ کە گەورە بوون و بۆ بەرەی شەڕی ڕزگارکردنی خاکی فەلەستینی عەرەبمان چوون ئێوەش فڕۆکان دەخەن •

لەو کاتەدا کە قوتابییان بە وێنەکردنی فڕۆکەوە خەریك بوون من هەر هەواڵی ناو ڕۆژنامەکەم دەخوێندەوەو هەموو جارێك خۆم بەخۆم دەگوت :

ــ چۆن بەبێ تۆپخانە فڕۆکە دەکەوێ ؟ ئەی باوکم نەی دەگوت تفەنگ بە تەنیا بەرەنگاری فڕۆکەی پێ ناکرێت؟

پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم : با ئەم پرسیارانە بۆ باوکم هەڵگرم ئەودەمەی لە بەرەی شەڕ دەگەڕێتەوە • بەڵام کەی باوکم دێتەوە ؟ ناوەڵڵا کەی دەرس تەواودەبێت تا بە فڕکانێك بگەمەوە ماڵێ‌و ئەو هەواڵە خۆشەیان بدەمێ ؟

بەغاردان گەیشتمەوە ماڵێ ، دیتم دایکم وخوشكو براچووکەکانم ئەوانیش هەموو شادو روو سوورن ، ماڵەکەمان ئەمڕۆ جوانتر دیارە ، حاجی ژنە گوڵچینی دراوسێشمان لەوێ‌بوو لەو کاتەدا رۆژنامەکەی بە دیوارەوە هەڵدەواسی •

بە هەناسە بڕکێوە گوتم : وا دیارە ئێوەش ئەو هەواڵە مەزنەتان بیستووە ؟

دایکم بە رووی گەشەوە گوتی : بۆچی کەس هەیە لە گەڕەکەکەماندا ئەم هەواڵەی نەبیستبێ ؟

حاجی ژنە گوڵچین گوتی : کاك عەبدولڕەزاق پیرۆزبایی ! وا ناوت بوو بە رۆڵەی قارەمانان •

ئنجا بە شانازی‌یەوە وەڵامم دایەوە : منیش وەکو باوکی خۆشەویستم دەبمە قارەمانێك •

گفتوگۆو راهێنان :

بەفڕکانێك : بە خێرایی
غاردان : راکردن
رووسوور : سەربەرز

## وتووێژو راهێنان

١ ـ بۆچی قوتابیان کە هەواڵی خستنی فڕۆکەکەیان بیست کەیف خۆش بوون ؟
٢ ـ لەبەرچی فڕۆکەیان وێنە کێشا ؟
٣ ـ تۆش رووداوێکی وەکو ئەمە باس بکە کە قارەمانێتی عەرەبی بنوێنێ لەقادسییەی صەددامدا •

٤ ـ بۆ چی عەرەب بەسەر عەجەمی دەست درێژکەری دوژمنیاندا سەرکەوتوون ؟
٥ ـ حەزدەکەی ببی بە سەربازێکی ئازا تا مافی نەتەوەی عەرەبت بپارێزیت ؟

## وەفاداری عەرەب

والی (حیرە) نەعمان کوڕی مونزیر ئازاو نەبەرد بوو ، عەرەب ڕێزیان دەگرت ، ئەم کاربەدەستە دوو ڕەوشتی جیاوازی هەبوو ، ڕۆژێکیان ڕۆژی بەختیاریو ڕۆژەکەی تری ڕۆژی بێ بەختی بوو ، ئەگەر بهاتایە یەکێك لە ڕۆژی بەختیاریدا ڕووی تێبکردایە دارایی یەکی ئەوتۆی دەدایە کە دەوڵەمەندی بکات ئەگەر یەکێکیش لە ڕۆژی چارەڕەشیو بێ بەختیدابگەیشتایە لایلەناویدەبرد .

ڕۆژێکیان ئەم والی یە بەسواری ئەسپێکی تیژ ڕەو دەچێتە ڕاو لەو دەشتە چاوی بە ئاسکێك دەکەوێت شوێنی دەکەوێت دەڕواتو نایگاتێ تاوەکو ڕێگای لێوون دەبێت بەم لاو بەو لای خۆیدا دەڕوانێت خانوویەکی دەکەوێتە بەرچاو لە دڵی خۆیدا دەڵێت « خۆم دەگەیەنمە ئەوماڵەو خواردنێکی تێدا دەخۆمو هەندێکیش دەحەسێمەوە » .

دەچێتە ژوورەوە کابرای خێڵەکی زۆر ڕێزی دەگرێت بێ ئەوەش بزانێت ئەمە والی یە .

والی خۆی بە خاوەن ماڵ دەناسێنێتو زۆر سوپاسی میوانداریێتی یەکەی دەکاتو دەگەڕێتەوە .

پاش ئەوە بە ماوەیەك ساڵێکی نەهاتی هات بەسەردا کابرای خێڵەکی هەر مەڕوبزنێکی هەبوو قڕی تێکەوت دنیا ئەوەندەش گەرم بوو هەرچی یەکیان هەبوو هەمووی فەوتا ، ناچاری پاڵی پێوە نا بچێتە لای

والی ٠ لە چارەڕەشی ئەمدا ئەو ڕۆژەی دەگاتە (حیرە) لە ڕۆژانی (بێبەختی) بوو ، هەرکە گەیشتە بـەرەوە والی پێیووت « نەدەبوو تۆ لە ڕۆژێکی دیکەدا بهاتیایە؟ دەبێت هەر بتکوژم ، بلێ بزانم خواستت لەم دنیایـەدا چی‌یە ؟ » ٠

خێلەکی‌یەکە وەلامی دایەوەو ووتی « پاش خۆم چـی لە دنیـا بکەم ؟ ئەگەر هەر دەمکوژی ماوەم بـدە تـا بگەڕێمەوەو دۆعا خوازی لە مالو مندالەکانم بکەم » ٠

والی ووتی « بارمتەیەکم بدەرێ » ٠یەکێـــك لـە دانیشتوان کە ناوی شورەیك بوو ووتی «من تا سالێکی‌تر وەك ئەمرۆ بارمتەیی ئەم خێلەکی‌یە دەکەم »٠

سال وەرچەرخاو کابـــرای خێلەکـــی لـە ڕۆژی دیاریکراودا نەگەڕایـــەوە دواوە ، خەلکێـــکی زۆر کۆبوونەتەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن کوشتنی شورەیك بەچاوی خۆیان ببینن ، هەموو ئەو خەلکەی بەزەیی‌یـان پێدا دەهاتەوەوایان‌دەزانی ئیتـــر ئـەو خێلەکی‌یـە ناگەڕێتەوە ، چونکە ناچێتە عەقلەوە یەکێك بە پێـــی خۆی بچێتە بەر کوشتنی خۆی ؟

کش‌وماتی‌یەك ئەو ناوەی گرتەوە ، شـیر بەدەست لە شورەیك هاتە پێشەوە ، خەلکەکـــەش دلیان لـــە مستیاندایە شیر بەدەست شیرەکەی لێهـەلکێشـــا ، یەکێك لەو خەلکە قیرانـــدی‌و ووتی : « تەماشـــا ، تەماشابکەن » دەبینن وا کابرای خێلەکـــی لە دوورەوە لەناو تەپ‌و تۆزەوە سەری‌دەرهێنا ، ئەم خەلکە لـــە وەفاداری خێلەکی‌یەکە سەریان‌سوڕماو بە ڕزگاربوونی

شورەیك لە مردن دڵخۆش‌بوون ، والی ئاوڕی لە شورەیك دایەوەو لێی پرسی : چی پاڵی پێوەنای تاوەکو بارمتەیی ئەم خێڵەکی‌یە بکەیت ؟ .

ووتی : تاوەکو نەڵێن خۆبەخت‌کردن لەناو خەڵکدا نەماوە .

ئنجا والی ڕووی‌کردە کابرای خێڵەکی‌و لێی‌پرسی : تۆ لە چنگی مردن رزگارببووی چی پاڵی پێوەنای بگەڕێیتەوە ؟

ووتی : وەفاداری .

والی ووتی : بەخوا نازانم ئەم دووانە کامیان لەوی‌تریان وەفادار ترەو بەڕێزترە ، ئەوەیان کە لە مردن ڕزگاری‌ببوو خۆی بە پێی خۆی گەڕایەوە بەرمردن ، یان ئەمیان کە بارمتەیی ئەویانی‌کردو خۆی خستە مەترسی مردنەوە ؟ بەو خوایە دەبێت منیش خۆم بکەمە سێ‌هەمیان .

بەم چەشنە لە کابرای خێڵەکی خۆش‌بوو و ، ڕێزی‌گرت‌و ماڵ‌وسامانێکی زۆریشی بەشورەیەکدا

لێکدانەوەی ووشەکان :

والی : بەرامبەر ( پارێزگار )ە .

بەختیار : بەخت‌چاك .

لەناوی دەبرد : دەی‌کوشت .

تیژڕەو : ڕۆیشتنی زۆرتیژە .

خێڵەکی : بەوانە دەڵێن کە لە بیاباندا دەژین ·

خواست : داواکردن ·

بارمتە : کەفیـل ·

شیربەدەست : ئەو کەسە بوو کە شمشێری بەدەستەوە بوو چاوەڕێی ملپەڕاندنی دەکرد ·

**لێکدانەوەی ووشەکـان :**

١ ـ دوو ڕۆژەکەی والی حیرە چی بوون ؟ لە هەریەکە لەو دوو ڕۆژەدا چی دەکرد ؟

٢ ـ والی کە ڕووی کردە ماڵی کابرای خێڵەکی ، چۆن پێشوازی لێکردو چی بۆ کرد ؟

٣ ـ بۆچی کابرای خێڵەکی چـووە لای والـــی ؟ لـە چ ڕۆژێکیاندا گەیشتە لای ؟

٤ ـ خێڵەکی یەکە چ بەڵێنێکی دا بە والی ؟

٥ ـ چۆن وەسفی خوورەوشتی کابرای خێڵەکـــــیو شورەیك دەکەیت ؟

# چیرۆکی « مەلەوانە درۆزنەکە »



ڕۆژانی هەینی ئەحمەدو عادلی هاوڕێی پاش ئەوەی لە وانە ڕەوان کردنەکەیان دەبوونەوە دەچوون بۆ گەڕان، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەحمەدو عادل هەردووکیان ووتیان: جارێکیان بە کەناری ڕووباری دیجلەدا لە هەرێمێکی خۆشی ناوچەی بەغداد دەگەڕاین‌و باسی گەورەیی یەزدانمان دەکرد کە چۆن ئەم هەموو دارو درەخت‌و ڕووبارو دەشت‌و دۆڵ‌و شاخ‌و میوە شیرینەی لە سروشتدا دروست کردووەو چۆن ئەم پیت‌و بەرەکەتەی ناو ئەم گەردوونە فراوانە سەرسووڕهێنەرەی بە ئێمە داوە .

خوایە گەورەیی هەر بۆ خۆتە ، سوپاس بۆ گەورەیی‌و بەرزیت ، سوپاس بۆ تۆ ، تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ..

لەم کاتەدا دەنگێك هاتە بەرگوێمان بانگی دەکردو دەیقیژاند: فریام بکەون، رزگام بکەن وا خنکام،دووبارە بەدەنگی بەرزەوە هاواری دەکرد ، ئێمەش گفتوگۆکەمان بڕی‌و بەرەو سەرچاوەی ئەو دەنگە ڕامان‌کرد ، بینیمان واپیاوێك لەناو ئاوی ڕووبارەکەدا قووت دەخوات‌و یاری دەکات ، کاتێك ئێمەی بینی وا بە پەلەپەل دەچینەلای دایە قاقای پێکەنین ، ئێمەش لە کردەوەی ئەم کابرایە سەرمان سوڕما !! پێمان‌ووت : کابرا ئەوە چیت لێ‌قەوماوە ؟ ئایا ڕاستە پێویستیت بە یەکێکە ڕزگارت بکات ؟ ووتی : نەخێر : ویستم گاڵتەتان لەگەڵدا بکەم .

ئێمەش بەجێمان هێشت‌و ڕۆیشتین بۆ ئەوەی گەڕانەکەمان بەرینەسەرو دەستمان کردەوە گفتوگۆکردن‌و ڕوانینە دیمەنە سروشتی‌یە دڵرفێنەکان لەبەر ئامادەکردنی وانەکانمان بۆ ماوەیەك وازمان لە گەڕان هێنا ، ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕیارمان دا بە هەمان شوێنی ئەو جارەماندا لەسەر کەناری دیجلە گەڕانێکی‌تر بکەینەوە . ئەم جارە دەنگوباسی قارەمانێتی‌و کۆڵ‌نەدانی برا خۆبەخت‌کەرەکانمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە کە چۆن بۆ وەرگرتنی مافە قووت‌دراوەکانیان خەبات دەکەن ، لە ناکاودا بیستمان هەمان دەنگ دەقیژێنێت‌و هاوار دەکات : فریام بکەون، ڕزگارم بکەن ، وا خنکام .

که ئاوڕمان دایەوە بینیمان هەر هەمان کابرای جاری پێشووە کە گاڵتەی پێ کردین دەیەوێت ئەم جـــارەش گاڵتەمان پێ بکاتەوەو گەڕانەکەمان لێ تێك بدات ، ئێمە هەر لەسەر گفتوگۆ کردنەکەی خۆمان ڕۆیشتین ، پـــاش ماوەیەك گوێمان لە غەڵبە غەڵبێك بـوو خەڵکیــش وا ڕادەکەن ، پرسیمان : براینە ، بڵێن چ ڕووی داوە ؟ وتیان : ئەو کابرایە خنکا · ئێمەش دەستمان کــردە پێکەنین و وتمان : ئێوە دەڵێن چی ، پیاوێك خنکا !!

کە نزیك کەوتینەوە بۆمان دەرکەوت ئەمە هەر ئەو پیاوەیە کە جاری پێشوو درۆی لەگەڵدا کردین ، ئــەوە « مەلەوانە درۆزنەکەیە » ·

لێکدانەوەی وشەکان :

فریام بکەون : ڕزگارم بکەن ·

توانــا : هێــز ·

هەمــان : هەر ئەوە ·

غەڵبەغەڵب : دەنگێکی زۆری مرۆڤ

گفتوگۆ ڕاهێنان :

١ ــ ئەحمەدو عادل بۆ کوێ چوون ؟

٢ ــ لە کاتی گەڕانەکەیاندا ئەحمەدو عادل باسی چی یان

دەکـرد ؟
٣ ــ گوێیان لە چی بوو هاوارەکە چی دەویست ؟
٤ ــ ئایا ئەو پیاوە لە داخوازی جاری یەکەمیدا ڕاستی دەکـرد ؟
٥ ــ بۆ لە جاری دووەمدا ئەحمەدو عادل یارمەتی ئـەو پیاوەیان نەدا ؟

ئەم ڕستانە تەواو بکە :

١ ــ ئەو کەسەی ماڵی خۆی ببەخشێت ناوی دەنێـــن بەخشـــندە ٠
٢ ــ ئەو کەسەی کاری خۆی بەپوختی دەکـات نـاوی دەنـێـن ـــــــ
٣ ــ ئەو کەسەی کاروبـاری جێبـەجێ دەکـات نـاوی دەنـێـن ـــــــ
٤ ــ ئەو کەسـەی هەمیشـە ڕاسـتی دەڵێـت نـاوی دەنـێـن ـــــــ

# ڕەوشتی ڕێگاوبان




محەمەد ووتی : کاتێ کە رادیۆکەم کردەوە گوێم لێبوو دوو هاوڕێ لە بەرنامەی منداڵاندا لەگەڵ یەکتردا ووتووێژیان دەکرد .

سیروان دەستی کردە ووتووێژکردنو ووتی : کۆمەڵو ڕێگاو بانەکان خووڕەوشتی خۆیان هەیە ئەگەر بێتو جەماوەر پەیڕەوی یان بکەنو لەسەریان بڕۆن پێی دەحەسێنەوە، لە مەترسی یەکان دوور دەکەونەوە .

پیرۆت وەڵامی دایەوەو ووتی :   ئەو خوورەوشتانە چین؟

سیروان ووتی : لەسـەر ئادەمیزاد پێویستە بە تەواوەتی مافی ڕێگاوبان بدات ، لە کاتی ڕۆیشتندا نە پەلە بکاتو نە بەهێواشی بڕواتو لەسەر شۆسەی تایبەتی یەوە ڕێ بکات ، نابێت لەو کاتەدا خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەوە خەریك بکات ، هەروەها نابێت بەڕاوەستانو گفتوگۆ کردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێگا لە هاتوچۆ کەران بگرێت ، ئەگەر کەسێك ویستی سواری ئۆتۆمۆبێل ببێت پێویستە لەپێشدا چاوەڕێی ئەو کەسانـە بکـات کـە دەیانەوێت دابەزن ئینجا کە سرەی هاتە سەر سوار بێتو ڕێگا لە وانی‌تر نەگرێت ٠



ئینجا پیرۆت بە سیروانی ووت : ئایا خوو ڕەوشتی تری ڕێگاو بان هەیە ؟

سیروان وەڵامی دایەوەو ووتی : بەڵێ گەلێک خوو ڕەوشتی تری ڕێگاو بان هەن وا بۆت دەگێڕمەوە:

ئەگەر ڕێکەوت یەکێک داوای لێ کردی شوێنێکی تایبەتی پیشان بدەیت ، پێویستە ڕێزی بگریت و بەتەواوەتیو ڕوونی شوێنەکەی پیشان بدەیت ، هەروەها لە خوو ڕەوشتە گشتیەکانی تر ئەوەیە چ لە پۆستەخانەوچ لە پەنجەرەی فرۆشتنی بیتاقە لە ئێستگەی شەمەندەفەر وەیان لە پەنجەرەی بیتاقەی سینەما پێویستە چاوەڕێی سرەی خۆت بکەیت چونکە ئەمە نیشانەی پەروەردەی باش و ڕەوشتی بەرزو خۆشویستنی یاسا دەنوێنێت .

ئەوەیش بزانە کەپێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەربارەی ڕەوشتی ڕێگاو بان فەرموویەتی «چاولێ پۆشین و ئازار نەدان و سلاو و وەڵام دانەوەو خۆ دوور خستنەوە لە جراپەو نزیک کەوتنەوە لە چاکە» .

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

لەوانی تر : لە ئەوانی دی

شۆسە : سەکۆی لاڕێیەکان (رصیف)

بیتاقە : بلیت

چاو لێ پۆشین : لەسەر شیت نەڕۆیشتن

جەماوەر : خەڵک

گفتوگوو ڕامێنان :

١ ـ چۆن پێویستە بە ڕێگادا بڕۆین ؟

٢ ـ ئەگەر یەکێك ویستی شوێنێکی تایبەتـی پیشان بدەیت چی دەکەیت ؟

٣ ـ ئایا هیچ خوو ڕەوشتێکی تری ڕێگاوبان هەیـە کـە لێرەدا باسی لێ نەکرابێت ؟ بۆمان باس بکە ٠

# لافاوی ڕووباری دیجلـه



ڕووباری دیجله بریتی‌یه له دوو لقه ڕووبار کـه لـه خـاکـی تورکیـاوه هـه‌ڵ ده‌قوڵن‌و لـه ڕووبارێکدا یه‌ك‌ده‌گرنه‌وه پێی ده‌گوترێت ( ڕووباری دیجله ) بـه هه‌رێمێکی شاخاوی سه‌خت‌دا تێ‌ده‌په‌ڕێت‌و دۆڵـی ئاوه‌که‌ش ته‌سك ده‌بێته‌وه له‌به‌ر ئه‌مه ئاوه‌که‌ی به‌تیژی تێ‌ده‌په‌ڕێـت .

ڕووباری دیجله له نزیك گوندی پێشخابوره‌وه دێته ناو سنووری عیراقه‌وه‌و چه‌نـد لقـه ڕووبارێکـی تـێ‌ده‌ڕژێـت کـه هه‌نـدێکیـان هـه‌ر لـه خاکـی عیـراق‌و هـه‌نـدێکیشیـان لـه تـورکـیـاو ئێرانه‌وه هه‌ڵ‌ده‌قوڵێن : له‌سه‌ر ئه‌م لقه ڕووبارانه چه‌ند

پڕۆژەیەکی ئاودێری دروستکراون وەك پەنگاوی دوکانو دەربەندیخانو بەستی دیالە ، لقە ڕووبارەکانیش خابوورو زێی گەورەو زێی بچووکو عزێمو دیالەن .

دوای ئەوەی ڕووباری دیجلە دەگاتە شاری عەمارە لە پارێزگای میسان چەند جۆگەیەکی لێدەبێتەوە ، وەك : موشەڕەحو کەحلاو بوتێرەو مەجەڕی گەورەو مەجەڕی بچووك . پاش ئەوەی دیجلە دەگاتە گەرمەتعەلیلەگەل ڕووباری فورات یەك دەگرنەوەو ڕووباری ( شەتولعەرەب ـ شط العرب ) پێكدەهێنن .

زۆر بوونی ڕادەی بەفرو باران یەکێکە لە هۆیەکانی پەیدابوونی لافاو لە ڕووبارەکاندا . بەفر بە گرنگترین هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی ئاوی ڕووبارەکان دەژمێردرێت ، چونکە بەو هۆیەوە ڕادەی ئاو لەناو ڕووبارەکە بە شێوەیەکی ناسروشتی بەرز دەبێتەوە بە جۆرێك کە ئیتر ڕووبارەکە نایگرێتو بەم لاو بەو لایدا دەڕژێتو هەرچی زەوییەکی دوورو پشتی هەیە بە ئاوی لافاو دادەپۆشرێتو ڕادەی ئاو بەرزدەبێتەوەو لافاو پەیدا دەبێت .

لەمەوپێش لە ڕووباری دیجلەدا چەند لافاوێك ڕوویداوە کە زیانی بە بەرژەوەندی گشتی وولات گەیاندووە ، لە هەموویان مەترسیتر لافاوەکەی سالی ١٩٥٤ بوو ئەوەندەی نەمابوو شاری بەغداد نقووم بکات . گەلێك کەسی تێدا خنکا ، چەند خانوویەکی ڕووخاند ، گەلێك خێزانی دەربەدەر کرد ، کشتوکالیشی فەوتاند . وایلێهات ڕادەی بەرزی ئاو لە مەترێك

تێ پەڕی ، وولآت لەو کاتەدا تووشی کارەساتێکی گەورەبوو ، لەبەر ئەمە حکومەتی ئەو سەردەمە بیری لەوە کردەوە بۆ بەربەستکردنی مەتوسی‌ی لافاو چەند بەستو پەنگاوێك دروستبکات ، بەلآم ئەمانە ئەنجامی تەواویان نەدا بەدەستەوە ، کە بەستی ( ثرثار ـ سەرسار ) دروستکرا ئەو ئاوەی ئەوسا خەریك‌بوو بەغداد بخنکێنێت،بوو بە دەریاچەیەکی زۆر گەورە ، ئەم دەریاچەیەش بێ‌سوود مایەوە بێ‌ئەوەی پلانی بۆ دابنرێت تا بۆ کاروباری ئاودێری‌و کشتوکاڵ سوودی لێ وەربگیرێت •

کە شۆڕشی حەڤدەی تەمموز بەرپابوو ، پلان‌دانرا بۆ سوود وەرگرتن لەم پەنگاوە گەورەیەو ئامانجی دروستکردنی نۆکەندی سەرسار بووبە : ڕزگارکردنی وولآت لە کارەساتی لافاو لە لایەکەوەو پەیداکردنی دێهاتی.ئیشتراکی پێشکەوتوو لە لایەکی‌ترەوە ئەوەبوو لە نیسانی ١٩٧٢دا دەستکرا بە کارکردن لەم پرۆژە مەزنەدا •

تا جەژنەکانی تەمموزی سالّی ١٩٧٦ کرێکارو ئەندازیارەکانی عیراقی بە یارمەتی پسپۆرو زاناکانی سۆڤیەت توانی‌یان پلەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە تەواو بکەن • لە ئەنجامی ئەم پرۆژەیەدا ڕووباری سێیەم خرایەسەر رووبارەکانی دیجلەو فورات ئەویش ئەو ڕێژگە گشتی‌یەیە کە ڕووباری دیجلە بە ڕووباری فوراتەوە دەبەستێت • ئەم پرۆژەیە چەند پلەیەکی تری ماوە کە یەك لەدوای یەك تەواو دەبن ئەوسا گەلێك

سوودی گەورەی ئاودێری و ئاوەدان بە وولات دەگەیەنێت کە لەمەوپێش هاوتای نەبووە ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان :

نۆکەند : قەنات ، بەو کەندە دەستکردە دەووترێت کە دوو دەریا یا دوو ڕووبار بەیەکتر بگەیەنێت ٠

پەنگاو : ئەو ئاوەیە لە ئەنجامی بەستدا پەنگ دەداتەوە ٠

بەست : دیوارێکی گەورەیە بەری ئاوی پێ دەگیرێت ٠

لقەرووبار : ئەو رووبارەیە کە دەڕژێتە ڕووبارێکی لەخۆ گەورەترەوە ٠

ڕێژگەی رووبار : ئەو شوێنەیە کە ئاوی نۆکەند یا لقەرووباری لێوە دەرژێتە ڕووبار (مَصَب)

## گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ سامناکترین لافاوی ڕووباری دیجلە کەی ڕوودا ؟

٢ ـ زەرەرو زیانەکانی ئەو لافاوە چی بوو ؟

٣ ـ ئایا حکومەتەکانی پێشوو توانیان سوود لە ئاوی پەنگاوی سەرسار وەربگرن ؟ بۆچی ؟

٤ ـ ئامانجی حکومەتی شۆڕش لە دروستکردنی نۆکەندی سەرسار چی یە ؟

## ئەم ڕستانە تەواو بکـە :

١ ـ ڕووباری دیجلە لە نزیك ________ وە دێتە ناو سنووری عیراقەوە ۰

٢ ـ لەسەر ئەم لقە ڕووبارانە چەند پرۆژەیەکی ئاودێری دروستکراوە وەك پەنگاوی ______ و ________ و ________

٣ ـ لقەکانی رووباری دیجلە ئەمانەن ___________ و ______ و ______

٤ ـ زۆر بوونی ڕادەی ______ و ______ یەکێکە لە هۆیەکانی پەیدا بوونی ______ لە رووبارەکاندا ۰

# سەردان لە کێڵگەیەکی هەرەوەزی



ڕۆژێك مامۆستای وانەی زانیاری لە قوتابییەکانی پرسی : ئایا دەزانن وولاتەکەمان چەند جۆرە سەوزەو میوە بە بەرهەم دێنێت ؟

قوتابییەکان دەستیان کردە ناوهێنانی ئەو جۆرانەی دەیزانن • مامۆستاکەیان ووتی : لە گەشتێکی قوتابخانەکەماندا دەچین سەر لە یەکێك لە کێڵگە هەرەوەزییە گەورەکان دەدەین • لە کاتی دیاری کراودا قوتابییەکان لە گۆڕەپانە گەورەکەی قوتابخانەکەیان کۆبوونەوەو سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بوونو بە ڕێگایەکی قیرتاوکراودا بەرەو کێڵگە بە سروودو گۆرانی ووتنەوەو چەپلەلێدانو قسەی خۆش کردن ڕۆیشتن •

که گەیشتنە کێڵگەکە بۆ ماوەیەك حەسانەوە ئینجا مامۆستاکە لەگەڵیاندا بە کێڵگەکەدا دەستی کـــردە گەڕانو چی یان لێ بپرسیایە وەڵامی دەدانەوە •

ئەمە کێڵگەیەکی جوانی ڕێكو پێکە ، ئەم ترومپایـە ئاو بە جۆگەکانی ناو کێڵگەکەدا بڵاودەکاتەوەو ژیـانبە بـە کشـتوکاڵ دەداتو گیا سەوز دەکاتو میوەهـات پێدەگەیەنێتو دەمی گوڵو گوڵەباخ دەکاتەوە •

مامۆستاکە دەستی کردە ناوبردنی ئـەو جـۆرە سەوزەو میوەهاتانەی کـە لە خاکەکەمـاندا هـەن وەك درەختی میوەهاتی هەمە جۆرەی : هەنجیرو هەنارو ترێو میوەی ترشو دارخورماو دارگوێزو هەرمێو هەڵووژەو هی تر • ئینجا مامۆستاکەیان وازی لێهێنان بۆ ئەوەی هەر کەسەیان بۆ خۆ بەناو کێڵگەکەدا بگەڕێنو بەچاوی



  

خۆیان پیتو بەرەکەتی زەوی یەکەیانو زۆری کشتوکاڵ ببینن . قوتابی یەکان جووتیارێکیان دی خەریکە بە مەکینەیەکی جووت کردن زەوی دەکێڵێت ، دەنگی مەکینەکەی گوێی کەڕ دەکرد ، هەرکە جووتیارەکە قوتابی یەکانی چاوپێکەوت مەکینەکەی وەستاندو سلاوی لێ کردنو ووتی : ڕۆژتان باش ،وەڵامیان دایەوەو ووتیان : ڕۆژباش ، ئێمە بۆ سەردانی ئەم کێڵگەیە هاتووین دەمانەوێت بۆمان ڕوون بکەیتەوە کە سوودی کێڵگەکانی هەرەوەزی بۆ جووتیاران چی یە .

جووتیارەکە ووتی : هەمووتان بەخێربێن ، ئەم زەوی یە لە کاتی رابوردوودا بەدەست دەرەبەگێکەوە بوو ، هەر بەرهەمێکی هەبووایە دەماندایە ئەو ، هیچ بۆ ئێمە نەدەمایەوە ، هەموو هەوڵو تێکۆشانو زەوی کێڵانو ئاودانو ڕەنجێکمان هەر بە فیڕۆ دەڕۆیشت . بەڵام ئێستا پاش بڵاوبوونەوەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ حکومەتی شۆڕش دەستی کرد بە دابەش کردنی زەوی بەسەر جووتیارەکاندا ، جووتیارەکانیش کۆمەڵی هەرەوەزی کشتوکاڵیان بۆ خۆیان پێک هێنا ،

ئاگاداری زەوی‌یەکەی دەکات ، بەرهەمەکەش بۆ هەموو لایەکە ، هەر جووتیارێك بە پێی بەشی لە زەوی‌یەکەداو کارکردنی ئەوەندە بەرهەمی دەست دەکەوێت .

یەکێك لە قوتابی‌یەکان پرسی : ملمەکە ! کێ ئەم کێلگەیە بەڕێوە دەبات ؟

جووتیارەکە ووتی : هەموو جووتیارەکان بە هاوبەشی کردن ئەم کێلگەیە دەبەن بەڕێوە .

یەکێکی‌تر پرسی : ئەی چۆن بەرهەم بۆ فرۆشتن دەنێررێت ؟

جووتیارەکە ووتی : ناردنی بەرهەم لەم کێلگەیەدا لەلایەن کۆمەلی هەرەوەزی جووتیارانەوە دەبێت .

ئەو سەوزەو میوەهاتەی لە بازاڕەکانی وولاتدا دەبینن لە بەرهەمی کێلگەکانمانەوەیە کە ژمارەیان دەگاتە چەند سەدێك‌و بە هەموو لایەکی وولاتە خۆشەویستەکەماندا بلاوبۆتەوە . ئەوەی لە بەکار هێنانی خۆشمان بە زیادە دەمێنێتەوە بۆ وولاتەکانی‌تر دەنێررێتە دەرەوەی عیراق .

کشتوکاڵ لە هەرێمی عیراقدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەبووندایە چونکە لەلایەن دەولەتەوە سەرپەرشتی‌و چاودێری دەکرێت .

لەکۆتایی‌دا قوتابی‌یەکان سوپاسی جووتیارەکەیان کردو لە دەمەو ڕۆژئاوا بووندا کێلگەکەیان بەجێ‌هێشت‌و بە دلێکی شادو بە مێشکێکی پڕ زانیاری‌یەوە گەڕانەوە .

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

ترومپا : پەمپ ، مەکینەی ئاو هەڵهێنجان .

میوەی ترش : وەك : پرتەقاڵ ، نارنج ، لیمۆی ترش .

بەرهەم : بەرووبووم .

دەرەبەگ : ئەو کەسە بوو کە پارچە زەویەکی گەورەی داگیرکردبووو جووتیارەکانیشی دەچەوساندەوە .

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ سەردانەکە بۆ کوێ بوو ؟

٢ ـ قوتابی یەکان لە کێڵگەکەدا چی یان بینی ؟

٣ ـ باسی هەندێك سەوزەو میوەهاتی تر بکە کە لە وولاتەکەماندا بە بەرهەم دێت ؟

٤ ـ ئامانجی کێڵگە هەرەوەزی یەکان چی یە ؟

**بە دەستکاری یەوە لەم دوو کتێبە وەرگیراوە :**

**جوغرافیای هەرێمی عێراق و خوێندنەوەو لەبەرکردنی ـ قەتەر**

# پـووره‌ی هه‌نـگ



کاوان : ڕۆژباش ئه‌ی هه‌نگی جوان ده‌تبینم به‌درێژایی ئه‌م ڕۆژگاره بۆ خۆت یاری ده‌که‌یتو له‌م گوڵه‌وه ده‌فڕیته‌سه‌ر ئه‌و گوڵ بێ ئه‌وه‌ی بیرێك له كـارو وانه‌و پێویستی‌یه‌کانی‌تر بکه‌یته‌وه .. ئـــه‌ی هه‌نگ تۆ چه‌ند به‌ختیاریت خۆزگه منیش وه‌ك تۆ بۆ خۆم یاریم ده‌کردو ڕام‌ده‌بوارد .

هه‌نگه‌که : کاوان تۆ به‌هه‌ڵه‌دا چوویت.مـــن نه یـاری ده‌که‌مو نه‌ڕاش ده‌بوێرم ، له‌م گوڵ بۆ ئه‌و گوڵ ده‌فڕم تاوه‌کو ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شانمه ڕای‌په‌ڕێنمو کاری به‌که‌ڵـك بکـه‌م پـاش ئه‌مـه بـۆم هه‌یـه یاری بکه‌مو بگه‌ڕێم .

کاوان : ئەو کارە بەکەڵکە چی‌یە کە بە درێژایی ئەم ڕۆژگارە تۆی خەریک کردووەو ماوەی ئەوەشت نادات بیر لە حەسانەوە بکەیتەوە ؟

هەنگەکە : من شیلەی گوڵ دەمژم‌و پێش بەسەر چوونی هاوین هەنگوینی لێ‌دروستدەکەم ، ئەگەر من ئێستا ئەم کارە نەکەم گوڵەکان دەمرن‌و ووشک دەبنەوە منیش ئەم هەلە بە نرخەم لە دەست دەچێت‌و ناتوانم ئیتر خۆراک کۆبکەمەوەو ئەوسا لە زستاندا لە برساندا دەمرم ، من بەشانازی‌یەوە خواردن بۆ خۆم‌و کەسانی‌تر کۆدەکەمەوە ، گوایە کاوان تۆ نازانیت من ئەو هەنگوینە دروست دەکەم کە خواردنێکی ئەوتۆیە گەرمی‌و



تەندروستی دەخاتەبەر هەمووتان بە گەورەو بچووکەوە هەروەها دەرمانیشە بۆ نەخۆشی ٠

کاوان : ئەمە ئەرکێکی گەورەیەو جێی سوپاس‌و شانازی‌یە ، بەڵام پێم‌نالێیت ئەی هەنگی جوان تۆ لە کوێ دەژیت ؟

هەنگەکە : من لە مۆم ، خانە بۆ خۆم دروست دەکەم ، ئەوە هەم ماڵەو هەم کارگەیە بۆ دروست‌کردنی هەنگوین ٠

کاوان : هەر سەرکەوتووبیت ئەی هەنگی کۆڵنەدەر ، منیش لەمەولا لە کارو فرمان‌و ئامادەکردنی وانەکان‌و دڵسۆزیم بۆ نەتەوەی نیشتمان پەیڕەویت‌دەکەم‌و دەتکەم بە نموونە بۆ خۆم ٠

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

پوورە هەنگ : خانەی هەنگ ٠

شیلەی گوڵ : تامە خۆشەکەی ناوگوڵ ٠

خانە : ماڵ ٠

خۆراك : خواردن ٠

تۆ دەکەم بە نموونە : وەك تۆ دەبم ٠

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ کاتێك کاوان هەنگەکەی بینی وا لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ دەفڕێت چی بەبیردا هات ؟

٢ ـ ئاواتی کاوان لە سەرەتاوە چی بوو ؟

٣ ـ ئەم ئاواتەی کاوان هەر وەک خۆی مایەوە ؟ بۆچی ؟

٤ ـ هەنگوین چ سوودێکی هەیە ؟

٥ ـ کاوان چۆن دوعاخوازی لە هەنگەکە کرد ؟ ئایا دەتەوێت تۆ بە شێوەیەکی تر دوعاخوازی لێ بکەیت ؟ بۆمان باس بکە ·

# باخی گشتی



لە ڕۆژێکی بەهاردا کۆمەڵی گەشت کردن لەقوتابخانەدا هەواڵی گەشت کردنێکی بڵاوکردەوە ، چی پێویست بوو بۆ ئەم گەشتە وەك خواردن و کەلوپەل ئامادەی کرد ، لە ڕۆژی دیاری کراودا بە ئۆتۆمۆبێل بەرەو باخەکە کەوتنەڕێ ، هەرکە گەیشتنێ قوتابییەکان دابەزین و بە خۆشی خۆشی لەناو باخەکەدا بڵاوەیان لێ کردو بە دیمەنی زەوییە سەوزەکەو گەڵای دارە جوانەکان دڵخۆش بوون و دەستیان کردە گفتوگۆکردن لەگەڵ جوتیارەکاندا دەربارەی کاروباری کشتوکاڵ .

پاش ئەوە دیسانەوە دەستیـان کردەوە ڕابواردنو یاری کردن کەژالیش چووە لای ئینجانەی گولەکان ، گولە باخێکی جوانی بەرچاو کەوت خونچەکانـی خەریکی دەم کردنەوە بوون، لەم کاتەدا کە لە گولەکان وورد دەبووەوە چەند سەوزە کرمێکی دی کە خونچەکانیان خواردبوو . بیری کەوتەوە کەلە وانەی زانستیی ژیاندا خوێندویەتی کە ڕووەکو گولیش دوژمنیان زۆرە وەك ئەو کرمانەی کە گەڵا ووردیلەکانو خونچە ناسکەکان دەخۆنو نایەڵن گەورەببن . لەم کاتەدا کە کەژاڵ بیری لەمانە دەکردەوە براکەی خەریك بوو بە مەقەستێك چەپکێك گـــوڵ بکاتەوە . بەڵام ئەم زوو فریای کەوتو نەی هێشتو پێی ووت، ئەم گوڵانەی ناو باخی گشتی هی تاقە یەك کەس نین بەڵکو هەموو کەسێك بە بینینیان دڵشـاد دەبنو دیمەنی شارەکەی پێ جوان دەبێتو بۆنی خۆش بە شارەکەدا بڵاو دەکاتەوەو ژیانی هەنگو دروست کردنی هەنگوینە خۆشەکەشی بەندە بەبوونی ئەم گوڵانەوە .

بـــراکەی پەشیمان بووەوەو داوای لێبوردنـــی لێ کردو بەڵێنی دایێ کە جارێکی تر دەست لە گـــوڵ نادات و لە دارەکانیان ناکاتەوە .

لەدواییدا قوتابییەکان نانی نیوەڕۆیان خوارد تـا نزیك ئێوارە دەستیان کردە یـاریو گاڵتەو گورێس گورێس کردن،دووای بەسەر بردنی ڕۆژێکی شادوخۆش بەر لە خۆرئاوابوون بە ئۆتۆمۆبیلەکانیان گەڕانەوە .

## لێکدانـەوەی ووشەکان :

خونچە : گوڵێکی بچوکی دەم نەکراوەیە ·
ڕووەك : ئەوەی دەڕوێت ـ نبات ·
جووتیار : ڕەنجبەر ، فەلاح ·
لێی وورد دەبێتەوە : چاك تەماشای دەکات ·

## گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ ئایا لە بەغداد باخی (زەورا)ت بینیوە ؟ باسی بکە ؟
٢ ـ باخی گشتی چ شارێکت بینیوە ؟ باسی بکە !
٣ ـ چۆن چـاودێـری خونچـە دەکەیـت تاوەکـو دەم دەکاتەوەو دەبێتە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ؟
٤ ـ ئەگەر بە لقی دارگوڵێکەوە کرمت بینی چی دەکەیت؟
٥ ـ ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە :

لەم کاتەدا کە کەژاڵ لە ـــــــ وورد دەبووەوە چەنـد ـــــــــــ دی کە ـــــ خواردووە · ئینجا بیری کەوتەوە کە لە وانەی ـــــــ خوێندویەتی کە ـــــ و ـــــ دوژمنیان زۆرە ·

## بەخشنــــدەیی عـــەرەب

### ( ئەسپــەکەی حــاتەمــی تــەی )

حاتەمی تەی پیاوێکی ئەوەندە بەخشندەبوو کە لـە بەخشندەیی‌دا ناوبانگی دەرکردبوو و کرابووە نموونە ، هەرکە ساردی زستان ببزوتایە بە خێزانەکەی دەگووت لەسەر تەپۆلکەکان ئاگر بکەنەوە بۆ دالدەدانی ئەوانەی بە شەو ڕێگایان لێ‌وون‌دەبێت • هەرچی‌یەکی هەبوو دەیبەخشی تەنیا ئەسپەکەی‌و چەکەکەی نەبێت چونکە ژیانـــی لەشەڕو ئاسایشدا لەسەر ئەو دوانە بەندبوو •

ساڵێکیان قەومەکەی تووشی نەهاتی‌یەکی قورس بوو گیا ووشك بوو ووشترەکانیان فەوتا ، خەڵکەکە بەتەمای ژیان نەمابوون • لەشەوێکی ساردی زستاندا منداڵەکانی حاتەم لە برساندا دەستیان کرد بـە گریان ، حاتـــەم دڵخـــۆشـــی دانـــەوە تاوەکو بێ‌دەنگ بـــوون‌و نووستن • ئەو شەوە لە درەنگ وەختدا لەپڕ ئافرەتێك هاواری حاتەمی کردو ووتی : ئەی « باوکی عودەی » خۆم هاویشتە ماڵەکەت‌و منداڵەکانم لە برساندا بە درێژایی شەو هەر دەگرین ، لە تۆ زیاتر کەسی تر شك نابـەم پەنای بۆ بەرم ، قسەی ئافرەتەکە کاری لە حاتەم کرد دەست بەجێ هەڵساو دەستی دایـە کێردەکەی‌و ڕووی کردە ئەسپەکەی‌و سەری بڕی‌و پێستەکەی گـــوروو ، ئینجا ئاگری کردەوەو چەقۆیەکی‌دایە دەست ژنـەکـەو پێی‌ووت «بۆ خۆت گۆشت ببڕەو بیبرژێنـەو بخـۆو

دەرخواردی منداڵەکانتی بدە» ژنەو منداڵەکانی دەستیان کردە گۆشت خواردن ·

ئینجا حاتەم ئەو خەڵکەی بانگ کردو ووتی : ئەی خوێش خێرا بکەن ، ئاگر کردنەوە لەسەر ئێوە ، ئەوانیش دەوری ئەسپەکەیاندا ، تاتێر بوون خواردیان ، حاتەمیش لە سووچێکەوە خۆی لە جلەکەی پێچایەوەو دەمی لە هیچ نەدا ·

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

بەخشندەیی : یارمەتیدانی هەژاران ، پیاوەتی ·
داڵدەدان : خەڵك گرتنە خۆ ·
نەهات : نەبوونی ·
عودەی : کوڕی حاتەم بوو ·
گورووو : پێستەکەی لێ کردەوە ·
خوێش : خزم و کەس و کار ·
کێرد : چەقۆی گەورە ·

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ بۆ حاتەم لە بەخشندەییدا کرابووە نموونە ؟
٢ ـ بۆچی حاتەمی تەی جبەکەی و ئەسپەکەی نەدەبەخشی ؟
٣ ـ بەخشندەیی یەکەی حاتەم چی بەسەر هێنا ؟
٤ ـ نیشانەی ڕاست بەرامبەر وەڵامە ڕاستەکان دابنێ :
حاتەم لەسەر تەپۆڵکەکان ئاگری دەکردەوە :
أ ـ بۆ خۆ گەرم کردنەوە لەزستاندا ·
ب ـ بۆ داڵدەدانی ئەوانەی بەشەو ڕێگایان لێ وون دەبێت ·
ج ـ بۆ ڕووناك کردنەوەی ئەو شوێنە ·

# قـــەلو ڕێـــوی

« دلدار »

ڕۆژێ لـــە ڕۆژانـــا قـــەلێ
وەستا لـــە ســـەر كـــۆلكە چلێ
سەلكێ پـــەنیری لـــە دەنووك
ویستی كـــە بیخوا لـــە هـــەلێ
ڕێـــوی بـــەلایـدا تێ پـــەڕی
چاوی بەقەل كـــەوتو ، مـــەڵێ
ویستی بـــە فێڵێ لێی سەنێ
دەستی پێ كرد پێی هـــەڵ بڵێ
ووتی ئـــــەی بلبلی زەمـــان
ئـــەی نەغمە خوانی سەر تەلێ
بیستوومە مـــن نـــاو بانگی تۆ
تـــوخـــوا گـــۆرانیم بـــۆ بڵێ
قـــــەل وەختێ زاری داپچران
پـــەنیری كـــەوتـــە بن تـــەلێ
ڕێـــوی پەنیری قـــــۆستەوە
بەلام لـــە پێش ئـــەوەی هـــەڵێ
ووتی ئـــەو جا بـــەسە نەفام
گوێت لێ بێ ڕێـــوی بـــۆت بڵێ
وەختێ شـــتیكت گـــرتـــە دەم
كـــەر مـــە بـــە گـــۆرانی مەڵێ

## گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ــ ئەم شیعرە ، لە بنەڕەتدا (لاڤۆنتین)ی شاعیری فەرەنسایی داینا‌وەو ( دڵدار ) کردوویە بە کوردی ، ئەوەش بزانە کە بەزمانی عەرەبیو زمانەکانی تریش هەر وەرگێڕاوە .

٢ ــ ئایا قەلەکە چاکی کرد کە بە قسەی ڕێوی بڕوای کرد ؟

٣ ــ دەنگی قەلت بیستووە ؟ ئایا ئەو خۆشترە یان دەنگی کەو ؟

٤ ــ ئایا قسەکەی ڕێوی ڕاست بوو کە بە قەلەیەی دەگوت تۆ وەکو بولبول دەنگت خۆشە ؟ ئەی بۆچی
أ'ف : قسەی ناشیرین .
ئەو درۆیەی دەکرد ؟

٥ ــ کامیان فێڵ بازبوون قەلەکە یان ڕێوی یەکەم ؟ لە دواییدا پەنیرەکە بەر کێ کەوت ؟

# پەڵە هەورێك باسی خۆی دەگێڕێتەوە



لە ڕۆژێکی پشووی هەفتەی وەرزی زستاندا نازەنین
کە دی وا هەور خەریکە بەری ئاسمان دەگرێت زۆر
پەستبوو ، ئەم پەستی‌یەی بۆ دایکی گێڕایەوە چونکە
لەم ڕۆژەدا وادیارە باران نایەڵێت سەر لە ماڵی پووری
بدات . دایکی زەردەخەنە گرتی‌و کچەکەی ماچ کردو
پێی‌ووت کە خەڵك بە هەورو باران دڵخۆش دەبن لەبەر
ئەوە پێویستە تۆش لەو خۆشی‌یەدا بەشداری بکەیت ،
نازداریش لە دایکی پرسی چۆن خەڵك بە باران
شادەبن لە کاتێکدا باران ڕێی گەشتو هاتوچۆیان
لێدەگرێت ؟

دایکی ووتی : کچم ، ئەگەر تۆ گوێت لە پەڵە هەورێك گرت کە باسی خۆیت بۆ بکات دڵت پێی خۆش دەبێت‌و ئەو پەستی‌و ناخۆشی‌یەت دەبێتە خۆشی‌یەکی ئەوتۆ ئەگەر لەوەوپاش چاوت بە هەر هەورێك کەوت کە سەر لە وولاتەکەمان دەدات‌و بارانمان بۆ دەهێنێت، دڵت پێ‌خۆش‌تر دەبێت ·

نازەنین ووتی : بەگەرمی‌یەوە چاوەڕێی گێڕانەوەی دەکەم‌و زۆر بە ئارەزووەوە گوێی لێ‌دەگرم ·

دایکی ووتی : کەوابوو گوێت لە باسە خۆشەکە بگرە ·

پەڵە هەورەکە باسی خۆی دەکات‌و دەڵێت :

ئەی نازەنین چیرۆکەکەم دەچێتە دڵتەوە چونکە بە ئاو دەست پێ‌دەکات‌و بە ئاو کۆتایی دێت ، وەکو دەزانیت ئاوی سەرزەوی هۆی ژیانە ، بوونی من لە ڕووبارو گۆم‌و زەریاکانەوەیە ، کاتێك ڕۆژ هەڵدێت‌و گەرمایی بەسەر هەموو شوێنێکدا بڵاودەکاتەوە ، ئاوەکان دەبن بە هەڵم ، بەمە یەکەم هەنگاو دەنێمە ژیان‌و هەوا لە چەشنی هەڵمدا بەرەو ئاسمان بەرزم دەکاتەوە تا لەوێ تووشی چینە ساردی‌یەکان دەبم‌و چڕیم زۆر دەبێت، لەو کاتەدا دەبم بە هەور با بە ئارەزووی خۆی بەم لاو بەو لادا دەمگێڕێت ، ئەگەر هاتوو تووشی کەشێکی ساردتر بووم دەگۆڕێم‌و دەبمە باران بۆ ئەوەی بە شێوەی ئاوێکی سازگار بگەڕێمەوە بۆ سەرزەوی جۆگەو کێلگەو دەشت‌و کێوە تینووەکان تێر ئاو بکەم، ڕووەکتان بۆ دەڕوێنم ئێوەش

پەروبوومەکەی دەخۆن‌و گیای پاوانێیەکانتان بـۆ سەوزدەکەم ، مەڕومـالات‌و ڕەشەوڵاخەکانتان تێـری لێ بخۆن ، ئینجا لە چەم‌و دۆڵ‌و شیوو رووبارەکانـدا کۆدەبمەوەو ئاوتان پێ‌دەبەخشم تاوەکو لێی‌بخۆنەوەو پێویستی خۆتانی لێ دابێن بکەن ، لەدواییدا دووبارە ڕێگای دەریاکان دەگرمەبەر بۆ ئەوەی دیسانەوە گەشتی ( خولی ئاو لە سروشتدا ) نوێ بکەمەوە ٠

نازەنین ، ئەمەیە چیرۆکی ژیانم ، بە هۆی پیـت‌و بەرکەتێ‌زۆریمەوە خەلکی بەهاتنم دڵخۆش دەبن‌و بە نەهاتنم دڵتەنگ دەبن ، ئیتر لەمەودوا لێم پەسـت مەبـە ، دەبێت ئەوەش بزانیت کـە بەهاتنـی مـن پێداویستی‌یەکانی خەڵك جێ‌بەجێ دەبێت ٠

پاش ئەوەی پەڵە هەورەکە لە باسەکەی خۆی بوەوە، نازەنین لە پەستی‌یەکەی زۆر پەشیمان بوەوەو بڕیاری‌دا هەرکە هەورێکی دی کە بەرەو وولاتەکەی دێت ئەویش لەگەڵ ئەم هەموو خەلکەدا دڵخۆش بێت ٠

لێکدانەوەی ووشەکان :

وەرز : فەسڵ ( فصل ) ٠

پەست‌بوو : تووڕەبوو ٠

چـــڕ : خەست ، پەیت ٠

زەریا : دەریای گەورە (محیط) ٠

پاوان : شوێنی لەوەڕ ٠ دەشگوترێت ( پاوەن ) ٠

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ بۆچی نازەنین کە هەوری بــە ئاســـمانەوە دی پەستبوو ؟

٢ ـ ئایا ئەوەت بەدڵبوو کە پەڵە هەورەکە باسی خۆی بۆ دەگێرایەوە ؟ بۆچی ؟

٣ ـ بۆچی خەڵك بە بارانبارین دڵخۆش دەبن ؟

٤ ـ پێنج دێر دەربارەی « خوولی ئاو لە سروشـــتدا » بنــووســە ٠

# دایـــك



**له** بیستو یه‌کی مانگی ئاداری هه‌مووساڵێکدا گه‌لانی **جیهان** یادی ڕۆژی دایك ده‌که‌نه‌وه : ئه‌وه جه‌ژنی تۆیه **ئه‌ی** دایکی خۆشه‌ویست .

قوتابخانه‌که‌ی ئێمه‌ش له‌م ڕۆژه‌دا به‌شداری ئـه‌م **ئاهه‌نگـه** ده‌کاتو به گوڵی جـوانو ئـالاو وێنـه‌ی **ڕه‌نگاوڕه‌نگ** خۆی ڕازاندوه‌ته‌وه . ئا ئه‌وه‌تـــا **قوتابی‌یه‌کانیش** به گۆرانـی‌و موسـیقای خـۆش‌و **شانۆگه‌ری‌و** پێشکه‌ش‌کردنی دیاری نایاب بۆ دایکـان **دڵشادی‌ی**خۆیان ده‌رده‌بڕن ، ئه‌مه هه‌مووی بۆ تۆیه ئـه‌ی **دایکی** خۆشه‌ویست ... من هه‌رگیز خۆشه‌ویستی تۆم **لـه** بیر ناچێته‌وه ، له دڵسۆزی تۆ هه‌میشه دڵم پڕ بووه

لە گەرمی و خۆشەویستی ، لە چاکترین ئامۆژگاری یەکانتەوە ڕاستی و دڵپاکی و ئازایەتی و خۆشەویستی و ڕێزگرتنی خەڵك و نیشتمان و خۆبەخت کردنت لێ فێردەبم .

تۆ یەکەم قوتابخانەیت ، ئەی ئەو کەسەی کە جوانترین و بەرزترین خووڕەوشتت لە قووڵایی دڵ و دەروونماندا تۆو کرد ، پێویستە لەسەرم کە لەم جەژنەدا ئەو مافەت پێشکەش بکەمەوە ... ئەمڕۆ جەژنی هەموو دایکێکە کەوا ڕۆڵەی نیشتمان پەروەرو نەتەوە پەرستیان هێناوەتە دنیاوە .

## دایکم

دایکی شیرینم چەند خۆشەویستی
بۆ ژیانی من چەندە پێویستی
لەبەر من بەشەو ئازار ئەکێشی
نەکو دەرکەوم تاکو داپۆشی
بەلای لایەی خۆش،ئاوازی شیرین
من ئەکەیتە خەو دەم بە پێکەنین
لە نەخۆشیما ئەگەیتە فریام
چارەسازمی کە وەختێ گریام
بۆ سەرمای زستان پارێزگارمی
بۆ هاوین ئاوی سازگارمی
ئەوەندەی کە تۆ منت خۆش ئەوێ
من سەد ئەوەندە خۆشی تۆم ئەوێ

لێکدانەوەی ووشەکان :

هەرگیز : هیچ کاتێک .

هەمیشە : هەموو کاتێک .

خۆبەختکردن : خوێنی خۆ ڕژاندن لە ڕێگای نیشتماندا .

گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ کەی جەژنی ( دایک ) دەگێڕین ؟

٢ ـ ئاهەنگی ئەم جەژنەمان بۆ باس بکە ؟

٣ ـ چۆن مافی دایکت دەدەیتەوە ؟



# داپیره



داپیره وەك کردبوویە خوو هەموو ئێوارەیەك لەناو کوڕەزاو کچە زاکانیدا چیرۆكو سەرگورشتەی خۆشو دەنگوباسیان بۆ بگێڕێتەوە ، ئەوانیش زۆر بە پەرۆشەوە دادەنیشتنو گوێیان لە قسەخۆشەکانی دەگرت .

پاش ماوەیەك یەکێك لە منداڵەکان لە نەنکی پرسی : نەنە گیان ئەم هەموو سەرگورشتەو دەنگو باسو زانیارییانە لە کوێوە فێر بوویت ؟ نەنکیان وەڵامی دانەوەو ووتی : ڕۆڵەکانم هەموو لە ڕۆژگارەوە .. مرۆڤ لە هەموو ڕۆژێکەوە شتێك فێر دەبێت ، لە هەڵسانو دانیشتن ، لە تێکەڵ بوونی خەڵك ، لە چاکەی

ئەمانەوە کەڵك وەردەگرێتو لە خراپەکەرانیش خۆی دوور دەخاتــەوە ٠

تاڤان : ئێمە هەمیشە پێویستیمان بە ئامۆژگاری‌یە بەنرخەکانت هەیە ، ئەی نەنکی خۆشەویستمان تۆ بەچی ئامۆژگاری ئێمە دەکەیت ؟

نەنکیان ووتی : ئامۆژگاریم ئەمەیە کە پەیـــڕەوی فەرموودەکانی یەزدانو پێغەمبەر بکەن ، بەقســەی دایكو باوكو نەنكو باپیرتان بکەن ، ئـــەو خــزمو کەسو کارانەتان کە لە ئێوە گەورەترن بە قسەیان بکەنو بەگوێرەی ووتەی هەموو سەروەرانتان بڕون بەڕێوە ، یەزدانی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی :

( یا أَیُّها ٱلَّذین آمنُوا أَطیعوا ٱللهَ وٱلرَّســولَ وأولــي الامرِ مِنکُــمْ ) ٠

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێنـــاوە پەیڕەوی خوداو پێغەمبەرو سەروەرانتان بکەن ٠

شێرزاد : ئەو سەروەرانەی کە پێویستە لـــــە ئامۆژگاری‌یان دەرنەچین کێن ؟ ئایا چۆن بە قسەیـــان بکەیـــن ؟

نەنکیان ووتی : ســــەروەرانـــی هەرێمـــە خۆشەویستەکەمان سەرکردایەتی شۆڕشە ، پەیڕەوی کردنمان بەوە دەبێت کە یاساکان جێبەجێ بکەیـن ، بۆ نموونە : بە گوێی پۆلیسی هاتوچۆ بکەین بـــەوەی لەسەر شۆستەی شەقامەکانەوە بەڕێوەبڕۆین ، ئەگەر وەزارەتی تەندروستی داوامان لێبکـات خۆمـان دژی

نەخۆشی هەمەجۆرە بکوتین ، نابێت زبڵو پیسی لە کۆڵانو شەقامەکاندا فڕێبدەینو نابێت تف ڕۆبکەینە سەرزەوی .

نەك هەر ئەمەو بەس بەلکو پێویستە لەسەرمان بە دەنگ هەموو لێپرساوێکەوە بچین چونکە ئەوان بۆ ئێمە شەونخوونی دەکێشنو هەولی ساغو سەلامەتیمان دەدەن .

لەم کاتەدا نەنکمان ئاوڕی دایەوەو سەیری بچووکترین کچەزای کرد کە خەریکە خەو دەیباتەوە .. پێکەنیو ووتی : وادیارە کاتی نووستن نزیك بووەتەوە لەبەر ئەمە هەریەکە بابچێتە سەر نوێنەکەی خۆی .

هەموو « بەپێکەنینەوە » ووتیان : بەلێ بەسەرچاوان ئەی نەنکی خۆشەویستمان ، پەیڕەوی کردنی سەروەرانمان پێویستی سەرشانمانە ، زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگاری یە بەنرخەکانت .

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

ئامۆژگاری : نەسیحەت ( نصیحة ) .
ڕۆژگار : زەمانە .
پەیڕەوی کردن : بە قسەکردن .
سەروەران : گەورەکان : سەرپەرشتکەران .

**گفتوگوو ڕاهێنان :**

١ ـ تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە گەورە لە بچووك شارەزاترە ؟ بۆچی ؟

٢ ـ چۆن ئێمە پەیڕەوی سەروەرانمان دەکەین ؟

٣ ـ لە قورئانی پیرۆزدا چ ئایەتێك دەربارەی پەیڕەوی کردنی سەروەران هەیە ؟

٤ ـ ئەمانە بە ڕستەیەکی گونجاو تەواو بکە :

أ ـ ڕۆڵەکانم هەمووی ____________

ب ـ نەنکیان ووتی ئامۆژگاریم ئەمەیە کە :
پەیڕەوی ________ و ________ بە قسەی دایكو باوكو ________ و بەگوێرەی ووتەی هەموو ________ بڕۆن بەڕێوە .

ج ـ پێویستە بەدەنگ هەموو ________ کە شەو نخوونی ____________ دەکەن .

لە کتێبی : خوێندنەوەی نوێی کوێتەوە بەدەستکاریەوە وەرگیراوە

# منداڵێك چیرۆكێك لە خێزانەكەیەوە دەگێڕێتەوە



باوكم لە یەكێك لە كارگەكاندا كرێكار بوو ، بە هونەرمەندو كاركەرێكی دڵسۆز ناوبانگی دەركردبوو ، لە خێزانەكەماندا تەنها باوكمان نانی ڕۆژانەی بۆ پەیدادەكردین و لەو كارە زیاتر دەستكەوتێكی تری نەبوو ، خێزانەكەشمان لە پێنج كەس پێكهاتبوو : دایكم ، باوكم ، كاكم ، خوشكم و من .

هەموو ڕۆژێك بەیانیان باوكم دەچوو بۆ سەركارەكەی خۆی ، دایكیشم لە چاودێری ئێمەو بەڕێوەبردنی ئەركی ناوماڵدا دریغی نەدەكرد ، ئێمەش بەوە پاداشتی باوكو دایكمان دەدایەوە كە دەمانخوێندو كۆششمان دەكردو پەیڕەوی ئامۆژگاری یەكانیانمان دەكرد .

لەبەر ئەمە باوکم خۆی لەماڵدا ببوایەو نەبوایە لێمان دڵنیابوو ، ئەویش هەموو هێزو توانایەکی بۆ کارەکەی خۆی تەرخان کردبوو تاوەکو بتوانێت ژیانێکی کامەرانیمان بۆ دابین بکات .

دوای چەند ساڵێك باوکم بە ساڵدا چووو ماندوێتیو بێ‌هێزی کاری تێ‌کرد ، ڕۆژ بە ڕۆژ باری تەندروستی بەرەو خراپی دەگۆڕا تاوەکو وای لێ‌هات توانای کارکردنی نەماو لە جێگادا کەوت ، ئەمە کاری‌کردەسەر نەبوونیو دەست‌کورتیمان ، ناچار کەوتینە ژێر باری قەرزەوە .

لە کاتی نەخۆش‌کەوتنی باوکمدا ژیانی خوشکم قوتابخانەی ناوەندی تەواوکردبووو ویستی کارێکی لە کارگەی چنین دەست کەوێت ، هەروەها شۆڕشە پێشکەوتن‌خوازەکەمان هانی ئافرەتان دەدات بۆ هاوبەش بوونیان لەریزی کار کردندا بەو باوەڕەی لە توانایدا هەیە خزمەتی نیشتمانەکەی بکاتو دەیەوێت بەرهەم زۆر بێت ، ئێمە وولاتێکی ئیشتراکین پێویستە لەسەرمان هەوڵدانمان دووقات بکەین بۆ دەست‌کەوتنی چاکترینو نایابترین بەرهەم بۆ ئەوەی ژیانێکی بەختیارو کامەران بۆ وەچەکانی دوارۆژ بەدەست بهێنین .

ئەوەبوو ژیانی خوشکم لە کارگەی چنین وەرگیراو کارەکەشی یەکجار پێ‌خۆش‌بوو پاش تێ‌پەڕبوونی مانگێك بەسەر کارکردنەکەیدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی





شۆڕش لە ڕۆژی شانزدەی تەمموزی سالی ١٩٧٠دا یاسای کارکردنی نوێی بلاوکردەوە ، ئەویش « یاسای خانەنشینی کرێکاران‌و بارمتەکردنی کۆمەلایەتی »یە ، ئەم یاسایە بۆ ئەوەبوو کارکردن بپارێزرێت‌و کرێکارانیش دژی هەژاری‌و نەخۆشی چاودێری بکرێن ، بە پێی ئەم یاسایە مانگانەی خانەنشینی بۆ کرێکارە پیرە پەککەوتووەکان تەرخان کرا .

بە هۆی ئەمەوە خۆشی بالی بەسەردا کێشاین‌و بەم هەنگاوە پیرۆزەی حکومەتی شۆڕش دلشادبووین چونکە ئەم یاسایە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ چاودێری کردنی‌و پاراستنی کرێکاران لەپێناوی خزمەت کردنی ئەم وولاتە خۆشەویستەماندا .

بژی شۆڕشی حەڤدەی تەمموزی مەزن‌و هەربژی حیزبە تێکۆشەرەکەی « حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی » .

لێکدانەوەی ووشەکان :

پاداش : خەلات .

تەرخان کردبوو : دانابوو .

بەسالدا چوو : پیربوو .

هانی ئافرەتی دا : تەشجیعی کرد .

وەچەکان : مندالەکانی دواڕۆژ .

پەککەوتە : ئەو کەسەی نەتوانێ کاربکات .

لەپێناوی : لە ڕێگای .
یاسای خانەنشین : قانوونی تەقاعود .

لێکدانـەوەی ووشەکان :

١ ـ باوکی منداڵەکە بە چی ناوبانگی دەرکردبوو ؟
٢ ـ کەی باوکی هەستی بە ماندوێتی کرد ؟
٣ ـ ژیانی خوشکی چ کارێکی کرد ؟
٤ ـ کەی یاسای نوێی کارکردن بڵاوکرایەوە ؟ چی بۆ کرێکارە پیرەکان تەرخان کـرا ؟

## بەغـــــداد



بەغداد لە پانتایی‌و ژمارەی دانیشتوانیدا گەورەترین شارەکانی عیراقە ، دەکەوێتە .ناوەڕاستی عیراق‌و لەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووباری دیجلەدایە • خەلیفەی عەبباسی ( أبو جعفر المنصور ) سالّی ١٤٥ی کۆچی بەرامبەر ٧٦٢ی زایینی دایمەزراندوەو کردوویە بە پایتەختی دەوڵەت‌و دەسەڵاتداریّتی خۆی •

بەغداد بەدرێژایی سەردەمی گەشانەوەیدا پایتەختی نیشتمانی عەرەب‌و ئیسلام بووەو لەسەردەمی خەلیفە ( هارون الرشید )دا گەیشتووەتە پۆپەی جوانی‌و ناوبانگی دەرکردووە بە جۆرێك پاش خۆی بە شاری ( ألرشید ) دەناسرێت •

بەغداد لەسەردەمی ( منصور )و خەلیفە عەباسی یەکانی دووای ئەو پایتەختی ڕۆشنبیری ی عەرەبو ئیسلامو مەڵبەندی شیعرو ئەدەبو مەشخەڵی زانیاریو ڕووناکبیری بوو ، لە هەموو لایەکی جیهانەوە داواکەرانی زانیاریو قوتابیانی زانستی ڕوویان تێدەکرد ، شاعیرو ئەدیبەکانیش شیعریان بەسەردا هەڵداوەو لەناو هەموو دەوڵەتو هەرێمەکانیش دا ناوی دەرکردووە .

وە نەبێت بەغداد شارێك بێت وەك شارەکانی تری عیراق ، بەڵکو پایتەختی هەرێمی عیراقو بارەگای حکومەتی نیشتمانی یەو دیوانی وەزارەتەکانی تێدایەو بووەتە سەرچاوەی هوشیاری ی عەرەب چ لە هەرێمو چ لە نەتەوایەتیدا ، هەروەها گەورەترینو ڕەنگینترین زانکۆکانی هەرێمی عیراقی تێدایە .

بەغداد هەروەکو چاخی جارانی شارێکی بەناوبانگەو گەلێك مەڵبەندی زانستو ڕۆشنبیری تێدایە ، ئێسبتاش پەیامی خۆی لە زانستو زانیاری دا پێشکەش دەکات بۆ ڕۆڵەکانی عیراق بە تایبەتیو بۆ ئەو ڕۆڵانەی ڕووی تێدەکەن لە نیشتمانی عەرەبو ئیسلامەوە بە گشتی .

بەغدای ئەمڕۆ ناوبانگی دەرکردووە بە : مەیدانو تەختایی یە ڕەنگینەکانی، بەدێرینەخانەکانو کۆشكو تەلارە بەرزەکانی ، بە کتێبخانەو قوتابخانەکانی ، بە مزگەوتو شوێنە پیرۆزەکانی ، بە باخو سەیرانگا گەشاوەکانی ،بە گەڕەكو شەقامە فراوانەکانی ، بە

ئێوارەو شەوارە نایابەکانی، بە خەڵکو دانیشتوەکانی بە هۆی گواستنەوەو ئۆتۆمۆبیلە زۆرەکانی ٠

مرۆڤ ئەگەر بە ڕۆژ لە بەغدادا چاوبگێڕێت دیمەنی ژیانێکی عیراقی‌یانە دەبینێت، سەیر دەکات ئەوە عەرەبێکی خێڵەکی‌یە بە عەبای سەرشانیەوە ٠ ئەوەش کوردێکە بەخۆی‌و کورتەکو شەرواڵیەوە، لەو لاوە کچو کوڕی لاو بە جلو بەرگی ئەم سەردەمەوە خۆیان دەنوێنن، ئەمانە هەموویان عیراقین‌و خاکی نیشتمان‌و یەك چارەنووس کۆیان دەکاتەوەو بۆ چاکە هاوکاری لەگەڵ یەکتردەکەن‌و دژی دوژمن ڕادەوەستن‌و دەیانەوێت عیراق هەروا بە بەرزی بمێنێتەوەو هەتاهەتایە خووڕەوشت‌و چاوتێری‌و چست‌و چالاکی دانیشتوانی گەشەدارتر بێت ٠

بەغدای ئەمڕۆ شارێکی گەورەیە لە جموجووڵ‌و ژیانەوەدا خۆی دەنوێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شارەکە یەك پارچە ببێتە مەشخەڵێکی پرشنگداری هەمیشەیی جموجووڵ‌و ژیانەوە، وەك دڵێکی ناو لەشی وولاتێکی زیندوو ئامادە بۆ ڕاپەڕین‌و پێشکەوتن‌و گەشانەوە ٠

پانتایی : فراوانی ٠
دای‌مەزراند : بناغەی دانا ٠

پۆپـــه : لووتکه ، هەرەبڵندی ·

بارەگــا : مرکز ، مقــر ·

زانکــۆ : جامعــة ·

دێرینـــەخانـــە : متحــف ·

گفتوگۆو ڕاهێنـــان :

١ ـ نیشانەی( ✓ ) لەبەردەم وەڵامەڕاستەکان دابنێ :

أ ـ بەغداد بۆیە پڕبوو لە زاناو ئەدیبان چونکــــە خەلیفەکـــان :

١ ــــــــــ دەوڵەمەند بوونو پارەیان لـــە ئەدیبەکان وەردەگرت ·

٢ ــــــــــ کۆشکو تەلاری گەورەیان هەبوو ·

٣ ــــــــــ پشتگیری زانیاریو ئەدەبیـــان دەکــرد ·

ب ـ ئەو کەسەی بەغدای دامەزراند :

( ١ ـ هــارون الرشـــید ٢ ـ مەئمون ٣ ـ منصوور )بوو ·

ج ـ ئەو شارەی حکومەت دەیکاتە ناوچەی دەوڵەت پێی دەووترێت :

١ ـ مەڵبەندی هەرێم ·

٢ ـ پایتەختی وولا ت ·

٣ ـ شاری هەرێم ·

٢ ـ لەپاش ( منصور ) بۆچی بەغداد بە شاری (الرشید) ناسرا ؟

٣ ـ لە چ سەردەمێکدا بەغداد بوو بە مەڵبەندی شیعرو ئەدەب ؟

٤ ـ ئەگەر یەکێك لێی پرسیت بەغدام بۆ باس بکە تۆ چی دەربارەی بەغداد دەڵێیت ؟



# پۆلیسی فریاکەوتن



بەیانی‌یەکی ڕۆژێکی پشوودان ئالان زوو لە خەو هەڵسا ، سەیری‌کرد وا باوکی خەریکە بەرگی پۆلیسی‌یەکەی لەبەر دەکات‌و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە ، لێی‌چوە پێشەوەو پێی‌ووت :

بەیانیت باش بابە ، ئەوە بۆ کوێ دەچیت ؟

باوک : دەچم بۆ پۆلیسخانە .

ئالان : بابە ، ئەی‌نازانی ئیمڕۆ جەژنەو ڕۆژی پشوودانە .

باوک : بەڵێ ، ئالان دەزانم ، ئەی تۆش نازانیت کە من ئەفسەرێکی پۆلیسی فریاکەوتنم‌و ئێمە هیچ پشوودانمان نی‌یە ، هەموو ڕۆژێك بۆ ئێمە وەك یەکە .

ئالان : جا چۆن تۆو هاورێکانت لە ئەفسەرو پۆلیس ماندوو نابن ؟

باوکا : ئەو ماندووبوونەی لە ئەنجامی شەونخوونیو ئەرکی ڕۆژانەماندا تووشمان دەبێت لە پێناوی پارێزگاری هاو وولاتی یەکانو ئاسایشو حەسانەوەیان دایە ، بۆیە هەموو ماندوو بوونێکو ئازارێکمان لەبیر دەچێتەوە ، چونکە هەست دەکەین کەوا ئێمە خزمەتی مرۆڤایەتیمان کردووە بە مەش خواو ناخی دەروونمانو نیشتمانمان لێ ڕازی دەبێت .

ئالان : باشە بابەگیان لە کەیەوە پۆلیسی فریاکەوتن دامەزراوە ؟

باوک : لە ساڵانی پەنجاکاندا دامەزراوە بەڵام پاش شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بەڕاستی دامەزراو پەرەی سەند چونکە ئەندامی دڵسۆزیان تێکەڵ بوو کە هەموو ئامانجێکیان ئاسودەییو حەسانەوەی هاو وولاتی یانە .

ئالان : باشە ئەی مەبەست لە دامەزراندنی ئەم دەزگایە چی یە ؟

باوک : مەبەست لە دامەزراندنی پۆلیسی فریاکەوتن یارمەتی دانی هاو وولاتی یانە بەفریاکەوتنی گورجوگۆڵانەی هەموو کەسێک بە زووترین کات ، ئەمەش باشترین هۆیە بۆ ئەوەی ئاسودەییو دڵنیایی بەسەر گشت لایەکی

نیشتماندا بڵاوببێتەوە ، چونکە بەربەستی تاوانکردن دەکات پێش ڕوودانی .

ئالان : ئایا ئەفسەرو پۆلیس ڕۆژی چەند سەعات کاردەکەن ؟

باوك : بەڕێوەبەرانی پۆلیسی فریاکەوتن ژمارەیەکی زۆریان لە ئۆتۆمۆبیل ئامادە کردووە بۆ ئەوەی هەر هەشت سەعات جارێك بە شەوو بەڕۆژ بەناو هەرێمو شەقامەکانی بەغدادو دەوروپشتیدا بگەڕێن .

ئالان : بەڵێ بابە من جار بە جار ئۆتۆمۆبیلی پۆلیسی فریاکەوتن دەبینم ، ئایا ئەمانە جیاوازییان لەگەڵ ئەوانیتردا چییە ؟

باوك : ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی پۆلیسی فریاکەوتن بەکاریان دەهێنن بێتەلیان تێدایە ، بە هۆی ئەم بێتەلانەوە دەتوانن هەمیشە لەگەڵ بارەگاکانیان پەیوەندی بکەنو فەرمانیان لێوەربگرنو ئاگاداریيان بکەن کە چی هەیەو چی نییە ، جگە لەوەش هەر ئۆتۆمۆبیلێك فیکەیەکی تایبەتی تێدایە لەکاتی مەترسیدا بەکاری دەهێنێت ، هەریەکەشیان چرایەکی سووری بەسەرەوەیە بۆئەوەی بەشەو لە ئۆتۆمۆبیلەکانیتر جیابکرێنەوەو جەماوەریش بیانناسن تالە کاتی پێویستیدا هانایان بۆ ببەن .

ئالان : ئایا پۆلیسەکانی فریاکەوتن لە کاتی کاروباری

ڕۆژانەیاندا چ جۆرە چەکێك لەگەڵ خۆیاندا هەڵ دەگــــرن ؟

باوك : هەریەکەیان دەمانچەیەکیان پێیە لەوانەی زوو دەتەقێــن بــۆ پــارێــزگــاری کردنی خۆیــان‌و بەرهەڵستکردنی تاوانباران بەکاری دەهێنن •

ئالان : زۆر سوپاس بابە گیان ، هەمیشە ئاواتە خوازی سەرکەوتنتم لەم ئەرکە مەزنەدا هیوام ئەمەیــــە بەم پرسیارانە لە چوونە دەرەوە دوام نەخستبیت•

باوك : تــــا بەیەك دەگەینەوە بەخوات دەسپێرم •

لێکدانەوەی ووشەکان :

فریاکەوتن : نەجدە (نجدة) •
ئەفســـەر : زابت (ضابط) •
ڕەزامەندی : ڕازی بـــوون •
پەرەی سەند : بڵاو بوەوە •
دەزگـــــا : جیهـــاز •
بارەگـــــا : مەرکەز (مــــرکز) •
بێ تـــــەل : لاسلکي •

گفتوگوو ڕاهێنـــان :

١ ــ باوکی ئالان لە کوێ کار دەکات ؟
٢ ــ ئەرکی سەر شانی پۆلیسی فریاکەوتن چی‌یە ؟
٣ ــ کەی پۆلیسی فریاکەوتن دامەزرا ؟
٤ ــ پێنج دێــــر دەربارەی پۆلیسی فریاکەوتن لــــە دەفتەرەکەتدا بنووسە •

# هەولێر ( ئەربیل )



وە ئەبێت هەر بەشی ناوەندو خواروی عیراق بە شوێنەواری کۆنو شارە مێژوویی‌یەکانی ناوبانگی دەرکردبێت بەڵکو هەرێمی ژووروی وولاتیش بە دیمەنی دڵگیرو جوانو شاری دێرینو شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی هیچی لە ناوچەکانی‌تر کەمتر نی‌یە .

ئەوەتا دەیبینین لە هەرێمی دەشتەکانی باکووردا شارێك هەیە پاڵی‌داوە بە چیاو هاوینە هەوارەکان ، شارێکە بەکانی‌و کارێزو سەرچاوە ئاو دەوردراوە

تەمەنی دامەزراندنیشی دەگەڕێتەوە هەزاران سـاڵ پێش‌زایین ، ئێستاش ئەم شارە لەژێر سایەی رامیاری‌و سەربەستی حوکمی زاتیداو لە ناوچـەی باکـووری خۆشەویستماندا بەکامەرانی دەژی ، ئەم شـارەش شاری (هەولێر ـ ئەربیل )ەو مەڵبەندی پارێزگاکەیەتی .

دوو هەزار ساڵ پێش‌زایین سۆمەری‌یەکان لـەم شارەدا ژیاون ، هەندێك لە سەرچاوە مێژوویی‌یەکان دەگێڕنەوە کە ئاشوری‌یەکان ئەم شارەیان دروسـت کردووەو ناویان ناوە ( ئەربائیلۆ ) تا ئەمڕۆش هەندێك شوێنەواری کۆنی ئەوتۆی تێدا ماوە کە بەڵگـەن بـۆ کۆنی‌و گرنگی ئەم شارە ؛ بۆ نموونە قەڵا گەورەکـەی هەولێر کە لەسەر گردێکی بەرز دروسـتکراوەو کەوتوەتە ناوەڕاستی شارەکەوە ، هەروەها منارەکـەی ( مظفرية ) کە (پاشا مظفر الدين گۆگ‌بەری ) زاوای ( صلاح الدين الايوبی ) سەرکردەی بەناوبانگی عیراقی دروستی‌کردووە ، ئەمانە نیشانەی کۆنی‌و گرنگی‌ی‌ئەم شارە پیشان دەدەن لە رووی مێژووەوە .

هەولێری ئەمڕۆ لە ڕووی جوغرافیـاوە کەوتوەتـە ناوچەیەکی پانەوە کە لە هەموو لایەکی‌یەوە بە دەشتی بەپیتی ئەوتۆ دەوردراوە کە بۆ کشتوکاڵی گەنم‌و جۆ بەکار دێت ، ڕووی زەوی‌یەکەشی بـەرزو نزمـی‌یـەو کەوتوەتە نێوان دەشتی نەرمان‌و تەختایی‌و چیـاوە ، کشتوکاڵ لەم هەرێمەدا بە باران ئاو دەدرێت چونکـە زەوی‌یەکەی پرۆژەی ئاودێری تیـادا سەرناکەوێـت ، لەلایەکی تریشەوە ئەم هەرێمە ئاوی ژێر زەوی زۆری

تێدایــە، ئاوەکەشی بەتامەو بۆ خواردنەوە دەشێت .

ئەمڕۆ هەولێر بووە بە مەڵبەندێکی بازرگانی بـۆ دانیشتووانی دەشتاییەکانی دەوروپشتی ، هەروەها هاوینە هەوارەکانیش کەوتونەتە نزیکیەوەو بە بـاخ‌و باخات دەوردراوە وەك هاوینەهەواری ( صلاح الدین )و (شەقلاوە)و ئەوانیتر ، هەولێر مەڵبەندی حوکمی زاتی ناوچەی باکوورە ، هەردوو ئەنجومەنی ـ یاسادانـان‌و کارگوزاری ـ و ئەمانەتـە گشتییەکـان ( واتــە : وەزارەتەکان )ی لێیە ، لەم دواییەشدا گەلێك دەزگای پیشەسازی‌و خوێنـدەواری‌و تەندروسـتی تێـدا دامەزراوە ، وەك : کارگەی مافوور دروستکـردن ، کارگەی جگەرە دروستکردن ، کێڵگەی بەخێوکردنـی پەلەوەرو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەو نەخۆشخانـەو تیمارگە . لە هەولێردا بازاڕێکی کۆنی گەورە هەیــە جگە لە چەنـد بازاڕێکی نوێ .

**لێکدانـەوەی ووشەکان :**

سەرچاوەی مێژوو : کتێب‌و شوێنەواری کۆن .

پەلەوەر : باڵندەی ناوماڵ .

ڕامیاری : سیاسی .

مەڵبەند : مرکز .

لەمێژەوە : لەکۆنەوە .

هاوینەهەوار : ئەو شوێنەیە لە هاویندا فێنکەو خەڵك ڕووی تێدەکەن .

ئەنجومەنی یاسادانان : **المجلس التشريعي** .

ئەنجومەنی کارگوزاری : **المجلس التنفيذي** .

**گفتوگۆو ڕاهێنان :**

١ ـ شاری هەولێر کوێ کەوتووەو ؟ بە چی بەناوبانگە ؟

٢ ـ کێ ئەم شارەی دروست کردووە ؟ دانیشتووە کۆنەکانی کێ بوون ؟

٣ ـ بە چەند دێرێك باسی ئەو شارەبکەو ناوی هاوینەهەوارەکانو دەزگا گرنگەکانو شوێنە بەناوبانگەکانی تری بنووسە .

# پاسەوانانی سنوور



نەزار لە تەلەفزیۆندا تەماشای یاریی تۆپێنی دەکرد کە لە نێوان تیپی پۆلیسی هاتوچۆو تیپی پاسەوانانی سنووردا دەکرا ، پاش تەواو بوونی یارییەکەو سەرکەوتنی تیپی پاسەوانانی سنوور ، نەزار لە باوکی پرسی :

بابە ، پاسەوانانی سنوور کێن ؟

باوك : نەزار ، پاسەوانانی سنوور جۆرێکن لە هێزە

چەکدارەکانی عیراق ٠

نەزار: بۆچی ئەم هێزە ناوی لێنرا پاسەوانانی سنوور؟

باوك: چونکە پارێزگاریی سنووری کۆماری عیراق دەکەن لە دوژمنان و قەچاخبەرەکان و سنوور شکێنەکان ٠

نەزار: بابەگیان، کەی ئەم هێزە دروستبووە؟

باوك: دروست بوونی هێزی پاسەوانانی سنوور دەستکەوتێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی حەقدەی تەممووزی مەزن چونکە لە بیستوسێی ئەیلوولی سالی ١٩٧٣دا دامەزراوە ٠

نەزار: پێش دامەزراندنی هێزی پاسەوانانی سنوور، کێ ئەم ئەرکەی بەجێ دەهێنا؟

باوك: حکومەتە کۆنە پەرستەکانی پێشوو هێزێکیان هەبوو ناویان لێنابوو پۆلیسی گەڕۆك، هێزەکە لاوازبوو بەڕادەی یەکەم بۆ ئەوەیان بوو کاربەدەستان خۆیان لە ڕاپەرینی گەل بپارێزن ٠

نەزار: بابە، ئەی چۆن هێزی پاسەوانانی سنوور دەتوانێت سنوورە فراوانەکەی کۆماری عیراق بپارێزێت؟

باوك: حکومەتی شۆڕش ژمارەی ئەم هێزانەی زۆرکردووەو چەکداری کردوون بە ئامێری تازەی سووكو مامناوەندیو قورس، بە جۆرێك فەوجو پەلەکانی دابەش کردووە کە بتوانن بەگورجیو

خێرایی بجووڵێن‌و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر بگوێزرێنەوە ٠

نەزار : بابە تۆ وات‌هان‌دام کە لە ئایندەدا ببم بە ئەفسەر لە پاسەوانانی سنووردا تاوەکو بەشداربم لە پاراستنی سنووری نیشتمان‌و بیروڕاکانی شۆڕش بپارێزم ٠

باوك : کوڕم هیوام ئەمەیە وەهابیت ، داواشت لێ‌دەکەم ئەم زانیاری‌یانەت کە ئەمڕۆ دەربارەی پاسەوانانی سنوور فێربوویت بۆ هاوڕێکانی قوتابخانەکەت بگێڕێتەوە ٠

لێکدانەوەی ووشەکان :

پاسەوانانی سنوور : حرس الحدود

سنوور شکێن : متسلل ، ئەو کەسانەی کە بەدزی‌یەوە خۆیان لە سنوورەوە دەکەن بەم دیودا ٠

پەل : سرية ٠

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ پاسەوانانی سنوور کێن ؟
٢ ـ ئەرکی سەرشانی سوپای مەزنی عیراق چی‌یە ؟
٣ ـ کەی هێزەکانی پاسەوانانی سنوور دامەزراون ؟
٤ ـ هەستی خۆت دەربارەی هێزەکانی پاسەوانانی سنوور دەرببڕە ٠

# بەسرە



قوتابیانی قوتابخانەیەك بڕیاریان لەسەرئەوەدا كە لەگەڵ مامۆستاكەیاندا لە پشووی بەهاردا سەرێكی شاری ( بەسرە ) بدەن ، پێش سەردانەكەیان داوایان لە مامۆستاكەیان كرد كە پێشەكی دەربارەی ئەو شارە هەندێك زانیارییان بۆ بگێڕێتەوە :

مامۆستا ووتی : لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (عمر كوڕی خەطاب )دا ( خ ۰ ر) عەرەبەكان لەسەر كەناری ڕۆژئاوای ( شط العرب ) بناغەی ئەم شارەیان دانا ، لە دووای ئەوە بە ماوەیەك بوو بە

گەورەترین مەلبەندی بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری عەرەبی‌و ئیسلامی · بەسرە ئەوساو ئێستاش بە بەندەری سەرەکی عیراق دەژمێردرێت چونکە لێرەوە زۆرترین کەلوپەلی کشتوکاڵ‌و پیشەسازی بۆ شارەکانی‌تری جیهان ڕەوانە دەکرێت · ئەم شارە نایابترین زستانەهەواری جیهانەو لەم وەرزەدا میوانەکان ڕوویتێدەکەن بۆ ئەوەی لە گەرمی دیمەنە جوانە سروشتی‌یەکانی‌و خۆرهەتاوەکەیدا بحەسێنەوە · بەسرە بە گەورەترین شاری خواروی عیراق‌و بەسێ‌یەم شار دەژمێردرێت لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانی‌یەوە ·

یەکێك لە قوتابی‌یەکان پرسی : مامۆستای بەڕێز ، فەرمووت بەسرە بەندەری سەرەکی عیراقە ، ئایا بەندەر چی‌یەو لەگەڵ شارەکانی‌تردا چ جیاوازی‌یەکیان لە نێواندا هەیە ؟

مامۆستا وەڵامی دایەوە : بەندەر لەو شارانەدا دروست دەکرێت کە دەکەونە سەر کەنداو یا سەر ڕۆخی دەریا بۆ ئەوەی کەشتی‌و پاپۆڕەکان لە لەنگەرگرتنیاندا لە نزیك کەنارەوە بە ئاسانی شتومەکیان لەسەر دابگیرێت ، چونکە جاران ئەو کەشتی‌یانە بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو ئاوەکەدا دوور لەکەنار رادەوەستان‌و بەهۆی بەلەمە بچووکەکانەوە خاڵی دەکران ·

قوتابی‌یه‌كی‌تر پرسی : مامۆستا ، ئه‌و ئه‌ركانه چین كه‌ به‌نده‌ر پێشكه‌شی كه‌شتی‌یه میوانه‌كانی ده‌كات ؟

مامۆستاكه وه‌ڵامی دایه‌وه : با بگه‌ینه ئه‌وێ ئه‌وسا هه‌موو شتێك تێده‌گه‌یت ، چونكه له‌وێ یه‌كێك له فه‌رمانبه‌رانی به‌نده‌ر له‌گه‌ڵماندا دێت چیمان ویست بۆمان ڕوون ده‌كاته‌وه‌و وه‌ڵامی پرسیاره‌كانمانیش ده‌داته‌وه ٠

قوتابی‌یه‌كی‌تر داوای له مامۆستاكه كرد له‌وه زیاتر ده‌رباره‌ی ئه‌م شاره شتیان بۆ بگێڕێته‌وه تاوه‌كو زانیاری‌ی زۆرتریان گوێ‌لێ‌بێت ٠

مامۆستاكه ووتی :ـ كوڕه‌كانم ـ به‌سره شارێكه به باخه جوانه‌كانی‌و به‌نۆكه‌نده زۆره‌كانی‌و شوێنه‌واره دێرینه‌كانی‌و به دارخورما رازاوه‌كانی‌و خورما جۆربه‌جۆره‌كانی ناوبانگی ده‌ركردووه ٠ مرۆڤ ده‌توانێت له‌و ڕێگایه‌ی نێوان به‌سره‌و ( أبو الخصیب )دا گه‌شتێكی خۆش‌و كاتێكی باش له‌ژێر سێبه‌ری ئه‌و دارخورمایانه‌دا به‌سه‌ربه‌رێت له‌و گه‌شته‌دا خۆی له‌ناوه‌ڕاستی نایابترین‌دارستان‌دا ده‌بینێت‌و دڵی پێ‌ده‌كرێته‌وه‌و له ڕێك‌وپێكی ئه‌و دارانه سه‌ری سوڕ ده‌مێنێت ٠

هه‌ركه قوتابی‌یه‌كان گه‌یشتنه شاری به‌سره‌و ماندوێتی‌یان حه‌سایه‌وه له‌گه‌ڵ مامۆستاكه‌یاندا به چه‌ند ئۆتۆمۆبیلێكی بچووك ڕوویان‌كرده به‌نده‌ره‌كه ٠ له‌وێ مامۆستاكه‌یان داوای له‌و فه‌رمانبه‌ره كرد كه له

گەلیاندابوو دەربارەی بەندەرەکەو ئەو ئەرکانەی کە پێشکەش بە کەشتی‌یە میوانەکانی دەکەن شتێکیان بۆ بگێڕێتەوە ٠

فەرمانبەرەکەش دەستی بۆ ئەو کەشتی‌یە ڕاکێشا کە لەبەندەرەکە لەنگەری گرتبوو وتی : ئێوە چاوتان لەو ئامێری بەرزکردنەوانە هەیە کە چەندەهـا تـەن کەلوپەلی ناو کەشتی‌یەکە هەڵدەگرێتو لەسـەر شۆسەکە دایدەنێت ، ئینجا لەوێشەوە دەبـرێن بـۆ عەمارەکانو خاوەنەکانیان لەوێوە وەریدەگرن ٠ ئـا ئەوەتا دەبینن چەند فەرمانبەرێك ئاوو سووتەمەنـی‌و ئیشی پێداویستی‌تر پێشکەش کەشتی‌یەکان دەکەن ٠ ئا لەوێش قوڵەیەك بۆ چاودێری کـردن هەیـەو چەنـد فەرمانبەرێکی هونەروەری تێدایە شوێنی لەنگەر گرتن لە بەندەرەکەدا پیشان کەشتی‌و پاپۆڕەکان دەدەن بـە تایبەتی ئەوانەیان کە بەشەو ڕووی تێدەکەن ٠

لەو کاتەدا یەکێك لە قوتابی‌یەکان پرسی : ئایا ئەم خزمەتو ئەرکانە وەکیەك پێشکەش هەمـوو کەشتی‌یەکان دەکەن ؟

فەرمانبەرەکە وەڵامی دایەوەو وتی : بەڵێ بۆ هەموویان وەك یەك پێشکەشی دەکەین جگە لەو کەشتی‌یانە نەبێت کە لەگەڵ ( ئیسرائیل ) شت ئالوگـۆڕ دەکەن بۆ ئەوانە دەوڵەتە عەرەبی‌یەکان بڕیاریان داوە بەربەرەکانی‌یان لەگەڵدا بکرێت چونکە ئەوانە یارمەتی دوژمنمان دەدەن ٠

پاش تەواوبوونی سەردانەکە ، مامۆستاو قوتابیانی

...پاسی فەرمانبەرەکەی بەندەرەکەیان کرد بۆ ئــەو ...شوازی یە چاکەو ... ئەو هەموو زانیــاری یەی کــە سوودیان لێ وەرگرتبوو ·

لەم دوو کتێبە وەرگیراوە :

(١) خوێندنەوەی پۆلی چوارەمی سەرەتایی
(٢) خوێندنەوەو لەبەرکردنی نوێ ·

## لێکدانەوەی ووشەکان :

بەندەر : میناء ( ئەسکەلە ) ·

سەرەکی : رئیسی ·

خ · : خوای لێ‌رازی بێت ·

زستانەهەوار : ئەو شوێنەیە بە زستان گەرمەو خەڵك ڕووی تێ‌دەکەن ·

لەنگەری گرتبوو : ڕاوەستابوو ·

عەمار : مەخزەن ·

قوڵە : (بورج) ساختمانێکی بەرزی بازنەیــی یــــان چوارگۆشەیی‌یە ·

## گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ ووشەیەکی گونجاو کە لەم وانەیەدا هەیە بیخــەرە ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە :

أ ـ کەلوپەلەکان دەبرێن بۆ ــــــــ و ــــــــ وەری‌دەگرن ·

ب ـ شاری بەسرە ______ سـەردەمـی
فەرمانڕەوایی ______ ______ بناغە دانرا ٠

ج ـ لە نێوان بەسرەو ئەبولخەسیبدا ______
خۆش‌و ______ باشمان لەژێـر سـێبەری
دارخورماکاندا بەسەربرد ٠

٢ ـ بەسرە کوێی عیراق دەکەوێت ؟ لە زستاناندا بـە
چی ناوبانگی دەرکردووە ٠

٣ ـ جاران چۆن کەلوپـەل لە کەشتی‌یەکانـەوە
دەگوێزرانە کەناری ئاوەکەوە ٠

٤ ـ بەندەرەکە چ خزمەتێک پێشکەش کەشی‌یـە
میوانەکان دەکات ؟

# بەلەمی تۆرپیددار



جارێك ئەحمەد لە تەلەفزیۆندا دیمەنی جەنگێکی نێوان هێزە دەریاییەکانی عەرەبو هێزەکانی سەهیۆنی بەرچاوکەوت ، کە لە شەڕە مەزنەکەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٣دا ڕوویدابوو ، بینی وا یەکێك لە بەلەمە تۆرپیددارەکانی عەرەب کەشتییەکی دوژمنیلە ئاو نقومکرد چونکە ویستبوی هێرش بەرێتەسەر بەندەری (بۆر سەعید) لە کۆماری میسری عەرەبی،ئەحمەد بەمە دەستیکرد بە چەپڵەلێدانێکی زۆرگەرم ، پاش تەواو بوونی ئەم دیمەنە تەلەفزیۆنییە، ئەحمەد لە محەمەدی برای پرسی کە یەکێك بوو لە ئەفسەرەکانی سوپای عیراق ، ووتی :

ئایا سوپای عیراق بەلەمی تۆرپیدداری هەیە ؟

محەمەد : بەڵێ لە هێزە دەریاییەکانی عیراقدا بەلەمی تۆرپیددارمان هەیە لە هێزە بەرگرییەکانی ڕۆخیشدا ·

ئەحمەد : من لە بەغداد ئەم جۆرە بەلەمانەم چاوپێنەکەوتووە ، ئایا لە کوێدا هەیە ؟

محەمەد : لە پاریزگای بەسرەدا هەیە چونکە بارەگای هێزە دەریاییەکان لەوێدایە ·

ئەحمەد : بۆچی هەندێکیان لێناهێننە ڕووباری دیجلە لە بەغداد ·

محەمەد : ئەرکی هێزە دەریاییەکان لەوانەش بەلەمی تۆرپیددار بەرگری کردنی ئاوەکانی عیراقە لە ( شط العرب ـ شەتولعەرەب )و کەنداوی عەرەبدا ، ئەم جۆرە هێزانەش لە دەریاکاندا بەکار دەهێنرێن نەك لە ئاوی ڕووبارەکانی ناوەوەی وولاتدا ·

ئەحمەد : کەی بەلەمی تۆرپیددار خرایەناو هێزەکانی عیراقەوە ؟

محەمەد : پاش شۆڕشە مەزنەکەی چواردەی تەمموزی سالی ١٩٥٨ هاتە ناو هێزەکانەوەو پاش شۆڕشە نەمرەکەی ١٧ـ٣٠ی تەمووزیش بەهێزتر کرا ·

ئەحمەد : چ جۆرە چەکێك لە بەلەمی تۆرپیددار بەکاردەهێنرێت ؟

محەمەد : بەلەمی تۆرپیددار بە (صاروخ) پڕ چەك دەکرێت ، تاقمەکەشی چەکی سووك بەکاردەهێنن بۆ بەگژداچوونی نزیكو ڕاستەوخۆ ٠

ئەحمەد : لە بەلەمە تۆرپیددارەکانەوە چۆن دەتەقێنرێت؟

محەمەد : لەسەر هەر بەلەمێکی تۆرپیددار دوو شوێن یا زیاتر هەیە بۆ ساروخ هاوێشتن ، لە کاتی تەقاندندا ساروخەکە ڕوو دەکاتە نیشانەکەو وێرانی دەکات ٠

ئەحمەد : ئەی گرنگیی بەلەمی تۆرپیددار لە جەنگی دەریاییدا چی‌یە ؟

محەمەد : بەلەمی تۆرپیددار لە چەکە خۆبەختکەرەکان دەژمێردرێت چونکە لە شوێنی گوللە تەقاندنی دوژمنەوە زۆر نزیك دەبێتەوەو گرنگی‌یەکەشی ئێجگار زۆرە چونکە لەپەك خستنی جموجوولی بەلەمەکانی دوژمنو قەلاجەنگی‌یەکانو ڕووخێنەرە هێرش بەرەکاندا هێزێکی چالاكو گورجە ، هەروەها ئەم چەکە دەریایی‌یە دەورێکی بالای هەیە لە گۆڕینی ئەنجامی هەندێك لە شەڕە تازەکاندا ئەوەش لە ئەنجامی ئازایەتی پالەوانانی بەلەمی تۆرپیددارەوە دەست دەکەوێت ٠

ئەحمەد : ئەی لە کاتی هێرش بردنی دوژمن بەسەر بەلەمی تۆرپیددار کێ پارێزگاری‌یان دەکات ؟

محەمەد : تۆپەکانی ڕۆخی دەریاو تۆپەکانی سەرکەشتی‌ی جەنگی‌و کەشتی‌یە ڕوخێنەرەکان دەیانپارێزن ٠

ئەحمەد : ئایا سوپاکانی عەرەب لە مەیدانی بەکارهێنانی ئەم چەکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە ؟

محەمەد : بەڵێ ئەحمەد ، لە شەڕەکەماندا لەگەڵ سەهیۆنی دوژمن ، پاڵەوانە خۆبەختکەرەکانی بەلەمی تۆرپیددار ئازایەتییەکی بێوێنەیان نوواندووە ·

ئەحمەد : کاك محەمەد زۆر سوپاست دەکەم ، منیش هیوام ئەوەیە لە ئایندەدا ببم بە ئەفسەر لە هێزی بەلەمی تۆرپیددار لە سوپای عیراقی پاڵەواندا بۆ ئەوەی دژی دەست درێژی دوژمنان بەگری ئاوەکانی عەرەبی بکەم ·

### لێکدانەوەی ووشەکان :

تۆرپید : جۆرە چەکێکی ناوئاوی بەهێزە ·

بەرگری : پاراستن ، دیفاع ·

هێزەکانی دەریا : القوات البحرية ·

بەندەر : شاری کەنار دەریا ، مینا · (ئەسکەلە) ·

تەرخانکراوە : هەر بۆ ئەو کارە دانراوە ·

زاڵبوون : سەرکەوتن ·

بەلەم : زەورەق ·

کەشتی : سنفینـة ·

گفتوگوو ڕاهێنان :

١ ـ بەلەمی تۆرپیدار چی یە ؟

٢ ـ کەی بەلەمی تۆرپیدار هاتەناو هێزەکانی عیراقەوە؟

٣ ـ بۆچی بەلەمی تۆرپیدار بە یەکێک لە هێزە خۆبەختکەران دەژمێردرێت ؟

٤ ـ ئایا دەتەوێت ببیت بە خۆبەختکەرێک لە هێزەکانی بەلەمی تۆرپیدار ؟ بۆچی ؟

# یاری تۆپ تۆپێن



تۆپ‌تۆپێن یەکێکە لە یاری‌یە وەرزشی‌یە بەناو بانگەکانی جیهان ، سوودی بۆ لەش‌و تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی ئەوەندە زۆرە کە گەلانی سەرزەمین هەموو خۆشیان دەوێت‌و کۆڕی زەماوەندی بۆ دەگرن‌و لەبەر گرنگێتی‌یەکەی چەندێك پارەو پێداویستی بوێت بۆی تەرخان دەکەن .

یاری‌کەری ئەم یاری‌یە لە جموجووڵ‌و ڕاکردنێکی بێ ووچاندایە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ماسوولکەکانی‌و فێری هەڵمەتدان‌و جێ‌گۆڕکێ‌و خێرایی دەکات‌و نرخی هاوبەش‌بوون‌و هاریکاری لا زۆرتر دەبێت .

لە ڕۆژی تۆپێنەکەدا لە یاریگاکە لەبەر دانیشتووان جێگا بەرناکەوێتو گۆڕەپانەکەش پڕدەبێت ، هەر تیپێك بەرگی تایبەتی خۆی لەبەردەکاتو بەچستو چالاکی‌یەوە بۆ یاری‌کردنەکە خۆی ئامادە دەکات ۰ ئەوەندەی چرکەیەکی پێ‌ناچێت ناوبژیوانەکە فەرمان بە یاری‌کردن دەدات ، ئەوساکە تۆپەکە لە نێوان هەردوو تیپەکەدا دێتو دەچێت ، یەکێك شەقی تێ هەڵدەداتو یەکێکی‌تر بەدوایدا ڕادەکات ، ئەویتر بەشان یان بەسەر دەیقۆزێتەوە بێ ئەوەی دەستی لێ‌بدەن ، هەندێك جاریش کە بەرەوژوور بەرزی دەکەنەوە هەرچی کەسێك لەو شوێنەدا هەیە چاوی بەشوێنیەوەیەو سەریشی بۆ بەرز دەکاتەوە ، هەرکە دەکەوێتەوە سەرزەوی ئەوا یاری‌کەران چ بە سەر چ بە پێ پێشوازی دەکەن ، بەم جۆرە لە ناوەڕاستی یاری‌کەراندا دەخولێتەوە ، هەندێکیان هەن دەترسێنو لێی‌دەسڵەمێنەوە ، هەندێکی‌تریان ئازایانە پێشوازی لێ‌دەکەنو تێی‌دەسرەوێنن ۰

بێ‌گومان جوانترین ڕۆژی ئەم یاری‌یە ، ئەو ڕۆژەیە کە دوو تیپ بۆ (کاس) بردنەوە یاری‌دەکەن ، لەم ڕۆژەدا دڵو دەروون، بیرو هۆش، بەرەو (کاس) بردنەوە ئاڕاستە دەکرێت ئەو خەڵکەش چاویان بڕیوەتە کاسەکە ۰

لە ڕۆژی کاسدا هەرتیپێك خۆی بۆ ئەم بەرامبەر بوونە ئامادە دەکات ئەندامە باشەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ خەبات کردن ، ئەندامی تیپەکەش لە خۆماندووکردنو یاری‌بازیدا هیچ درێغی ناکەنو

هونەری یاری‌کردنی ئەوتۆ پیشان دەدەن کە دەبێتە هۆی ڕێزگرتن‌و سەرسوڕمانی بینەران •

ئەی کاس گۆڵ‌کردن لە ڕۆژی تۆدا ڕووداوێکە دڵی هەموو لایەکی پێخۆش دەبێت‌و هەست‌و هۆشی پێمەست دەبێت بەڵام بۆ هەندێك لاش دەبێتە مایەی دڵ‌تەنگی •

تۆش ئەی کاس ، کاتێك کە لەلایەن ئەو کەسەوە ـ کە یاری‌یەکەی لەژێر چاودێریدا کراوە ـ پێشکەش بە تیپە سەرکەوتووەکە دەکرێیت ، سەرۆکی ئەو تیپە بەشادی‌و بەختیاری‌یەوە وەرت‌دەگرێت‌و بەشانازی‌یەوە دەتبات بۆ هاوڕێکانی‌و لەگەڵ ئەندامی تیپەکەیدا گۆڕەپانەکە بەجێ دەهێڵن‌و هەموو خەڵکەکەش بەچاوی ڕێزگرتن‌و گەورەیی‌یەوە تەماشایان دەکەن‌و هەموو ئەو جەماوەرەش سوپاسیان دەکەن • ئەی قارەمانی سەرکەوتووی کاس پیرۆز بابیت لێ‌بێت •

**لێکدانەوەی ووشەکان :**

تۆپ‌تۆپێن : كرة القدم •

جموجووڵ : هاتوچۆکردن بەخێرایی •

زەماوەند : شایی‌و حەفلە •

ناوبژیوان : حەکەم (حكم) •

دەیقۆزێتەوە : بەپەلە بۆی‌دەچێت •

یاریگا : مەلعەب ( ملعب ) •

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ بۆچی یاریگا لەدوا ڕۆژی یارییبازیدا بەرناکەوێت؟

٢ ـ ئایا حەز لە یاری تۆپ‌تۆپێن دەکەیت ؟ بۆچی ؟

٣ ـ بە ووتن یا بە نووسین لە دوو سێ دێردا باسی ئەو تیپە بکە کە کاشی دەباتەوە ؟

# تۆپـی سەرمێـز



تۆپی سەرمێز یەکێکـە لە یاری یـە وەرزشی یە ناسراوەکان لە هەموو وولاتانی جیهاندا بە گشتیو لـە هەرێمی عیراقمانو وولاتە عەرەبی یەکاندا بە تایبەتی ، تائێستا کەس نازانێت کەیو لە چ وولاتێکـەوە ئـەم یاری یە داهاتووە بەلام هەموو لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سالی ۱۸۹۰دا داهاتووەو لە سالی ۱۹۰۲یشدا نـاوی لێنراوە ( تۆپی سەرمێز ) ئـەم یاری یەش درێـژە پێدانێکی یاری تۆپی ( تەنس )ە ، کـە لـە سەدەی شانزدەهەمدا لە فەرەنسا باو بووە ، سـالی ۱۹۲٦ یەکەم یەکێتی ی جیهانی بۆ ئەم یاری یە دامـەزراوە ، یەکەم خولی عەرەبی بۆ تۆپی سەرمێز لە شام لە سالی ۱۹۵۵دا گـیراوە ٠

لە ئامانجەکانی ئەم یاری یە ئەوەیە کە خەلکی فێری لێ پرسینەوەو ڕێز گرتن دەکات،تەندروستی بەدەن و ڕێك و پێکی دەبەخشێت ، کاتی بێ ئیشیمان بەم ڕابواردنە بێ وەیە دەبەینەسەرو گورج وگۆلیمان نوێ دەکاتەوەو نەخۆشی یەکانی بینینی پێ چاك دەبێتەوە ، هەروەها لەسەر کات ڕاستگرتن و جوولانەوەی خێراو بڕیاردان لەسەر هەلوێستی گونجاو و هەولدان بۆ سەرکەوتن ڕامان دەهێنێت .

ئەم یاری یە بەختیاریی بە قوتابیان دەگەیەنێت چونکە زۆربەیان لە کاتی پشوودانی قوتابخانەو لە مەلبەندی لاوان و یانەکانی وەرزشدا ئەم یاری یە دەکەن، هەندێك خێزانیش هەن لە مالەوە لەناو خۆیاندا بۆ دل خۆش کردنی کەسانی بنەمالەکەیان ئەم یاری یە دەکەن .

ئەم یاری یە بە نیزامی تاك یان جووت یاری دەکرێت ، لە نیزامی تاکیدا دوو کەس یەکێکیان لەم سەرو ئەویتریان لەو سەری مێزەکەوە بەرامبەر بە یەك یاری دەکەن بەلام لە نیزامی جووتدا دوو کەس لەم سەرو دووکەسی تر لەو سەری مێزەکەوە بەرامبەر یەکتر دەگرن و پارێزگاری دەکەن .

دەولەت بە شێوەیەکی گشتی هەموو جۆرە یاری یەکی وەرزشی هان دەدات لەوانەش یاری سەرمێز . قوتابخانەو مەلبەندەکانی لاوان و یانە وەرزشی یەکان پاداشتی بە نرخ بۆ قارەمانە سەرکەوتووەکان تەرخان دەکەن . کاتێك قارەمانەکانمان

له یاری‌یه‌کی ناو ده‌وڵه‌تان یا نێـــوان ده‌وڵه‌تـــه عه‌ره‌بی‌یه‌کان ، یان ده‌وڵه‌ته بێگانه‌کان سه‌رده‌کـه‌ون ، ده‌وڵـه‌ت دیـاری بـه نـرخیـان پـێ‌ده‌بـه‌خشـێت‌و به‌م سه‌رکه‌وتنه هه‌موو ڕۆڵه‌کانی گه‌ل دڵخۆش ده‌بن ٠

### لێکدانـه‌وه‌ی ووشه‌کان :

تۆپی سه‌رمێز : كرة المنضدة ٠

خـول : ده‌وره ٠

نیـزام : نظـام ٠

بێ‌وه‌ی : بێ‌زه‌ره‌ر ٠

### گفتوگۆو ڕاهێـان :

١ ـ یاری تۆپی سه‌رمێز چی‌یه ؟

٢ ـ سێ ئامانجی یاری تۆپی سه‌رمێز بژمێره ؟

٣ ـ ده‌وڵه‌ت چۆن هانی وه‌رزش ده‌دات ؟

٤ ـ له پۆله‌که‌تدا باسی یاری‌یه‌کی تۆپی سه‌رمێز بـــۆ هاوڕێکانت بگێڕه‌وه لـه‌و یاری‌یانـــه‌ی چـــاوت پێ‌که‌وتبوون ٠

# گەشتێکی ناو بەلەم



مامی محەمەد کە لە شاری بەسرەدا دەژیا پەیمانی بە خێزانەکەی دابوو لە پشووی هاویندا بە هۆی دەرچوونی ( ئەیمەن )ی کوڕیو (ئەسماء)ی کچی‌یەوە بە بەلەم گەشتێکیان بۆ پێکبهێنێت ، لەو کاتەدا کە محەمەد هات بۆ سەردانیان ، مامی ئەمەی بە هەلێك زانی بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە گەشتەکە بکەن . لە کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆی ئێوارەیەکدا خێزانەکەو میوانەکەیان گەیشتنە ئەو شەقامەی کە بەسەر ( شط العرب )دا دەیڕوانی ، لەوێ لە شوێنی ڕاوەستانی بەلەمەکان بەلەمێکی جوانی گەورەیان بە کرێ گرتو پاش ماوەیەکی کەم گەیشتنە ناوەڕاستی شەتەکەوە ، هەموو دڵیان خۆش بوو ، بە پەرۆشەوە ، سەیری ئەو دیمەنە

دڵرفێنه جوانانەی ( شط العرب )و دارخورما بەرزەکانی ئەم بەرو ئەوبەری ئاوەکەیان دەکردو سروەی بای ئـەو ڕۆژە فێنکەو دەنگ‌و ئاوازی گۆرانی‌و مۆسیقای خێزانە-کانی تری ناو بەلەمەکانی‌تری ناو شەتەکە کە بەلایاندا تێ‌دەپەڕین ، ئەمانیشی خستە جۆش‌و دەستیان کـرد بەووتنی گۆرانی شەعبی خۆش‌خۆش‌و کەوتنە شـادی‌و پێکەنین • محەمەدیش هەر بەم لاو ئەو لای خۆیدا ئاوڕی دەدایەوەو بە دیتنی نیگارە جوانەکانی دارخورماکـان‌و دیمەنی کەشتی‌یەکان کە هەندێکیان لەنگەریـــان خستبوو و هەندێکیشیان هاتوچۆیان دەکرد ، بەمانـە سەری سوڕمابوو ؛ دووای خواردنی ئەو نانەی کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان ، محەمەد لە مامی پرسی :

بۆ ئەم ڕووبارەی بەسرە لـە ڕووباری دیجلـەی بەغداد گەورەترە ؟

مامی : ئەم شەتە گەورەیە شەتولعەرەب ( شط العرب ) لەیەك گرتنی ئاوی ڕووباری دیجلەو ڕووبـاری فورات پێك‌دێت ، لە (قورنە)دا هەردوو ڕووبارەکە یەك‌دەگرن‌و پاش ماوەیەك دەڕژێتە کەنـداوی عەرەبی‌یەوە •

محەمەد : بۆ ناوی ئەم ڕووبارەیان ناوە شەتولعـەرەب ( شط العرب ) ؟

مامی : چونکە خاوەنی ئەم ڕووبارە هەرێمی عیراقـی عەرەبی‌یە هەروەها لە کۆنترین چاخەکانـەوە هۆزەکان‌و جووتیارانی عەرەب لەم بەرو ئـەو بەری ئەم شەتەدا ژیاون •

محەمەد : مامەگیان ، ئەی ئەم کەشتی‌یانە لە کوێوە دێنە ئێرە ؟

مامی : ئەم کەشتی‌یانە کە لە کەلوپەل بارکراون لە دەریاکانەوە ڕوو دەکەنە کەنداوی عەرەبی‌و لەوێوە دینەناو ( شط العرب )ەوە،بۆ ئەوەی بارەکانیان لە شاری بەسرەدا داگرن ، لەپاشدا بە کەلوپەلی عیراقی‌یەوە بار دەکرێنەوەو بەرەو بەندەرەکانی‌تری جیهان دەگەڕێنەوە •

محەمەد : بەڕاستی دیمەنی دارخورماکان کاریان تێ‌کردم ، چونکە لە هیچ شوێنێکی‌تردا دیمەنی وام بەچاو نەدیوە •

مامی : بەڵێ محەمەد هەرێمی بەسرە لە عیراق‌و لە جیهانیشدا بە گەورەترین هەرێمی ڕواندنی دارخورما دەژمێردرێت •

محەمەد : ئایا ئەم گەشتانەی کە بە بەلەم دەکرێن هەموو ڕۆژێك هەیە ؟

مامی : بەڵێ ، خێزانەکان بەدرێژایی هاوین‌و چەند مانگێك لە وەرزی بەهارو پایزدا ئەم گەشتانە دەکەن •

محەمەد : مامەگیان ، زۆر سوپاس بۆ ئەم گەشتەخۆشە کە هەرگیز لە بیرم‌ناچێتەوە •

ئینجا دوای دوو سەعاتێك بەلەمەکە گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی‌و خێزانەکەش گەیشتنەوە ماڵێ ، محەمەدیش بڕیاری‌دا کە گەڕایەوە بەغداد داوا لە باوکی

بکات ، ئەوانیش بە خێزانەوە گەشتێکی ناو ڕووبـار پێــکبهێنــن .

لێکدانەوەی ووشەکان :

گەشت : گەڕان

نیگـــار : دیمــەن .

دڵڕفێن : دیمەنی جوان کە دڵ رادەکێشێت .

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ خێزانەکەو میوانەکەیان لە کوێ گەشتیان کرد ؟

٢ ـ شەتولعەرەب ( شط العرب )چی‌یەو بۆ بەم ناوەوە ناسراوە ؟

٣ ـ محەمەد لە (شط العرب) چی زۆر پێ‌خۆش بوو ؟

٤ ـ باسی گەشتێکت بۆ هاوڕێکانت بگێڕەوە ؟

## مستبازه بەزیوەکە « گاڵتەو کەپ »

فەریدی مستباز بۆ ئەوەی یاریی مستبازێن بباتەوە بەگوێی ئەحمەدی هاوڕێی کـرد ، ئەوەبـوو پێـش دەست پێ‌کردنی یاری‌یەکە قژی سەری بـە جۆرێکـی سەیر تاشیو بەشی ئەسپێکی برسی خواردنی خواردو خواردنەوەی هەڵلووشی ئینجـا بـە خۆبـادانو کەش‌وفشێکەوە چووە کۆڕی مستبازێنەکەوە .

بەڵێ بۆچ وانەبێت ، ئێستا ئەو واهەست دەکـات ئەوەندە زلە بەقەد فیلێکە،کەس ناتوانێت لە جێی خۆی جمەی پێ‌بکات ، کەللەسەرێکی ڕەقی ئەوتۆی هەیـە دەتوانێت کەللەیەك بماڵێتە بەرامبەرەکەی‌و وورگێکـی زلی هەیە هەر دەڵێی دیوارە دەیکاتە قەڵغانو بـەری کۆلەمستەکانی پێ‌دەگرێتەوە .

کاتێك کاکی مستبازمان لەم بیرو ئەندێشەیـەدا دەخولایـەوە هاوڕێکـەی لێی‌پرسـی باسـێکی مستبازێنەکەی ئەو ڕۆژەمان بۆ بگێڕەوە ، چیت‌کـردو چیت بەسەرهات ؟

فەرید دەستی بەگێڕانەوەکە کردو ووتی : هەرکـە ناوبژیوانەکە فیکەی لێداو دەست‌پێ‌کردنەکەی ئاشکرا کرد هەردووکمان چووینە شـوێنی مستبازێنەکەوە ، زوو ویستم بەرامبەرەکەم چاوترسێن بکەم بە کـەللە لێدانێك بەسەرو پاڵ‌پێوەنانێك بـە وورگ‌و بـە مستەکۆلەیەکی لەپرو ناکاو دوایی بە مستبازێنەکـە بهێنم ، ئەمە ترسی خستەدڵی بـەرامبەرەکـەمەوەو

سڵەمی‌یەوە هەڵوێستی خۆپاراستن‌و کشانــــەوەی پەسەند کرد ، بەڵام پاش چەند خولانەوەو بەدەور یەکتر سووڕخواردنەوەیەکدا هەستم بە زگک ئێشەیەکـــی سەخت‌کردو تووشی‌سەرئێشەیەکی قورسیش هاتـم ، چیت لێ‌بشارمەوە ، هەموو شت سەرەوژێر بوو ، ئـەم شێرە فوو لێ‌دراوە بوو بە مەڕێکـــی ترســـنۆکـــی بێ‌دەستەڵات .

هاوڕێ‌یەکەم وتی : باشە بەرامبەرەکەت کە تۆی بـەم جۆرە بینی هەڵوێستی ئەو چۆن بوو ؟! .

وتم : ئەزانی چی‌کرد ؟ بۆی دەرکەوت من وا تێک‌چووم هەلی لەدەست خۆنەدا گەنم کوتی دامیەبـــەر مستەکۆلەو دەرفەتی لێ‌بڕیـــم ، ئەوەنـــدەی پێ‌نەچوو هاتمەوە سەرخۆم‌و خۆم گورج‌کردەوەو بڕیارمدا مستەکۆلەیەکی توندوتیژی ئەوتـــۆی تێ‌بسرەوێنم تا بتوانم بەسەریازاڵ بم و یاری‌یەکەی پێ‌ببڕمەوە .

هاوڕێکە وتی : ئایا ئەمەت کرد ؟

وتم : نەخێر ، چۆن دەتوانم !!
ڕوانیم واخوێن بە لەشمدا دێتەخواری‌و هەمـــوو گیانم لە ئارەق‌کردندا شڵپەی دێ ، شـــوێنـــی یاری‌یەکەش لە بەرچاوم خەریکە سووڕ دەخوات ، وورگیشم هەڕەشەم لێ‌دەکات واخەریکە چـــی تێ‌ئاخنێنـــراوە فڕێی‌بداتە دەرەوە .

هاوڕێکەم کەوتە قاقای پێکەنین‌و وتی : ئەی پاش ئەوە چ ڕوویـــدا ؟

ووتم : هەرچەندە لەمەترسیدا بووم بەلاَم هۆشم هاتەوە سەرم بیرم‌لیٚ‌کردەوە ووتم هـــەرچی فێـــڵو هونەرێك دەزانم پێویستە لەم ڕۆژەدا لەپێناوی سەرکەوتندا بەکاریان بهێنم تاوەکو نەبـــەزم ، هاتم کەللەسەرە زلەکەی خۆم‌کرد بە قەڵغانێـــك بۆ ئەو مستەکۆلاَنەی دەبارین بەسەرمدا ، وورگە هەڵئاوساوەکەشم کـــرد بـــە پەرژیـــن بـــۆ بەرپەرچ‌دانەوەو هێرش ، بۆ پاریزگاری کـــردن ، ئەویشت لیٚ‌ناشارمەوە گەلێك دەرفەتم لە کیـــس چوو چونکە ناوبەناو هەر خەریکی ئەوە بـــووم پشتێنەکەم توند دەکـــردو شل‌دەکردەوە نەوەکـــو مەشـــکەکـــەی زگـــم بتەقێتو کـــاری خراپتـــرم لیٚ‌بقەومێت .

هاوڕێکەم ووتی : بەڕاستی کارت پەرێشـــــان بووە ، پێم‌بلیٚ پاش-ئەوە چیت‌کرد ؟

ووتم : پاش ئەو ناهومێدی‌یە لەناکاو بووم بە دڕندەیەکی بەهەڵمەت ، ئیتر کار لەوەدانەماو گوێم‌نەدایـــە دەستووری یاری‌کردنەکەو هاتـــم لەبـــەردەم بەرامبەرەکەمو ناوبژیوانەکەو جەمـــاوەری بینەراندا نیزامی مستبازیم خستە ئـــەو لاوەو خۆم‌کرد بە گایەکی بەرەڵلا وادەهاتمـــە بەرچاو خەریکم لەگەڵ گادا شەڕەگا دەکەم نەك وام لـــە مەیدانی مستبازیدا .

هاوڕێکەم ووتی : ئایا بەم فێـــڵو تەڵەکەبازی‌یانـــەدا سەرکەوتنت بەدەست هێنا ؟

ووتم : بەڵێ ، بەڵام بەپێچەوانەوە ٠

ووتی : ئەوە تۆدەڵێیت چی ، چۆن بەپێچەوانەوە ؟

ووتم : ناچاربووم بەشکاویو بەزیوی لەو کۆڕە بکشێمەوەو لە سووچێکی شوێنی یاری یەکە ڕاوەستام بۆ ئەوەی بەزینەکەم پینەبکەم هەڵبەستێکی گاڵتەوگەپم خوێندەوە هەرچی ئازارو ماندو بوونێکم هەبوو هەمووم لە بیر چوەوە پارچە شیعرەکەش ئەمەیە :

کوا بەزیوم ؟ شێرم گورگم!
ئۆباڵ وابە ئەستۆی ورگم
ئەگەر ورگم فوونەدرایە
هیچ نەدەدۆڕام من لەکایە
دەبا ئەم جارە بێتەوە
کە ورگم دەنیشێتەوە
ئەوسا دەڵێن : کاکی خۆتان
پاڵەوانە،سەد پاڵەوان

بەرامبەرەکەمو خەڵکەکەش هەموویان بە ئێسک سووکیم تێروپڕ پێکەنین ، چۆن پیرۆزبایی یان لە سەرکەوتنی بەرامبەرەکەم دەکرد هەروەهاش چەپڵەیان بۆمنیش لێدەداو پیرۆزبایی یان لێدەکردم ، منیش بەمە تاڵیو نارەحەتی ئەو بەزینەم لە بیرچوەوە ٠

### لێکدانەوەی ووشەکان :

مستبازی : ملاکمـة

بەزیـن : شکان ، دۆڕاندن

ناهومێدی : یأس

بە گوێی کرد : بەقسەی کرد •

ئەندێشـە : خەیاڵ •

### گفتوگۆو ڕاهێنـان :

١ ـ لەبەرچی مستبازەکە لە یاریکەیدا سەرنەکەوت ؟

٢ ـ ئایا تۆ ئەم چیرۆکە بەرِوداوێکی ڕاست دەزانیت ؟ یان هەر بە گاڵتەوگەپ ؟

٣ ـ ئایا دەتوانیت شتێکی ئەوتۆی بخەیتەسەر کە لەمە خۆشترو دڵگەشتر بێـت ؟

# کولێرەیەڕ باسی خۆی دەگێڕێتەوە



کاتێك مستەفا لە کارەکەی دەگەڕایەوە ماڵێ بینی وا نەوزادی کوڕی کولێرەیەکی بەدەستەوەیە بە شەقامەکەدا دەڕوات و هەندێکی لێ دەخوات و هەندێکی تریشی فڕێ دەداتە سەر شەقامەکە هاتوچۆکەرانیش پێیان پێدادەنا ، کە ئەمەی بینی نەوزادی کوڕی بانگ کردو پێکەوە چوونە ماڵێ و لەوێ پێی ووت :

کوڕم ئەوە بۆچی لەسەر شەقامەکە نان دەخۆیت ، گوایە نازانیت ئەمە دژی ڕەوشتی ڕێگاوبانە ٠

نەوزاد : بابە من برسیم‌بوو ، هەندێك لە هاوڕێكانم دی
ئەوانیش وایان‌دەكرد .
باوك : تۆو هاوڕێكانت گەلەك بەهەلەدا چوون ، چونكە
هەمووتان ماڵەكانتان نزیكن ، بۆ ئێوە ئەوە
چاكتربوو كە لە ماڵەوە نان بخۆن .
نەوزاد : بابەگیان ، ئەم جارە لێم‌ببوورە ، ئیتر بۆ
جارێكی‌تر ئەم كردەوەیە دووبارە ناكەمەوە .
باوك : چاكە ، بەڵام هەر ئەوە نی‌یە بەلكو هەڵەیەكی
لەمە گەورەتریشت كرد .
نەوزاد : ئەو هەڵەیە چی‌بوو ؟
باوك : چاوم لێ‌بوو پارچەیەك نانت فڕێدایە
سەرشەقامەكە ئەمەش هەڵەیەكەو نابێت دوو
بارەی بكەیتەوە .
نەوزاد : ئینجا نرخی ئەو پارچە نانەی فڕێمدا چی‌یە ؟
باوك : چونكە ئەوە ( وەك ئێستا چاوت پێ‌دەكەوێت )
نرخێكی زۆر گەورەی هەیە ، ئەوە زادێكەو نابێت
بەفێڕۆ بدرێت .
نەوزاد : بابەگیان باشتر لەوەم تێ‌بگەیەنە .
باوك : ئەگەر ئەو پارچە نانەی تۆ فڕێتدا بكەوێتە
قسەكردن بەم جۆرە گلەیی لێ‌دەكردیت‌و
دەی‌ووت :
من دەنكەگەنمێك بووم ، كاكەی جوتیار لە كێڵگەدا
چاندمی ، دوای خۆش كردنی گلەكەی‌و كێڵانی زەوی‌یەكە
ئاوی‌دام‌و خزمەتی‌كردم تا سەوز بووم‌و گوڵم گرت‌و دژی
سەرماو سۆڵەی زستان‌و باوباران توانیم خۆم ڕابگرم

ئەمە لە پێناوی ژیانی خەڵکی‌تردا ، کە پێگەیشتم دووبارە کاکەی ڕەنجبەر لە دروێنەو گێرەو کێشەمدا ماندوو بوو تا لەگەڵ گوڵە گەنمەکانی‌تردا بووین بە دەنکەگەنم‌و ئێمەیان برد بۆ لای ئاشەوان‌و تووشی هاڕین بووم‌و بووم بە ئارد ، پاش ئەوە خرامەبەر دەست هەوێرشێل ئەویش ئاوی تێکەڵ کردم‌و بە هێزی بازووەکانی شێلامی‌و بە هەویریی منی دا بە دەست نانەواوە ، ئەویش کردمی بە گونکە هەویرو پانی کردمەوەو دامی بە تەنورەکەوەو برژاندمی تا بووم بەم کولێرەیەی کە تۆو هەموو ئەندامانی گەل دەیخۆن • بەم چەشنە ئەی نەوزاد بۆت‌دەرکەوت من بەری ماندوێتی جوتیارو هەوێرشێل‌و نانەوام ، هەروەهاش بەری ئەو تێکۆشانەی دەوڵەتم کە بوو بە هۆی چاك‌کردنی تۆو زەوی‌و شتنەوەی‌و ڕزگارکردنی لە خوێی کوشندەو دابەش‌کردنی پەیین بەسەر جوتیاراندا بۆ بەهێز کردنی قەدو باڵاو زۆرکردنی بەرەکەم‌و بۆ پاراستنی کێڵگەکەم لەنەخۆشی‌ی‌ڕووەك‌و هەڵکەندنی نۆکەندی ئاو بۆ گەشەکردنم •

نەوزاد دەبێت تۆ ئەوەش بزانیت من یەکێکم لەسەرچاوە گرنگەکانی سامانی نیشتمانی‌و دەبمە پاروە نانی گەل ، لەبەر ئەوە قەت نابێت تۆ لەسەر ڕێگاوبان فڕێم بدەیت •

کاتێك کولێرە نانەکە لە گفتوگۆکەی بوەوە ئەحمەد لە کردەوەکەی خۆی گەلەك شەرمەزاربوو و زۆر سوپاسی باوکی کرد بۆ ئەو ئامۆژگاری‌یە بەنرخانەی‌و

چیرۆکی کولێرەکەی لە قوتابخانە بۆ هاوڕێکانی گێڕایەوە .

لێکدانەوەی ووشەکان :

هەڵە : چەوتی .

گەلەك : زۆر .

دژ : پێچەوانە .

چاندن : ڕوواندن .

کوشندە : دەبێتە هۆی مردن .

گفتوگۆ ڕاهێنان :

١ ـ بۆچی باوکی نەوزاد لە کوڕەکەی تووڕەبوو کە چاوی پێ کەوت لەسەرە ڕێگا نان دەخوات ؟

٢ ـ جووتیار لە ئامادەکردنی کولێرەیەکدا چ دەورێکی هەیە ؟

٣ ـ دەوڵەت لە کشتوکاڵدا چۆن یارمەتی جوتیاران دەدات ؟

٤ ـ ئایا چیرۆکی ئەم کولێرەیەت بەدڵ بوو ؟ کەوابوو بۆمانی بگێڕەوە .

# پەموو باسی خۆی دەگێڕێتەوە



بەیانی بوو ، خۆرهەتاو بەرز ببوەوەو ڕۆژەکەش خۆش بوو ، وەك هەموو دەروبەر داوای ئەوە بکات کە بچێت بۆ گەشتی کێلگەو باخو بێستانەکان وەهابوو ، نازداریش بڕیاری ئەوەی دابوو لەگەڵ باوکیدا بچێت بۆ ناو کێڵگەکە ، باوکیشی ئەمەی پێخۆش‌بوو ، لەگەڵ خۆیا بردی ، لە کاتی گەڕانەکەیدا نازدار لای دار لۆکەیەك ڕاوەستا ، سەیری کرد گەڵای سەوزی جوانی پێوەیەو گوڵێکی سپی دەم کراوەی گرتووە ، لە دڵی خۆیدا ووتی :

بەڕاستی ئەمە درەختێکی دڵڕفێنی جوانە ، ڕووی کردە دارەکەو ئەم ووتووێژەی لەگەڵدا کردو ووتی : ئەی دار پەموو باسی خۆتم بۆ بگێڕەوە .

دارپەمووش وەڵامی دایەوەو ووتی من درەختێکم لەناو دارەکاندا شانازی بەخۆمەوە دەکەمو لەناو هاوڕێکانمدا پلەیەکی باڵام هەیە چونکە سوودم بۆ جوتیاران‌و بۆ وولاتەکەم هەیە ، چنراوەکەم لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووەو دەوڵەتەکان لەناو خۆیاندا بۆ دەستکەوتنی من دەست پێش کەری دەکەن‌و پارەیەکی زۆریشی پێ‌دەدەن .

نازدار : بێجگە ـ لەم شوێنە ـ لە چ هەرێمێکی تر لە هەرێمەکانی وولاتماندا. تۆ دەچێنرێیت .

دار پەموو : لە هەرێمی دەشتایی‌یەکانی خوارووی وولاتماندا من دەچێنرێم بە تایبەتی لە پارێزگاکانی واسیت‌و بەغداددا

نازدار : دارپەموو ، بۆم‌بگێڕەوە ئیتر چ کەڵکێکت هەیەو بۆچی دەوڵەتەکان ئەوەندە بایەخیان بە تۆ داوە .

دارپەموو : وەکو بۆم‌گێڕایتەوە پارەیەکی زۆر دەست وولاتەکەم دەخەم‌و جووتیارەکان کەلکم لێ‌وەردەگرن ، لە جیهاندا فرە ناوبانگم بلاوە چونکە لەگەڵ بەروبوومەکانی تردا جیاوازیم ئەوەیە کە من ریشاڵێکی نەرمی درێژی توندم هەیە کە دەوڵەتەکان دەستپێشکەری دەکەن بۆ

دەستخستنی من‌و پارەیەکی زۆر دەدەن بەو کەسانەی دەم‌ڕوێنن‌و بەخێوم دەکەن ٠

نازدار : ئەی دارپەموو ، ئایا تۆ هەمیشە بەختیاریت یاخود تۆش وەك درەختەکانی‌تر تووشی چەند ئافەتێك‌و نەخۆشی‌یەك دەبێت ؟

دارپەموو : بەڵێ ، من بە بەختیاریی دەژیم ئەگەر تووشی کرمی لۆکە نەبم ٠

نازدار : ئایا ئەم کرمی لۆکەیە چی‌یە ؟ لە چی دەچێت‌و چۆن کارت تێ‌دەکات‌و چۆن چۆنیش دەتوانیت لێی‌رزگار ببیت ؟

دارپەموو : کرمەکەم لە کرمی ئاوریشم دەچێت‌و جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە چونکە کرمەکە دەم‌فەوتێنێت‌و بەرەکەشم ووشك دەکاتەوە ، ئەگەر هاتوو تووشی بووم ئەوا هەرچی دانیشتوانی گوندەکە هەیە بە خاووخێزانیانەوەو بە پیاو و ئافرەتانیانەوەو بە گەورەو بچووکیانەوە بۆ لەناوبردن‌و فەوتاندنی ڕادەپەڕن‌و بۆ کوشتنی هەموو جۆرە دەرمانێك بەکاردەهێنن ٠

نازدار : ئایا بەم شێوەیە بەسەر کرمەکەو نەخۆشی‌یەکەیدا زاڵ دەبن‌و تۆیش لە زەرەروزیانی رزگار دەبیت ؟

دارپەموو : بەڵێ ، دەفەوتێنرێت ، چونکە خەڵکەکە هەموو دەست دەکەنە لەناوبردنی ، ئەگەر هاتوو

من جارێ ساوابم ئەوا بەدەست کرمەکەم
لێدەکەنەوەو دەیکوژن ، ئەگەر گەورەش بم
بەدەرمان لەناوی دەبەن .

نازدار : ئایا لە وولاتەکەماندا کارگەی ئەوتۆمان هەیە
کە کەڵك لەبەروبومی لۆکە وەربگرێت ؟

دارپەموو : بەڵێ ، لە وولاتەکەماندا گەلەك کارگەی
گەورەو بچووك هەیە هەندێکیان بۆ
شی کردنەوەو هەندێکی تریان بۆ ڕستن و
هەندێکیشیان بۆ چنین ، هەروەها
کارگەی تریشمان هەیە کە لە تۆوەکەی ڕۆنی
ڕووەکی دەردەهێنن .

**بە دەستکاریەوە لە کتێبی :**
**خوێندنەوەو لەبەرکردن وەرگیراوە**

## لێکدانەوەی ووشەکان :

دارپەموو : ڕووەکی لۆکە .
کرمی لۆکە : نەخۆشی لۆکە .
کەڵك : سوود .
درەخت : دار .
قەلاچۆ : فەوتاندن .

## گفتوگۆو راهێنان :

١ ـ کرمی لۆکە بەچی قەلاچۆ دەکرێت ؟
٢ ـ بۆ دارپەموو شانازی بەخۆیەوە دەکات و ؟ دارپەموو
لە کوێی وولاتماندا دەچێنرێت ؟
٣ ـ پێنج دێر لەسەر لۆکە بنووسە .

# ئۆتۆمۆبیلێکی نوێ لە کارگەکانی ئەسکەندەری یەوە دەردەچێت



باوکی خالید لە کارگەی ئۆتۆمۆبیلی ئەسکەندەری یەدا ئەندازیاری میکانیکی بوو ، خالید دەستی بۆ مەکینەیەکی جووت‌کردن ڕاکێشا کە لە حەوشەی کارگەکەدا وەستابوو ، لە باوکی پرسی بابە ، ئەم مەکینەیە چۆن دروست دەکرێت ؟

باوکی وەڵامی دایەوەو ووتی : ڕۆڵەم ئەو مەکینەیەو ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەیانبینی لەپێشدا بریتی بوون لە چەند پارچەیەکی جیاجیا کە لە ئاسن‌و کانزا دروست کراون لە

دو ییدا ئەوانە هێنران لە کارگەکەدا کۆکرانـــەوەو گەێك پلەیان بەسەردا تێپەڕی تا وەهایان لێهات کـە دەیان بینیت .

کوڕەکە پرسی : ئایا ئەم هەموو ئۆتۆمۆبێلو مەکینـەی جووت‌کردنانە لەم کارگەیەدا دروست دەکرێن ؟

باوك وتی : پارچە بنەڕەتی‌یەکانیـان لــە دەرەوەی وولاتەوە دەهێنرێن ، ئینجا بە ئامێرو دەزگاکانی ناو کارگەکەو بەدەستی کرێکارانەوە ئەو پارچانە دەبڕێنو لێك دەدرێنو دەخرێنـــە سەریـەکو ناویەکەوەو هەربەشەی لەشوێنی تایبەتـی خۆی دادەنرێت ، پاش ئەم کردەوە پێشەکی‌یانـــە بەیکەرە گشتی‌یەکەی ئۆتۆمۆبیلەکەی لەســـەر چەسپ دەکرێت کە ئەمەیان هەموو پارچەکانـــی بە دەستی عیراقی‌یەکان دروست دەکرێت .

پاشان کوڕەکە داوای لە باوکی کرد بەدرێژی باسی چۆنێتی دروست‌کردنی مەکینەی جووت‌کردنی بـــۆ بگێڕێتەوە و بۆچی بەکاری دەهێنن ؟

باوك وتی : ئەو مەکینەیە مەکینەی جـــووت‌کردنی عەنتەرە زەوی پێدەکێلرێتو بۆ پێش‌خستـــنو گەشەپێدانی گوندەکانمان زۆر بەکەڵکەو لـــە کشتوکاڵدا ڕەنجێکی زۆرو ئەرکێکی باش لـــە جووتیار کەم دەکاتەوەو ، هەروەها ئەم کارگەیە ئامادەیە بـۆ چاككـــردنی ئـــەو مەکینـــە

جووت‌كردنانه‌ی كه‌ په‌كیان كه‌وتووه‌و ئامێـــری یـه‌ده‌ك ئـامـاده‌ ده‌كــات بـۆ ئـه‌مـه‌و ئـه‌و ئۆتۆمۆبیلانه‌ی كه‌ دروستی ده‌كات ٠

كوڕه‌كه‌ پرسی‌یه‌وه‌ : ئه‌ی ئه‌م مه‌كینه‌ی جووت‌كردنـــه‌ چۆن دروست ده‌كرێت‌و له‌ دروست‌كردنیدا به‌ چ قۆناخێكدا تێده‌په‌ڕێت ؟

باوك ووتی : خالید وه‌ره‌ له‌گه‌ڵم پێكه‌وه‌ بڕۆین تا هه‌ندێك له‌و قۆناخانه‌ت پیشان‌بده‌م كــه‌ مه‌كینـــه‌ی جووت‌كردنی پێدا تێده‌په‌ڕێت ، ئه‌مه‌ كـــووره‌ی تواندنه‌وه‌ی كانزا دارِشته‌كانه‌ كه‌ پــــه‌ڕه‌ی جیاجیای لێ‌دروست‌ده‌كه‌ن‌و پاش كۆكردنـه‌وه‌ی ده‌بێته‌ په‌یكه‌ری مه‌كینه‌كه‌ ، بڕوانه‌ ئه‌م كانـزایه‌ چۆن ده‌توێنرێته‌وه‌و ده‌بێتـه‌ شلێـكی گــــڕدارو ده‌ڕژێنرێته‌ ناو قاڵبی جیاجیاوه‌ كه‌ سارد بووه‌وه‌ شێوه‌ی ئه‌و شته‌ پێویستی‌یه‌ وه‌رده‌گرێت ، بڕوانه‌ چۆن كرێكاران به‌ ژن‌و پیاوه‌وه‌ خه‌ریـــك به‌ستن‌و لێكدانی به‌شه‌ دروست كراوه‌كـانن تـا ببێته‌ به‌شی پێشه‌وه‌ی مه‌كینه‌ی جووت‌كردنه‌كه‌ ٠ ئاوڕبده‌ره‌وه‌ بزانه‌ چۆن له‌و شوێنه‌دا بزمـــار دروست ده‌كرێت‌و به‌ ئامێرێك له‌ به‌كره‌یه‌كــی گه‌وره‌وه‌ ده‌بڕێت‌و ده‌كرێته‌ ته‌ل ٠

له‌و كاته‌دا كه‌ په‌یكـه‌ری گشـــتی مه‌كینـــه‌ی جووت‌كردنه‌كه‌ له‌ به‌شی دارِشتندا ته‌واو ده‌بێـــت كارزانه‌كان خه‌ریكی ئه‌وه‌ ده‌بن مه‌كینه‌كه‌ی ببه‌ستـن ، جا كه‌ مه‌كینه‌كه‌ شێوه‌ی خۆی وه‌رگرت په‌یكه‌رو تایه‌كانی

هەموو لێك دەخرێن، تێك دەچەسپێنرێن ، پێش ئــەوەی مەکینەکە بخرێتە بازاڕەوە هونەر زانەکانی بەشـــی چاودێری کردن بە ووردی دەیپشکنن و تاقی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ بۆ کارکردن ئامادەیە ·

دوایی کوڕەکە پرسی : بابە ، ئایا ئەم کارگەیە سەربە چ هاوبەشی یەکە لە هاوبەشی یە عیراقی یەکانمان ؟

باوك ووتی : ئەم کارگەیە سەر بە هاوبەشـــی ی پیشەسازی میکانیکی یە کە بریتی یە لە بەشێکی گەورەی پیشەسازیمان ، کارکـــردنی ئـــەم کارگەیەش یەکێکە لەو تاقی کردنەوە نوێ یانەی کە شۆڕش دەیخاتەســـەر تاقی کردنـــەوە داهێنەرەکانی و پێشکەشی جەماوەری جووتیاران و هەموو کرێکارانی هەرێمی عیراقی دەکات ·

خالید دەربارەی ئەم زانیاری یانە زۆر سوپاســـی باوکی کرد و داوای سەرکەوتنی کرد بۆ هەموو ئەوانەی لەم کارگەیەدا کار دەکەن لەژێر سێبەری حکومەتـــە بەرزەکەمان حکومەتی شۆڕشی حەڤدەی تەمموز کـــە هەرچی لە تواناداهەیە کاردەکات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی هەرێمی خۆشەویستمان و دەستخستنی خۆشی و بەختیاری بۆ ڕۆلە دلسۆزەکانمان ·

لێکدانەوەی ووشەکان :

کانزا : مەعدەن ·

کانزا داڕشتەکان : السبائك المعدنية ·

یەدەك : احتياط ·

پەیکەر : هیکل •

هاوبەشی : شەریکە •

چەسپ دەکرێت : دەبەسترێت •

کارزانەکان : المختصون •

هونەرزانەکان : الفنیون •

گفتوگۆو ڕاهێنان :

١ ـ ئەو کارە بنەڕەتیانە چین کە کارگە بۆ دروست کردنی مەکینەی جوت‌کردن‌و ئۆتۆمۆبیلەکان جێبەجێی دەکات ؟

٢ ـ چۆن کانزا وەیان ئاسن بۆ پەڕە پارچەی وورد وورد دەگۆڕێت‌و لە کوێ ؟

٣ ـ کەی مەکینەی جووت دەپشکێنرێت‌و بۆچی ؟ وە کەی ئەم کارە دەکرێت ؟

- ئافرەتی خوێندەوار، نەوەیەکی خوێندەوار پێ دەگەیەنێ •
- لەناو بردنی نەخوێندەواری هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی نوێ •
- زانست ڕووناکی‌یە ، نەخوێندەواری تاریکی‌یە •
- بەشداری کردن لە لەناوبردنی نەخوێندەواری شەرەفو ئەرکێکی نیشتمانی‌یە •

# نـــاوەرۆك

لاپەڕە


٣ پێشەکی .
٥ چاکەکردن لەگەڵ باوکو دایکدا .
٧ ڕەوشتی سەر لێکتردان .
١٠ بەزەیی‌هاتن بەگیان لەبەردا .
١٤ هاریکاری .
١٧ گەڕانەوە بۆ قوتابخانە .
٢٠ نیشتمانم ( هەڵبەست ) .
٢٣ کتێـــب .
٢٧ ژیانی جووتیارێــك .
٣١ وەرزی میوەڕنین .
٣٦ ڕەوکردنی باڵندەکان .
٤٠ دارخـورما .
٤٣ گەیشتن بە سەرکەوتـن (هەڵبەست)
٤٥ شۆڕشەکەی ساڵی بیست .
٥٠ شۆڕشی ١٧ی تەمموز .
٥٢ خۆماڵی کردنی نەوت .
٥٦ خۆبەخت‌کەر .
٦٠ پاکـــژی .
٦٣ خۆرەیەك خەفەتی خۆی . دەگێڕێتەوە .
٦٨ شیرینی فرۆشێکی گەڕۆك .
٧٢ نەخۆشخانەی گونـد .
٧٧ چیرۆکی دۆزینەوەی ووردەبین .
٨١ چوونە سەرمانگ .
٨٤ زانایەکی عەرەب (جاحظ) .
٨٨ سەردەمی عیلم (هەڵبەست) .
٩١ میوانێك لەکەنداوی عەرەبەوە .
٩٦ یەکێتی‌ی عەرەب .
٩٩ شەڕە مەزنەکەی تشرین .


لاپەڕە


١٠٣ وەفاداری عەرەب .
١٠٧ چیرۆکی «مەلەوانە درۆزنەکە»
١١١ ڕەوشتی ڕێگاوبان
١١٥ لافاوی ڕووباری دیجلە
١٢٠ سەردان لەکێڵگەیەکی هەرەوەزی
١٢٥ پوورەی هەنگ .
١٢٩ باخی گشتی .
١٣٢ بەخشندەیی عەرەب .
١٣٤ زستان (هەڵبەست) .
١٣٦ پەڵە هەورێك لە خۆی دەدوێت .
١٤٠ دایك .
١٤٣ داپـیرە .
١٤٧ منداڵێك چیرۆکێك لەخێزانەکەوە دەگێڕێتەوە .
١٥٢ بەغـداد .
١٥٧ پۆلیسی فریاکەوتـن .
١٦١ هەولێـر (ئەربیل) .
١٦٥ پاسەوانانی سنوور .
١٦٨ بەسرە .
١٧٤ بەلەمی تۆربیدار .
١٧٩ یاری تۆپ تۆپـێن
١٨٣ تۆپـی سەرمێز .
١٨٦ گەشتێکی ناو بەلەم .
١٩٠ مستبازە بەزیوەکە .
١٩٥ کولێرەیەك باسی خۆی دەگێڕێتەوە
١٩٩ پەموو باسی خۆی دەگێڕێتەوە .
٢٠٣ ئۆتۆمۆبیلێکی نوێ لەکارگەکانـی ئەسکەندەرییەوە دەردەچێت .
٢٠٨ نـــاوەرۆك .

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد (٤١٤) لسنة ١٩٨٤

نرخی (٣٨٥) فلسه

چاپی (الطبعة) ١٠
سالی ١٩٨٩ ز ـ ١٤٠٩ ك

مديرية مطبعة وزارة التربية رقم ٢ , اربيل ٥٠٠٠٠ نسخة